لە بـــــارەی ئیکۆفەمـنیـــــزم: هـاڤپـێـچین لـگـەڵ ماریـا میـس … جـەریس لـڤرینک

لە ئینگلیزییـەوە: نـەبـز سـەمـد….

ماریا میس (Maria Mies) لـکـۆلـیار و چالاکوانـکی فـەمـنیستـە، ئـەو بـە تـیـۆریـیـەکـەی لـەبـارەی پیاوسالاریی سـەرمایـەداری ناسراوە. ئـەم تـیـۆریـیـە ژن و سروشت وەک کـۆلـۆنی (داگیرکراو)ی هـەردوو سیستـەمی پیاوسالاری و سـەرمایـەداری دەبینـێت. ماریا میس پـشـتـیـوانـیـی سـیـاسـیـی لـە زانـکـۆی کـۆلـن بـە زانسـتـە پـراکـتـیـکـیـیـەکـان، بـەشـام لـە سـاڵـی ۱۹۹۳ەوە لـە وانـەوتـنـەوە خـانـەنـیشن کـراوە. لـە کـۆتـایی سـاڵـانـی ۱۹۶۰کـانـەوە بـەشـداری چـالاکـیـیـە فـەمـنیسـتـیـیـەکـانی کـردووە. پـێـش ئـەوەی لـگـەڵ ڤـانـدانا شیڤـا (Vandana Shiva) بـەیـاربـەدەن پـەکـەوە کـتـێـبی ئیکۆفـەمـنیزم بنووسن، ماریا پـێشتر کـتـێـبی باوکسالاری و کـۆکـردنـەوە لـسـەر ئاستی جیهانی نووسیبوو، کـە سـاڵـی ۱۹۸۶ لـە لایـەن دەزگای زەد بـوکس (Zed Books)ەوە بـڵـاوکـراوەتـەوە. ماریـا ئـەم کـتـێـبـەی داوە بـە ڤاندانا کاتـێک سـاڵـی ۱۹۹۰ یـەکـتـریان بـینـیـوە، دوای ئـەوە بـە یـەکـەم جار ساڵی ۱۹۹۳ کـتـێـبی ئیکۆفـەمـنیزم بـڵـاودەبـێـتـەوە.

جـەریس: من پـەم وایـە ئایدیای کـۆکی لـە ئیکۆفـەمـنیزمدا، بـریتـیـیـە لـەوەی کـە زاڵـبـوونی پیاو بـەسـەر سروشتدا هاوتـەریـبـە لـگـەڵ زاڵـبـوونی پیاو بـەسـەر ژندا. لـەبـەرئـەوە خـەباتی فـەمـنیستی و خـەباتی ئیکـۆلـۆژی (ژینـگـەناسی) لـە بـنـەڕەتـەوە پـێـوەستن بـە یـەکـەوە. بـە ئـەو خـوێـنـەرانـەی لـگـەڵ کـۆنسـێپتی ئیکۆفـەمـینیزم ئاشنانین، دەتوانی کورتـەیـەک لـەبـارەی ئیکۆفـەمـنیزم و ئایدیا کـۆکـیـیـەکانی باس بکـەیت و هـەروەها ڕوونی بکـەیتـەوە بـۆچی ئیکۆفـەمـنیزم بـە تـە سـەرنجـڕاکـێشە؟

ماریا میس: تـێگـەیشتن لـەوەی کـە زاڵـبـوونی پیاو بـەسـەر سروشت لـگـەڵ زاڵـبـوونی پیاو بـەسـەر ژندا هاوتـەریـبـە، ئـەو کاتـە بـە من ئاشکرا بوو کـە سـەرەتا دەستم کرد بـەم پرسیارە: ‘بـنـەڕەتی کـەمـایـەتی پـێـوەندی هـەیـە نـێوان ژنان و پیاوان چیـیـە و لـە کـوێـوە سـەرچاوەی گرتووە؟’ مـن وەک زۆر لـە فـەمـنیسـتـەکانی دیکـە لـە سـاڵـانـی ۱۹۸۰کانـدا ڕازی نـەبـووم بـە وەڵـامی وەک ئـەمانە: ‘پیاوان لـە ڕووی فیزیکیـیـەوە لـە ژنـان بـەهـێـزترن، لـەبـەرئـەوە دەبـەنـگـی ژنـان لـە لایـەن پـیـاوانـەوە

بپارێزرێن' یان 'ژنان لەبار ئاوەی منداڵ دەخنەوە، بەڵێ زۆر زیاتر بە ماڵەوە پێوەستن، یان پیاوان لە ژنان زیرەکترن'. تەنانەت سیگمەند فرۆید جیاوازی نێوان ژن و پیاو لە رگەی وتەبەناوبانگەکەیەوە روون دەکاتەوە کە دەڵێ: "توخکاریی جێستە چارەنووسە".

زۆرینەی فەمینیستەکان ئەم بایەلۆژیزمە رەت دەکەنەوە. من هاوڕام دا وەڵامێک بە پرسیارەکەمان بدەزمەوە لە رگەی لێکۆڵینەوە لە مێژووی دابەشکردنی ئیش لەسەر بنەمای سێکس (زایەند). لە کاتی لێکۆڵینەوە لەم پرسیارە، ئاوڕم بە دەرکەوت ئیشکردنی ژنان بە نموونە ژن کاتێک منداڵێکی دەبێت وەکو ئیش دانانرێت بەڵکو وەکو ئەرکێکی سروشتی جێستەی مرۆیەتی ئاو یان وەک کردارێکی سروشتی دادەنرێت. ئەمە واتای ئاوەیە کە پرۆسەی منداڵبوون بەبێ هیچ ئاگاییەک و بەبێ هیچ زانینێکی پێشوەخت لەبارەی ئیشکە ووددات- زانینێک کە لە سەرتاوە لە دەستی "ژنە داناکان"دا، واتا لە دەستی مامانەکاندا بوو. لە ئینگلیزیدا ئاو ئازارەی کە لە لەدایکبووندا هەیە تاکو ئێستاش پێی دەوترێ ئیش، لە ئەمانیدا پێی دەڵێن ئازار.
لەرەدا پێشتر ئەمە تێگەیشتنی بایەلۆژیمان بە ئیشی هەردوو ژن و سروشت هەیە. بەگوێرەی ئەم تێگەیشتنە بەرهەمهێنانی ژیان شتێکی زگماکییە. 'توخمی ئاستەقینەی مرۆڤ' کە بریتییە لە ئاگایی، ئامادەیی نییە لە دروستکردنی ژیاندا. ئەم تێگەیشتنە هەر لە سەرەتاوە، پێوەندی زاڵبوونی پیاو بەسەر ژن و سروشتدا لێخ دەگرێت.
نزیکەی لە هەمان کاتدا، فەمینیستەکان دەستیان کرد بە پرسیارکردن داخۆ بۆچی ئیشی ژنان لە ماڵەکانیاندا، وەک: چێشت لێنان، پاککردنەوە، شوشتنی جلوبەرگ، بەخێوکردن و چاودێریکردنی منداڵان، ئاگالێبوونیان کاتێک نەخۆش دەکەون، خزمەتکردنی هاوسەرەکانیان کاتێک لە ئیش دەگەڕێنەوە ماڵەوە، بەکورتی: سەرجەم ئیشکانی ناوماڵ کە ژن دەیان کات، بۆچی وەک ئیش ژمارەیان بە ناکرێت؟ بۆچی ئەم ئیشانە هیچ کرێیەکیان بە دانانرێت؟ بۆچی تەنیا ژنانی ماڵەوە کاتێک دەچنە تەمەنەوە خانەنیشین ناکرێن و مووچەی خانەنیشنیان بە نابەدرێتەوە؟
هەندێک لە ئەمە دەستمان کرد بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی مارکس بە دەزینەوەی تێگەیشتنی ئاو بە ئیش چی بووە. ئەمە فڕبووین بە مارکس، جیاوازی سەرەکی نێوان ئیشی ژنێکی ماڵەوە لەگەڵ کرێکارێکی کارگە ئاوە بوو: ئیشی پیاوی کرێکار شتومەک بە بازاڕ بەرهەم دەهێنێ، بریتی بوو لە ئیشێکی 'بەرهەمهێنەر'، لە کاتێکدا ئیشی ژنی

ماڵەوە و دایک تەنیا بریتییە لە ‘زایاندن’ (دووبارە بەرهەمهێنانەوە). مارکس لە ئیشی ‘زایاندن’ی ژن وەها تێگەیشت بوو کە پەیوستە بە ‘بەرهەمهێنانەوە’ی هێزی ئیشی پیاوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و نەوە لە دوای نەوە. بەڵام مارکس لەوە تێنەگەیشت بوو کە سەرمایەدارەکان تەنیا کرێکارە پیاوەکان ناچەوسێننەوە و هێز و وزەکانیان بەکارناهێنن، بەڵکو هەروەها ژنانی ماڵەوەش کە ئیشەکانیان هیچ کرێیەکی نییە دەچەوسێننەوە و هێز و وزەکانیان بە سوودی خۆیان بەکاردەهێنن. مارکس هەروەها لەوەش تێنەگەیشتبوو کە ئەو قازانجەی سەرمایەدارەکان بەدەستی دەهێنن بەشێکی گەورەی لەسەر بنەمای ئەم ‘ئیشە بەکرێیە’ی ژنان بەدیدەهێنن. بە سەرمایەداری ئیشی ژنان لە ماڵەوە بە هەمان شێوەی ئیشی سروشتە کە بریتییە لە ‘کرێسێیەکی بەخۆایی’.

من و دوو هاوڕێی دیکەم ڤێرۆنیکا بێنهەلت تەمسن و کلاودیا وێرلڕف بە ماوەیەک لە ‘جیهانی سێیەم’دا ژیاوین. کاتێک ئەمە گفتوگۆ و دانوستانی ڕێکەوتی ئیشی ماڵەوە و سروشتمان دەکرد لەژێر دەستی سیستەمی سەرمایەداریدا ئەمە ئەوەمان بە دڵنیاوە کە کۆلۆنیالیزمی ئەوروپییەوە داگیرکراون بە هەمان شێوەی سروشت و ژن مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، واتا وەک ”کرێسێیەکی خاوی بەخۆایی“ کە دەتوانرێ لە لایەن پیاوی سپییەوە بەبێ هیچ تێچوویەک بەکاربهێنرێت و بچەوسێندرێتەوە.
جەریس: تێگەیشتنی ئیکۆفەمینیزم بە کۆمەڵگەی ئایدیالی چییە، هەروەها لە چ ڕێگەیەکەوە تیەردانەژێرە ئیکۆفەمینیستەکان هەوڵ بە بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە دەدەن؟ هەر لەم کۆنتێکستەدا، دەتوانی زاراوەی ”ڕوانگەی خۆژیانی“ (subsistence perspective) زیاتر ڕوون بکەیتەوە؟
ماریا میس: کاتێک ئەمە بە دوای ئەلتێرناتیڤێکدا دەگەڕێین بە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی باوکسالاری هەبوو، ئەمە بەمە دەڵێین ”ڕوانگەی خۆژیانی“ (بەپێی پەیوستی). ئەمە لە بارەی کۆمەڵگەی ئایدیالییەوە قسە ناکەین، چونکە خۆژیانی ‘ئایدیال’ نییە، بەڵکو زۆرووریە. زۆر خۆشک ئەم زاروەیە ڕەخنە دەگرن. ئەوان دەڵێن: ”ئایا ئەمە واتای ئەوە نییە کە جارێکی دیکە بە سەدەکانی ناوەڕاست بگەڕێینەوە؟ ئایا پەیوستە جارێکی دیکە ئەمە ببینەوە بە جووتیاری بچوک؟ ئایا ئەمە دەبێت جارێکی دیکە بە پەیداکردنی بژێوی ژیانمان داس و پاچ بەکاربهێنینەوە؟“ زۆر خۆشک پێیان وایە کە بەرهەمهێنان بەپێی پەیوستی و خۆژیانی شتێکی مەحاڵە چونکە تەکنەلۆژیای مۆدێرن توانستی ژیانێکی باشتری بە ئەمە داوە. هەروەها ئەوان پێیان وایە

گۆڕکردن و زەربوونی ژمارەی دانیشتوان فشاری خستۆتە سەر جیهان کە گۆڕە بۆ تەکنەلۆژیای زیاتر بدات بۆ بەخێوکردن و خۆراک پەیداکردن بۆ گۆڕکردنی ئەو ژمارە زۆرەی دانیشتوان. ئەوان پێیان وایە کە روانگەی خۆژئاوایی ئەمە وەک خۆنەکی مانسی نووسراوە، لەم جیهانەدا نەشیاوی جێبەجێکردنە.

لەم کتێبەدا، سەرەتا ئەوەم ناساندووە کە چی لە بارەمەتانی خۆژئاوایی تێگەیشتووم:
بارەمەهتانی خۆژئاوایی یان بارەمەهتانی ژیان هەموو ئەو ئیشانەی لەخۆ دەگرێت کە لانیکەم ئافراندن، دووبارە ئافراندنەوە و نۆژەنکردنەوەی خۆرای ژیان فراوانکراوە، هیچ مەبەست و ئامانجێکی دیکەی نییە. بارەمەهتانی خۆژئاوایی بارانبار بارەمەهتانی شتوومەک و زێدە بەهای بارەمەهتان دەوەستێتەوە. ئامانجی بارەمەهتانی خۆژئاوایی بریتییە لە ‘ژیان’، لە کاتێکدا ئامانجی بارەمەهتانی شتوومەک بریتییە لە ‘پارە’، کە دەبێت پارەی زیاتر بارەمبەهێنێت یان سەرمایەکە بکاتەوە. بە ئەم جۆرەی بارەمەهتان ژیان تەنیا کاریگەرییەکی لاوەکییە. ئەمە شتێکی ئاساییە کە سیستەمی پیشەسازیی سەرمایەداری ئای بگەیەنێت هەموو شتێک کە ئەم سیستەمە دەیەوێت بەخۆایی بەکاریبهێنێت ئەوا دەبێتە بەشێک لە سروشت.

بەڵام ئەمە بە ژمارەیەک نموونە لە سەرانسەری جیهان پیشانماندا کە خێرا پشتر دەستیان کردووە بە بەکخستنی ژیانی خەیان بگۆڕەی پرەنسیپەکانی بەپێی پێویستی، بە نموونە بارەمەهتان تەنیا ئەوەندە کە پێویستە؛ دروستکردنی کەمەنەی تازە، بارەمەهتان و بەکارهێنانی ئەو شتانەی کە لە ناوخە و لە ناوچەکەدا شیاو و پێویستن، بە دوورکەوتنەوە لە گواستنەوەی خۆراک لە ناوچە دوورەکانەوە و هێرۆهـا ئەو کارەسە پێویستانەی کە زەروورن بە ژیانی بەژانمان؛ چاودێریکردن، پاراستنی سروشت، لە بیرمان بێت نەوەکانی داهاتووش کارەسە و سەرچاوەی تەواویان لەبەردەستدا بێت بە ژیانکردن.
لە ئەمەدا هەموو جیهان بەتایبەتی ئەوروپای باشور لە قەیرانی ئابووریدایە. لە یۆنان، ئیسپانیا، پورتوگال و ئیتاڵیا بەژێی بێکاری گەنجان گەیشتۆتە لە ٢٥%. دەوڵەت لە پێگەیەکدا نییە بتوانێت ئیش دابین بکات یان یارمەتی بێکاران بدات. لەم دۆخەدا ‘گەنجانەوە بە بارەمەهتانی خۆژئاوایی’ هیچی دیکە کارێکی نەستالۆژی نییە بەکەو زەروورە. زۆر لە گەنجان دەگەڕێنەوە بە کەگەکانی باوانیان لە گوندەکان یان جۆرێک لە بارەمەهتانی خۆژئاوایی لەناو

شارەکاندا دروست دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن بمێننەوە.
لەجیاتی کۆمەڵگەی ئایدیالی من زاراوەی ژیانی باش بەکاردەهێنم بۆ ووتنکردنەوەی ئەوەی کە مەبەستم لە بەرهەمهێنانی خۆشی چییە. هەروەها من لەبارەی کۆمەڵگەی بەختەوەرەوە قسە ناکەم، وەک ئەوەی کە پاشا بوتان (king of Bhutan) وەک ئامانجی سیاسی خۆی ڕایگەیاند بوو. بە پەوانکردنی پلەی بەختەوەری خەڵکەکەی، ئەو ئیندیکسێکی بۆ گەشەکردنی بەختەوەری نیشتیمانی دروست کرد بوو.

ژیانی باش واتای ئەوە ناگەیەنێت ئەمە هەمیشە بەختەوەر بین. بە ووتنکردنەوەی ئەوەی من مەبەستمە لە ژیانی باش و بەرهەمهێنانی خۆشی دەمەوێ دوو کورتە چیرۆک بگێڕمەوە:
دایکم کە دوازدە منداڵی ببوو و لە هەموو ژیانیدا هەرگیز نەخۆش کەوتبوو لە کۆتایی بچوکە پەویستەکەمان، لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا مرد. چەند ساڵێک پێش ئەوەی بمرێت ئەو سەیری ژیانی ڕابوردووی خۆی دەکرد و بەو ئەنجامە گەیشتبوو، بڕێت: "ئایا ئەمە ژیانێکی باش نەبوو! بەگومان ئیشکردنێکی زۆر هەبوو، بەڵام من حەزم لە ئیشکردن بوو". بە من ئەم هەستیەی دایکم ئەوە دەردەبڕێت کە من چۆن لە ژیانی باش تێگەیشتووم. خۆزگەی ئەوە دەخوازم هەموو کەسێک لەسەر زەوی پێش ئەوەی بمرێت بتوانێ بڵێت "ئایا ئەمە ژیانێکی باش نەبوو!"
من فێربووم بەرهەمهێنانی خۆشی واتای چی-نێک تێنیا بە تاکەکان بڵکو بە هەموو جیهان- کاتێک من بە کێنفانسێک بانگهێشت کرابووم کە لە لایەن کۆمپانیای کاسلیکی ژنانی گوندەوە ڕێکخرا بوو، داوام لێکرابوو لەبارەی بەرهەمهێنانی خۆشی قسەبکەم. من کەمێک سەرم لێ شێوا بوو، ئایا دەبێ چی بە ژنانی گوند بڵێم لەبارەی بەرهەمهێنانی خۆشی؟ کاتێک چوومە نێو هۆڵی کێنفانسکەوە ئەوەم بینی: ژنان هەموو جۆرەکانی میوە و سەوزەی وەک: کەڵەرم، پەتاتە، گێزەر، سێو، هەرمێ و هەروەها هەندێک گوێشیان لەسەر پلاتفۆرمێک دانابوو. هەروەها لەسەر ئەو میوە و سەوزانەی کە بەرهەمی ئیشی هەموو ساڵەکیان بوو لەسەر پارچە کاغەزێک نووسیبویان: "جیهان بریتییە لە ماڵەکەمان!" ئێستا من دەتوانم چی تر لەبارەی بەرهەمهێنانی خۆشی بڵێم! ئەگەر هەموو خەڵک لەسەر زەوی، ژنان و پیاوان، وەک ماڵی خێیان ئاگایان لەم جیهانە بێت و چاودێری بکەن، ئەوا جیهان دەبێتە شوێنێکی جیاواز و باشتر.

جەریس: یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرکییەکانی هزری ئیکۆمنیزم ئەوەیە کە باوکسالاری بریتییە لە بناغەی سەرمایەداری- نێک وەک ئەوەی زۆر دووتر: باوکسالاری دژئانجامی سەرمایەداریە. لە

کتێبەکەتدا باوکسالاری و کێشەکردنەوە لەسەر ئاستی جیهان: ژنان لەنێو دابەشکاری نوێدا، تۆ ئاماژەت بەوە داوە کە لەبەرئەوەی باوکسالاری بەرهەمی سەرمایەداری نییە، بۆیە بە لەناوچوونی سەرمایەداری ئۆیش لەناوناچێت. تۆ ئاگایاندووە کە چەسانەندنەوەی سێکسوالیتی بناغەیەکی بنەڕەتی چەوساندنەوەی پیاوسالارییە، ئەم دابەشکارییەی ئیش لە ئێو مەڵەی پێی دەوترێ 'پیاوی ئاوکار'ەوە سەری هەڵداوە. لەم تێگەیشتنەدا، دەمەوێ ئەوەت لێبپرسم ئایا بە بڕوای تۆ کام خەباتیان یەکەمییە: خەبات بە کەتاییهێنان بە سەرمایەداری یان خەبات بە پەزانینی ئیشی بەرهەمهێنەری ژنان؟

ماریا میس: لە پەیوەندی نێوان پیاوسالاری و سەرمایەداریدا پرسیارەکە ئەوە نییە کامیان پێش ئەوەی دیکەیان دێت. چەوساندنەوە و ستەمکاری بەرانبەر بە ژنان لە لایەن پیاوانەوە بناغەی هەردوو سیستەمەکەیە. لە ئەمەدا، تەنانەت من لەبارەی دوو سیستەمەوە قسە ناکەم، بەڵکو لەبارەی یەک سیستەمی سەرمایەداری-پیاوسالارەوە قسەدەکەم. هەروەها من هیچی تر مەدلی 'پیاوی ئاوکار' بەکارناهێنم بە دەربڕین و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەم دوو سیستەمە چۆن بە یەکەوە پەیوەستن. من وا بیردەکەمەوە کە سەرمایەداری دواترین وەنەی پیاوسالارییە. لەبەرئەوە کەس ناتوانێت خەبات لە دژی پیاوسالاری و خەبات لە دژی سەرمایەداری لە یەکدی جیا بکاتەوە. خەباتکردن بە پەزانینی ئیشی بەرهەمهێنەری ژن بەدەنیایییەوە پەیوستە. بەڵام ئەگەر ئەم خەباتە تەنیا بە داواکاری کردی یەکسان بە ژنان و پیاوان کورت بکرێتەوە ئەوا ئەمە ناتوانین بە ئاستە قووڵەکانی پیاوسالاری بگەین. بەگومان دیارکەوتن و مانیفێستی پیاوسالاری ئەمڕۆ وەک پیاوسالاری هەزارن ساڵ لەمەوبەر نییە، بەڵام لە جەوهەر و کێشەکدا هێشتاش هەمان شتن: توندوتیژی دژی ژنان، تێکشکاندنی ژنان، و چەوساندنەوەی ژنان.
بە نموونە، کێشەکردنەوەی ژنان لە شوێنی ئیشکانیان تەنیا دەرکەوتنێکی مەدەرنی پیاوسالارییە. ئەوە گرنگە تێبگەین نهێنی زاڵبوونی پیاوان بەسەر ژناندا چییە. نهێنییەکە جیاوازی توێکاری جێستەیی نێوان دوو جێندەرەکە نییە، وەک فرەید باوەڕی کرد بوو، بەڵکو تونددوتیژییە. پیاوان لە ڕێگەی جیناتەکانیانەوە وەک جەنگاوەر، دەستدرێژیکەری سێکسی، بکوژ یان ڕامبۆ چارنووسیان دیاری نەکراوە. ئەوان دەبە ڕابهێنرێن بە ئەوەی ببن بە مەکینەی کوشتن. پیاوان دەبێت فێرکرابن بە ئەوەی بەسەر خووە سروشتییەکانیان و ترسیان لە کوشتن زاڵ ببن. ئەوان دەبێت

ەھنرابن بە ئاوەی ببن بە فۆکاوان و ئۆکسجت فڕبدنە سەر ئامانجە مرۆڤییەکان، یان بە جۆرێکی دی بژین خۆکی نەناسراو لەسەر زەوی. دوای تراومای دەروانی جەنگی ڤیتنام، پیاوە گەنجە ئەمریکییەکان نەیان دەویست جارێکی دیکە بە شێوە بچنەوە. پاشان فیلمی ئامبە هاتە سینەماکانەوە. ئامبە پیاوێک بوو بە جلوبەرگی شۆکردنەوە، بەتەواوی چەکدار بوو لە سەریەوە تاکو پێیەکانی، هەموو جۆرە چەکێکی بە جەستەی خۆیدا هەڵواسی بوو، کڵاشینکۆفی لەناو دەستیدا بوو، لە دژی دوژمن شەڕی دەکرد و دژی کوشتن. ئەم فیلمە لە ئەمریکا زۆر باو بوو، بووە هۆی ئاوەی کە پیاوە گەنجە ئەمریکییەکان جارێکی دیکە ئامادەبن بە شێوە بچنەوە. لە ئەمەدا، وەزارەتکانی بەرگری پێویستیان بە بەرهەمهێنانی فیلمی زیاتری وەک ئامبە نییە بە ئاوەی گەنجان بە بەرەکانی شەڕ بگەڕێننەوە. ئەم ئیشە زۆر کاریگەرتر لەلایەن پیشەسازی بەرهەمهێنان و گۆشکردنی یارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە دەکرێت.

جەریس: یەکێک لە بەشکانی ئیکۆفەمینیزم هەستە ڕەحانییەکانە، کە پێشنیازی ئاوە دەکات ژنان زیاتر لە سروشتەوە نزیکن نەک لە پیاوانەوە، هەروەها داهێنانە زانستییەکان خزمەتی بەردەوامی زاڤبوونی کولتوور (هۆشکەتی/پیاو) بەسەر سروشت (سزکەتی/ژن) دەکات، لەبەرئاوە کاتێک لێی دەڕوانیت دەبینیت ئۆگەر کەمەگەی یەکسانی ئاستەقینە هاتبێتە ئاراوە. تۆ لە کوێی ئەم باسەدایت، دەتوانی ئاوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی دوانێتی ئیکۆفەمینیزمی ماتریالی و ڕەحی بدەیت؟

هەروەها چۆن وەڵامی ئاو ڕەخنانە دەدەیتەوە کە لە ئایدیاڵیزمی ئیکۆفەمینیزم دەگیرێن، پێشنیازی ئاوە دەکەن ئیکۆفەمینیزم لە ڕەگەی ئاو زمان و ستایلی بکاری دەهێنە لەگەڵ ئاو پشتگیرییەی لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان ژنان و پیاوان دەیکات، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی ئاو دوانێتییەی نێوان ژن و پیاو کە هاوەدەرێت کەتایی پێبهێنرێت؟

ماریا میس: من بەشێک نیم لە ڕوانگەی 'ئیکۆفەمینیستی ڕەحانی'، کە وا بیردەکەنەوە ژنان لە سروشتەوە نزیکترن تا لە پیاوان یان هۆشکەتی کایەی پیاوانە لە کاتێکدا سزکەتی کایەی ژنان. ئەمە ڕاستە گۆشکردنی زانست و تەکنەلۆژیی مەدەرن بزاری بەرهەمی ئیشی پیاوانە. بەڵام ئەمە لەبەرئاوە نییە لە جینەکانیاندا وەک داهێنەر دیاریکراون. پیاوان بە هەمان شێوەی ژنان هەم هۆشکی و هەم سزکین. بۆیە جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان ژنان و پیاواندا

نیین. ئەو فاکتەی ئەمە پیاوان وەک زۆر هۆشکیتر لە ژنان دادنرێن دەرئەنجامی پرسیەکی کەمایەتییە لە ڕەنیسانسەوە دەست پێدەکات دوای ئەوەی زانینی 'ژنە داناکان'، مامانەکان کە دەیان زانی چۆن یارمەتی ژنان بدەن لە کاتی لە دایکبوونی منداڵەکانیاندا، لە ماوەی ڕاوکردن و کوشتنی جادووگەرەکان لە ئەوروپادا بە شێوەیەکی تووندوتیژانە لەناوبران. 'پیاوی نوێ' وەک فرانسیس بیکن دەی وت، گریمانەی ئەوەی دەکرد لە ڕێگەی زانستی ئەبژێکتیڤەوە فەرمانڕەوایی جیهان بکات. ئەرکەکەی ڕووخاندنی سەرجەم 'سروشتی کەوی' یە بە ئەوەی ڕامی بکات، بە شارستانی بکات و زۆری لە بکات بۆئەوەی بتوانێ خزمەتی 'پیاوی هۆشمەند'. ئەگەر ئەمە سەیری ئەو دەرئەنجامە مەدەرن و زانستە سادەکراوە بکەین، ئەوە دەبینین جیهانی نەکردووە بە شوێنێکی باشتر. وزەی ئەتەمی، تەکنەلۆژیی بەرهەمهێنانەوە و جینات، داهێنانەکانی بایۆتەکنەلۆژی و تەکنەلۆژیکانی دیکەی پێشخستنی سروشت بوونەتە هۆی زیاتر وێرانکردنی سروشت. خەباتکردن دژی ئەو داهێنانە نوێیانە من و ڤاندانا شیڤای پێکەوە کەکردەوە. ئەمە وانەکانمان لە ڕێگەی دانیشتن لە کتێبخانەکان و خوێندنەوەی کتێبەکانەوە لەبارەی ئیکەلۆژی و فەمینیزم فێرنەبووین، بەڵکو لە ڕێگەی بەشداریکردن لە خەباتکانی دژی پیاوسالاریی سەرمایەداری جیهانی و ستراتیژییە نیولیبەراڵەکانی کە دەیەوێت دەست بەسەر سروشت و خەڵک دابگرێت و لەپێناو قازانج و بەرژەوەندی خێی کۆنترۆڵیان بکات و بەکاریان بهێنێت. کتێبی ئیکەفەمینیزم بریتییە لە دەرئەنجامی خەباتەهاوبەشەکانمان.

لەبارەی دوانێتی نەوان ئیکەفەمینیزمی ماتریالی و ڕۆحانی، ڕای دەگەیەنم من ئیکەفەمینیستێکی ماتریالیم. ئاخر ڕۆحانییەت ناتوانێ بە تەنیا بوونی هەبێت، بەڵکو دەبێت لەنێو بوونێکی ماتریالیدا بەرجەستە ببێت. ئەم دوانێتییەی نەوان ماتریال و ڕۆحانییەت بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەگی لەنێو ئاینێ یەکتاپەرستەکانی وەک جودایزم، مەسیحییەت و ئیسلامدا هەیە. خوای ناماتریالی نادیار، ڕۆحی پەتی، پیاوی لەسەر زەوی دروستکردووە. پاشان ڕۆحی خێی بە ناردووە تاکو زیندوو بێت و بژیت. ئەمە واتای ئەوەیە سروشت، زەوی بە تەنیا خێی توانای دروستکردنی ژیانی نییە. سروشت مادەیەکی مردووە. هەروەها ئەم مادە مردووە ناپاکژ و تاوانبارە. ئەم دوانێتییە لە نەوان ڕۆحی باش و ناماتریال لەگەڵ جیهانی ماتریالی خراپ و ناپاکژدا هاوتەریبە لەگەڵ دوانێتی نەوان ژنان و پیاوان. وەک پێشتر وترا: "پیاو هەڵگری زیرەکی و هۆشکێتییە، ژن سروشتە، زەویە، دەبێت لە لایەن پیاوەوە 'دووگیان' بکرێت بۆئەوەی منداڵ بخاتەوە، بۆتایبەتی

کۆ". ڕەح توخمی ژیان بەخشێ بگومان بەیە لە ماتەر (ئەستوو) باڵاترە. ئەم جیهانبینییە شارستانیەتی ئەمەی لە خۆرئاوا دروست کردووە: ئیسلامەکی، کولتوورەکی، زانستەکی، ئاینەکی، دامەزراوە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریەکانی دروست کردووە. تەنانەت ڕەشنگیری و سەکولاریزاسیۆنی ئاینیش ئەم دوانەتییەی نەوان ڕەحی چاک و مادەی خراپی نەگۆڕیوە.
لەگەڵ ئاوەشدا، بە من مادە گرنگە. مادە مردوو نییە. هەسارەکەمان تەپکی مردووی مادە کیمیاییە جیاوازەکان نییە. بەڵکو هەسارەکەمان ئۆرگانیزمەکی زیندووە و بەردەوامە لە دروستکردنی ژیان. زەوی دایکی ژیانە. ئاوەی پەی دەوترێ دوانەتی نەوان ڕەح و مادە لە جیاوازی نەوان ئیکەفەمەنیزمی ڕەحی و مادی قووترێ. ئەگەر ئەم بڕواستی بمانەوێت خەمان لەم بیرکردنەوە دوانەتییە ئازاد بکەین ئەوا پێویستە ئەمە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە سەیری جیهان بکەین. ئەم ڕوانگەیەی دی هەشتاش لەنەو زۆر خەڵکی ڕەسەنی وڵاتان بوونی هەیە کە وەک دایکیان ڕەز لە زەوی دەگرن. ئەمە هەموومان، ژنان، پیاوان، ئاژەڵان، و ڕووەکەکان منداڵی دایکە زەوین. ئەمە تەنیا یەک دایکمان هەیە. بەیە پێویستە ڕەزی بگرین و بیپارێزین.

جەریس: دەتوانی لە ڕوانگەیەکی ئیکەفەمەنیستانەوە باس لە سەرهەڵدان و خۆپیشاندانەکانی ئەستای جیهان بکەی، سەرەڕای جیاوازییان هەموویان لە مەدا یەکدەگرنەوە کە داوای دیموکراسی ڕاستەقینە و ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری نیولیبەڕال دەکەن؟ لە ڕوانگەی تەوە لەم داواکاری و کردارانەی بزووتنەوەی چالاکوانە هاوچەرخەکان چ شتێک ونە؟

ماریا میس: کاتێک من وەک ئیکەفەمەنیستێک سەیری سەرهەڵدانەکانی ئەستای جیهان دەکەم، وەک: بزووتنەوەی ئەکیوپای لە ئەمریکا، سەرهەڵدانەکانی جیهانی عەرەبی (میسر، لیبیا، تونس)، لە تورکیا و زۆر لە وڵاتانی دیکەی جیهان، لەوە تێدەگەم ئامانجی سەرەکی زۆرینەیان تەنیا 'دیموکراسی ڕاستەقینە'یە. من وا هەستدەکەم ئەم ئامانجە زۆر کورتبینانەیە. ئامانجی زۆر لەم خەباتانە تەنیا ڕووخاندنی دیکتاتۆر و دامەزراندنی ژیانێکی جیاوازە. من گوێبیستی ئەوە نەبووم خۆپیشاندەران هەروەها لە دژی سەرمایەداری، وەرانکردنی ژینگەش خەبات بکەن، داوای سیستەمێکی ئابووری ئەلتەرناتیف بکەن.

بزووتنەوەی ئەکیوپای لە نیەک تابووی قسەنەکردن لەبارەی

سەرمایەداری شکاند. چالاکوانەکان هەرشیان کردە سەر نیولیبەرالیزم، بانکە گەورەکان و کەمپانیا جیهانییەکان. بەڵام ئەوەندی من بزانم هیچ ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆ نەبووە بە سەر سەرمایەداریی پیاوسالار. لە تەلەفیزیۆن بینم لە خێپشاندانەکانی میسر و تورکیا ژمارەیەکی زۆری ژنان بەشداریان کردووە، هەندەکیان بە سەرپۆشەوە و هەندەکیان بەسەرپۆش. بە زۆربەی خەڵک لە خۆرئاوا پرسیارەکە ئەوەیە ئەو ژنانەی بەشداریان کردووە سەریان داپۆشیوە یان نا. سەرپۆش بووە بە ڕەمزێکی ئایینی و سیاسی. جگەلە تورکیا من پەیوەندی کەسیم لەگەڵ ژنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نییە. لەبەرئەوە ناتوانم بڕەم ژنان چۆن بیر لە ئامانجەکانی ئەم سەرهەڵدان و خێپشاندانانە دەکەنەوە، ئایا دانوستان و گفتوگۆ لەبارەی 'پرسی ژن' هەیە لەم سەرهەڵدانەدا؛ هەروەها پیاوان چۆن لەبارەی ئازادبوونی ژنانەوە بیردەکەنەوە.

من ئەوە دەزانم لە تورکیا لە بزووتنەوەی پرۆتستەکان فەمینیزم کەشێیکی گرنگە. دوو کتێبم وەرگێڕاونەتە سەر زمانی تورکی و لە تورکیا باوبوونەتەوە. هاوڕێ تورکەکانم پێیان وتووم کتێبەکانم لە تورکیادا زۆر ناسراون. ئەمە ئەوە پیشان دەدات سەرهەڵدانەکانی جیهان سەرەڕای کورتهێنانیان لە بواری ستراتیژی و بنەمای تیۆریان، ڕەنگە ببنە هۆی هێنانەگۆڕی پرسیاری قووڵی وەک ئەمە: ئەمە لەنێو چ سیستەمێکدا دەژین؟ ئایا مەدلی ژیانی خۆرئاوایی شتێکە شایەنی ئەوە بێت خەباتی بۆ بکرێت؟ لە داهاتوودا پەیوەندی نێوان پیاو و ژن چۆن دەبێت؟ بۆچی لە ئەمەدا، شڕەکان بوونەتە شتێکی زۆر باو؟ ئایا ئاین چ ڕۆڵێکی لەم شڕانە نوێیانەدا هەیە؟ ئەلتەرناتیڤەکان چین؟

جۆیس: لە کۆتاییدا، دەمەوێ بپرسم بۆ بۆای تۆ تیۆرییەکانی ئیکۆفیمینیزم چۆن دەتوانن بزووتنەوەی چالاکوانێ هاوچەرخەکان دەوڵەمەند بکەن؟

ماریا میس: لە ڕوانگەی منەوە ئیکۆفەمینیزم دەتوانێ ڕێگەیەکی گرنگ بگرێت لە سەرهەڵدانە تازەکانی گەنجان لە سەرانسەری جیهان، چونکە خەباتی پاراستنی سروشت و ئازادکردنی ژن لە ئۆجەندایەکی هاوبەشدا کۆدەکاتەوە. تێگەیشتنێ تیۆرییەکانی ئەم ئیکۆفەمینیستە کۆنانەی کە لە ماوەی خەباتێ جیهانییەکەمان بەدەستمان هێناوە دەتوانێ خەڵکانی گەنج فێربکات کە شتێکی گرنگ و بەسوودی ڕووبەڕووی دەسەڵاتەکانی ئەمەی جیهان ببێتەوە و پێیان بڵێی نەخێر. تیۆرییەکانمان لە ئەزموونەکانمانەوە سەرچاوەدا، لە ماوەی خەباتەکەماندا

بەدەستمان هێناوە، ئەمە لە پراکتیکەوە فێریان بووین. ئەمە هەرگیز نەمان دەتوانی کتێبی ئیکۆفەمینیزم بنووسین ئەگەر پێشتر ئەمە، ڤاندانا لە هیندستان و من لە ئەڵمانیا، یەکتریمان نەبینیبوایە و ئەوەمان نەدەزیبوایەوە سەرەتای جیاوازی جوگرافی، کولتووری و تەمەنەوە خەباتەکەمان هاوبەش. ئەمە ئەزموونکی گەورە، کاریگەر و هیوابەخش. ئەمە پیشانمان دەدات سەرەتای ئەوەش ئەمە جیاوازین بەڵام نابێت ئەو جیاوازیانە دابەشمان بکەن، چونکە ئەمە خاوەنی پرسێکی هاوبەشین. لەبەرئەوە ئەمە بزووتنەوەیەکمان دامەزراند: فێریی ژنان بە فێریی (DWD). ئەمە جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە پاراستنی فێریی لە نەوان مرۆڤەکان، هەروەها لە نەوان ئاژەڵان و ڕووەکەکانیش تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستنی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە. تاککولتووری ژیان دەکوژێت.

ئامۆژگاریم بە گەنجە چالاکوانەکان لە هەموو وڵاتان ئەوەیە: کەبوونەوەی نەودەوڵەتی ڕەکبخەن کە تەیدا خەڵک دەتوانن یەکدی ببینن و ئاهۆگەی فێریی ئەزموون، ئاستەنگەکان، ئایدیاکان، تیۆرییەکان بکەن، لە ئەنجامدا کەمەیەکی نەودەوڵەتی سەبارەت بە پرسێکی هاوبەش دروست بکەن. ئەمە بە سەدان کەبوونەوەی نەودەوڵەتی بەم شێوەیەمان ڕەکخستووە و بەشداریمان تێدا کردووە، وەک کەبوونەوەی ئیکۆفەمینیزم، ژینگەیی، دژە-جیهانگرایی و کەبوونەوەی ئاشتی. لەم کەبوونەوانەدا ژنان و پیاوان ئامادەبوون. کەشی جەندەر هیچی تر بوونی نەبوو. ئەم جۆرە کەبوونەوە نەودەوڵەتییانە زۆرەورن ئەگەر بمانەوێت خەڵک یەکدی بناسن، متمانە بە یەکدی بکەن و ببن بە هاوەڵی یەکدی. بەبێ ئەم جۆرە کەبوونەوە ڕاستەوخۆیانەی خەڵک بزووتنەوەکە دەبێتە شتێکی بەبەرهەم- پێوەندی دیجیتاڵی بەس نییە بۆ ئەم جۆرە بزووتنەوە زیندوانە. هیوادارم دووبارە چاپکردنەوەی کتێبی ئیکۆفەمینیزم کاریگەری لەسەر چالاکوانکان دابنێت و خەباتەکەیان دەوامەندتر بکات، تاکو ئەوە ببینین خەباتکردن پێکەوە بە جیهانکی باشتر تەنیا ئیشکی قورس نییە، بەکو شادییەکی گەورەش.

سەرچاوە:

Ecofeminism’: a talk about hard work and great joy‘

لە ئەزموونی کۆتلەنیاوە, دیموکراسیەت کۆشەی نەتەوایەتی چارەسەر ناکات

عەلی مەحمود محەمەد.....

لە جیهاندا 5000 بۆ 7000 زمان بوونی هەیە,کە لە ناویاندا تەنها 20 زمان رێژەی لە 1%ی هاووڵاتیانی جیهان قسەی پێدەکەن کە 67 ملیۆنە, هاوکات تەنها 193 وڵات بوونی هەیە بە لە خۆگرتنی ئەو هەموو زمانە, بەشێك لە زمانەکان چەندین وڵاتیان هەیە وەك عەرەب 22 وڵاتی هەیە,هەر یەکە لە ئینگلیز , ئیسپانی , پورتوگالی, فەرەنسی و تورکی و فارسی و چینی و ..... چەندین وڵاتیان هەیە, هاوکات بەشێك لەو وڵاتانە لەسەر بنچینەی ئاینی دابەش کراوە نەك نەتەوایەتی وەك سرب و بۆسنە, جیاوازی ئاینی و مەزهەبیش رۆڵی هەیە لە زیادکردنی دابەشکاریەکان, گەلان بە دوای وڵاتی یەك نەتەوەو یەك ئاین تەنانەت یەك مەزهەبەوەن, هاوکات جیاوازی داهات و داب و نەرێت و جاری وا هەیە مەزهەب و لقی مەزهەب و شێوە زاراوەی هەمان زمانیش کۆشە بە دەوڵەتی هاونەتەوە و هاوئاینەکان دروست دەکات, ئەوەتە ئیتاڵییەکانی باکورو کالیفۆرنیا داوای جیابونەوە دەکەن بەهەی دەوڵەمەندییەکەیانەوە, بەیە مرۆڤایەتی زۆری ماوە تۆر بێت لەو بوارەو ساڵ لە دوای ساڵ لیستی ئەو گەلانەی داوای ئازادی و پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دەکەن زیاد دەکات, زیاتر لە دوو لەسەر سێی وڵاتانی جیهان , لە چەند نەتەوەو ئاین پێك هاتووە, تەنها کەمتر لە 10%ی وڵاتان هاوچەشنن لە جیهاندا و کێشەیان نییە لەو بوارەداو دەتوانین بڵێین سەقامگیرن, دەوڵەتی نەتەوایەتی ئاڵتەرناتیفی دەوڵەتی شێوازی ئیپراتۆری رابردووە, کە فرە نەتەوەو ئاینە, وەلێ ئایا جیهان شوێنی ئەم هەموو دەوڵەتەی تێدا دەبێتەوە؟, ئەم هەوڵانە بە بوون بە خاوەند دەوڵەت تا کوێ دەچێت؟,کەی مرۆڤایەتی دەگاتە قۆناغی تۆر بوون بە دەوڵەت و دیموکراسیەتی راستەقینە؟, وەڵای جیهانگیری و گۆڕە بوونەوەی بازاڕەکان وەلێ تا دێت هەوەی بچوکردنەوەی وڵاتە نیشتمانیەکان

دەدرێت, لە لایەن ئەو گەل و نەتەوەو ناوچانەی خۆنیان هەیە,خۆونی رزگاربوونی نەتەوەیی و رزگاربوون لە ستەمی ئاینی و مەزهەبی و پاراستنی کلتورو رزگار بوون لە ئاپارتاید و تەنانەت خۆونی ئابوریش وەك ئاماژەمان پێدا لە کالیفۆرنیاو باکوری ئیتالیا…

لە ئەوروپا لە ئێستادا 107 بزوتنەوەی جودا خوازی هەیەو داوای سەربەخۆیی دەکەن, بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپای گرتەوە, کە لە دوروە وا دەزانین بەهەشتی گەلانە و سفر کەشێیە, چەند وڵاتێکی وەك لەکسمبۆرگ و نۆرویج و سویدی لە دۆرچێت لە زۆرینەی وڵاتانی دی هەن بە سویسراو دانمارك و هەندەشەوە,هەرچەندە لە ئەوروپا لە زووەکەوە کێشەی فرە زمان و ئاین و کلتور چارەسەر کراوە, وەلە نێتوانیوە کێشەی هەوە بە پەك هەنانی دەوڵەتی تایبەتی کەتایی پێ بێنێت, لە خودی ئیسپانیا کە کەتەلۆنیا بەشێکە لێی و بابەتی نووسینەکەمانە 16 بزوتنەوەی جودا خوازی تێدا هەیە کە داوای جیابونەوە دەکەن لە ئیسپانیا ئەوانیش کە بریتین لە (Andalusia, Aragon, Asturias, Balearic Islands, Basque Country, Canary Islands, Cantabria, Catalonia, Castile, Galicia, León, Navarre, Valencia, Extremadura, Murcia, Aran Valley), ئەمە لە وڵاتانێك بوونیان هەیە بە پەوڕی ئەوروپی دیموکراسییەو بەشێکن لە یەکێتی ئەوروپا و شنگن کە سنورەکانیان داخراو نین.لە ئێستادا چەند بزووتنەوەی بەرفراوان و ناسراو بە سەربەخۆیی لە ئەوروپا و ئیسپانیا هەیە لەوانە " کەرسیکا, سکەتلەندا, فلامان,دورگەی فارە, باسك, کالدیەنیای نوە و صربی بەسنە".زۆر جار خۆونە نەتەوەییەکان ئەوەندە گەورەن ئەو گەلانەی داوای سەربەخۆیی دەکەن زیانی ئابووری دەکەن , نموونە ئەرمینیا 2,5 جار زیاتری بەدەست دەهینا لەسەردەمی سۆڤییەت , جەرجییەکان 3,5 جار زیاتریان خەرجە کرد لەوەی خەیان بەدەستیان دەهێنا لە سەردەمی سۆڤییەت, ئێستانی 3 جار زیاتریان خەرج دەکرد وەك لەوەی بەرهەمیان دەهێنا, بەرتریکە لە ئەمەریکا داوای سەربەخۆیی دەکات لە کاتێك جیا بێتەوە لە روی ئابوریەوە زیان دەکات.

سەربەخۆیی کەتەلۆنیا و پەرچە کرداری دکتاتۆریانەی ئیسپانیا چەندین ساڵە باسك و کەتەلۆنی و ئەندەلوسی و غالسکی و … ئەوانی دی, داوای مافی چارەنوس دەکەن لە رێگای ریفراندەمەوە, لە لایەن ئیسپانیاوە رێگایان پێ نادرێت, دەستور و دادگای باڵای ئیسپانی بونێتە مەترکە بەیان, لە کاتێکدا ریفراندەم پایەیەکی دیموکراسییە و را وەرگرتنی هاووڵاتیانە بە دەسیەك پەیوەندی بە ژیانیانەوە

هەیە, مەرجیش نییە سەرکەوتوو بن لەو خواستیان, لە کەی 600 ریفراندەم کە تا هەنووکە لە سویسرا کراوە تەنها 10%ی سەرکەوتو بووە و بە بڕە براوە بووە, نموونە لە کتلانیا هەوڵی پشتریان لە ساڵی 2014 بە سەربەخۆیی لە ڕێگای ریفراندەمەوە شکستی هێنا بەهەی بەشداری کەمی هاووڵاتیان 37,1% لە راپرسیەکەدا, کە کەمتر بوو لە لانی کەمی پێویست, ئەمجارە راپرسیەکان دەریدەخەن ڕژێی بەشداری لە راپرسیەکەی 1ی ئۆکتۆبەر دەگاتە ئاستی 70%, وەلە لایەنگرانی سەربەخۆیی نزیك 41,1% ن و 49,4% دژن, کتلانیەکان بە لایەنگرو دژەوە ریفراندەم بە مافی خۆیان دەزانن بە یەکلا کردنەوەی پرسکی گرنگی ئاوا, وەای ئەوش لە لایەن دەسەاتدارانی مەریدەوە بە حکومەت و کشکی پاشایەتیەوە, ڕێگا بە ریفراندەمکە نادرێت ئەنجام بدرێت, ئیسپانیەکان وەك ڕژنامەی نیورك تایمز ئاماژەی پێ دا , باشترین ڕێگا بیگرنە بەر ئەوەیە وەك سکتلەندا و کیبك ڕێگا بدرێت راپرسیەکە ئەنجام بدرێت, کچی حکومەتی ئیسپانیا تەنانەت ڕێگا نادات هیچ گفتوگۆیەك لە بارەی ریفراندەمەوە هەر بکرێت بە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی گەلان , ئەستا لە کتلانیا و پشتر باسك, دەرکەوت دیموکراتیەتی ئیسپانیا ئەو بەهایانە پشێل دەکات کە دیموکراسیەتی ئەوروپی لەسەر بنیات نراوە وەك بانگشەی بە دەکەن, وەك بەریتانیا و کەندا هەوەست وەرناگرێت لە هەمبەر مافی راپرسی ئەو گەلانەی دیانەوێت جیا ببنەوە لەی وەك کیبك و سکتلەندا,ئیتای باسکی راستیکرد کە رایگەیاند "ئیسپانیا زیندانی گەلانە", راستگەرا دەساتدرکانی ئیسپانیاش پێیان وایە ریفراندەمی کتلانیا گەورەترین هەشێیە بە سەر وەات لە دوای هەوەی کودەتای 23-2-1981 ەوە. لە 6ی صەپتەمبەر پەرلەمانی کتلانیا بەیاری پەسەند کردنی یاسای ڕەکخستنی راپرسی بە سەربەخۆیی کتلانیای پەسەند کرد بە زەرینەی 72 لە گەڕ و 11کەس دەنگیان نەدا و 52ش بایکۆتی دانیشتنەکیان کرد,بەیاری پەسەند کردنی یاسای ریفراندەم لە لایەن پەرلەمانی کتلانیاوە, وەاتی بردە ناو قیرانکی دەستوریەوە, حکومەتی ئیسپانی هانای بە دادگا و دەستوری ساڵی 1978ی ئیسپانیا برد, کە پێش 39 ساڵ دەرچووو لەو کاتەوە زەر شت لە بەچونە سیاسییەکان و داب و نەرێتە کەمایەتیەکان و بارو دۆخی ئابوری فەرهەنگی گەاوە.بە دوای بەیاری پەرلەمانی کتلانیا حکومەت هانای بە دادگای باڵای ئیسپانی برد, کە لە 12 دادوەر پێك هاتووە, 10یان پارزگاری راستگەران راخەی سەرك وەزیران بە خەی دایانی ناوە.هاوکات داواکاری گشتی خەسپە مانیل رایگەیاند لکۆینەوە لە گەڕ بەرپرسانی پەرلەمانی کتلانیا دەکەم , ئەوان ریگایان خۆش کرد بە

دەرچونی یاسای ڕەکخستنی ریفراندەم و سزا دەدرێن .

لای خۆیەوە جەنەراڵ فرناندیز جەنەراڵی خانەنشین سەرکی دەزگای دژ بە سیخوڕی فرانکۆ ی دکتاتۆر ڕایگەیاند " ئەمەی لە کتلۆنیا دەگوزەرێت خیانەتە, پێویستە یاساکانی شەڕ جێبەجێبکرێت" و هەموو سەرکردەکانیان دەستگیر بکرێن.دوای ئەم بڕیارانە, ئەو کاردانەوەیەی بینیمان لە فلیمی هۆلیود دەچوو, حکومەتی ئیسپانیا لە ڕۆژگای دادوەرکانی خۆیەوە, یاسای بە بەرژەوەندی خۆی بەکار هێنا, ئیسپانیا دەتوت لەو ڕۆژگارەدا دەژیت کە جەنەراڵ فرانکۆ دەسەڵاتدار بوو, هەرچەندە زۆر نیە ڕەیشتووە, حکومەتی ڕاستگرا شمشێری هێشتای لە کۆلان دەرهێنا و کۆتە وێژەی ریفرادەم خوازانی کتلۆنیا.حکومەتی ئیسپانیا پۆلاماری بەناوی یاساو بەکارهێنانی سامانی گشتی دەست پێکرد, پۆلاماری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دا و 57 پۆگەی پشتیوانی لە ریفراندەمی داخست , بەیاری لەکەینەوەی دا لە گەڵ 712 سەرک شارەوانی لە کەی 948 سەرک شارەوانی هەرەمەکە کە زەمینەی ئەنجامدانی ریفراندەمەکە خۆش کەن , پۆلاماردانی ڕۆژنامەی فالینکی داو دایخست, پۆلاماردانی پارتی کوپ ی چەپگەرا بە بە ئاگادارردنەوەی پێشوەخت و گەمارەدانی, داوای زیندانیکردنی سەرک وەزیرانی کتلۆنیا کارلیس بەیجیدیەنت دەکات,هێشە لەکەکردنەوەی سەرجەم ئەوانەی بەشداری ریفراندەمەکە دەکەن, 14 کەسی بەرپرسیاری لە حکومەتی کتلۆنی دەستگیر کرد, ئەنجومەنی بانای دادوەری ئیسپانی ئەو ڕۆژنامەیەی داخست کە کە بانگەوازکەی بەیجیدەمەنت سەرک وەزیرانی کتلۆنیای بەاو کردەوە بە ریفراندەم, هاوکات پۆلاماری بەرپرسانی کارگەی هەرەمەکەیان داو کلوپلی چاپکردنەکانیان تەک شکاند و دەستیان بەسەر 10 ملیۆن کارتی هێبزاردندا گرت,هاوکات بە دوبارە پێنج شەمە 28ی سێپتەمبەر پلیسی ئیسپانی دەستیان بەسەر 2,5 ملیۆن کارتی دەنگدان و 100 سندوقی دەنگدانا گرت, وەزیری دارایی مەنتڕە هەوەی لەبار بردنی پڕۆژەی حکومەتی کتلۆنی لە خزمەتی هەژارانی دا کە داواکاری کوپ (پارتی یەکێتی گەلی چەپگەرا) بوو بە پشتیوانی لە پێکهێنانی حکومەتی خۆجەی کتلۆنیا لە ڕێگای دەستگرتن بەسەر وەزارەتی دارایدا,ناردنی 4000 پلیسی حکومەتی ناوەند بە ڕێگاگرتن لە ئەنجامدانی ریفراندەم,هێشە کردن لە کارەندانی کارتی گشتی و دەرکردنیان لە کاتی بەشداریکردن لە راپرسییەکە و دادگاییکردنی بەرپرسانی ریفراندەمەکە..... سەرباری هەموو ئەمانەو زۆری تریش کتلۆنیەکان بەردەوامن لە ئەنجامدانی ریفراندەمەکە لە یەک شەمە 1ی ئۆکتۆبەر , هەرچەندە ڕاخەی ڕایگەیاند ڕۆژی راپرسی کارتی

دەنگدان و کەسەکان و ناوەندی هەڵبژاردن نابێت, وەڵە کەتەڵەنیەکان بەشێوەی پارتیزانانە راپرسیەکە ئەنجامەدەن و سندوقی دەنگدان و کارتی راپرسیان شاردەتەوە, تەنانەت ماپەڕە ئەلەکترۆنیەکانی دەنگدانیش, سەربەخۆ خوازان کە لە لادێکان پشتیوانی زۆریان هەیە, لە ئێستاوە تراکتۆری جوتیارەکان ناوەندی شارەکان داگیرە کەن و ڕێگا لە ئەتەمبێلی پۆلیس دەگرن.کەتەڵەنیەکان بە سەرخستنی ریفراندۆمەکەیان ئامادەی هەموو قوربانی و سزایەکن, 714 سەرکی شارەوانی ئامادەن واز لە پلەو پۆستەکانیان بهێنن لە پێناو سەرخستنی ریفراندۆم, یانەی بەرشەلۆنەش ئامادەی دەست بەردار بوونە لە یاریەکانی خولی ئیسپانی لە پێناو سەرخستنی ریفراندۆم و سەربەخۆیی, بەیاری دا بچێتە پشت داواکاریەکە, بەمەش ئیلتزاماتی مێژویی خۆی بە پشتیوانی لەسەربەخۆیی دەربڕی ,تەنانەت کرێکارانی بەندەری بەرشەلۆنە بەرەو ڕوی هاتنی 4000 پۆلیسەکە بوونەوە نیانهێشت کەشتیەکەیان ڕاوەستێت.

کەسن ئەوانەی بەرەو ڕوی مافی ڕاپرسی کەتەڵەنیەکان بونەتەوەحکومەتی ئێستای ئیسپانیا پارتی گەل – ڕاستی پارێزگار پێکی هێناوە, 137 کورسی لە پەرلەمان هەیە, بە پشتیوانی پارتی سۆسیالستی کرێکاری ئیسپانی –چەپی ناوەند کە خاوەند 85 کورسی پەرلەمانە پێك هاتووە, لە دەرەوەی حکومەتەوە پشتیوانی دەکات, بە هەردوکیانە 222 کورسی پەرلەمانیان هەیە لە کەی 350 کورسی پەرلەمانی وڵات,پارتی گەل بە بنکەو سەرکردایەتی بەرەو ڕوی کەتەڵەنیەکان بەتەوە, وەڵە سۆسیالستەکان لە ئاستی باڵاو بەشێك لە بنکە, نموونە نیوەی ئەندامانیان لە کەتەڵەنیا لە ریفراندۆم بەشداری دەکەن, هاوکات پارتی سیودانۆس"هاووڵاتی" نیو لیبرالی ڕاستگەڕا زۆر بە تووندی دژ بە ریفراندۆم سەربەخۆیی کەتەڵەنیایە کە خاوەند 32 کورسییەو لە هەڵمەی کەتەڵەنیا پێگەیەکی بەهێزی پێدا کردووە بەهۆی ئەم هەڵوێستەیەوە.ئەم 3 پارتە کەی گشتی 254 کورسییان لە کەی 350 کورسی پەرلەمانی ئیسپانیا هەیە, بەیە کەتەڵەنیەکان هیچ هیوایەکیان بە پەرلەمانی ناوەند و دانیشتنەکانی نەماوە بە بێیاردانی خۆر, هەرچەندە جار جارە نێك قسەی خۆر بگرە شۆی خۆریشیان لەسەر کرێت لە هۆی پەرلەمان, وەڵە پارسەنگی هێزەکان لە ئاستی قسەی خۆرە نێك بێیاری خۆر.لە بەرامبەر هێزە ڕاست و نیولیبرال و پارێزگار و سۆسیال دیموکراتەکان, چەپەکان پشتیوانی دەکەن لە بەشکی دێزەکییان کە ئەنجامدانی ریفراندۆم, ئەوان لە گەیان تا کەتایی بەشی یەکەمی پرسەکە

دەڵێن, وەك ئەنجامدانی راپرسی وەك مافی هاووڵاتی, وەڵە لە ناو خودی پرسەکە ئەوان دژ بە جیابونەوەن, پەیمەس کە گەورەترین پارتی چەپی ئیسپانیە, پێی وایە سستەمی سیاسی ئیستا باش نیە و ئیسپانیا پێویستی بە گۆڕانی دەستور و سستەمی سیاسی هەیە, داوای قەبوڵکردنی راپرسیەکە دەکات, وە ئەم داواکاریە رەگر بوو لە پەك هەنانی حکومەتی سۆسیالست- پەیمەسی چەپ, وەڵە لە گەڵ جیابونەوەی کاتالۆنیا نیە, هاوکات ئەدا کەڵە سەرکی شارەوانی شاری مەزنی بارشەلۆنە کە نزیکە لە پەیمەسەوە داوای داکۆکی لە دەزگاکانی کاتالۆنیا کرد لە بەرامبەر پۆلاماری حکومەتی ناوەندی, وە حکومەتی بارشەلۆنەی خستە خزمەت راپرسیەوە, .

ئەو هەرچەندە لە گەڵ جیا بونەوەی کاتالۆنیا نیە, وەڵە ئیدانەی هەنگاوەکانی راخەی کرد و بە نا دیموکراسی ناوی برد.هەرچی حیزبی شیوعی ئیسپانی یە رایگەیاند حکومەتی راستگەرا قەیرانەکە دەقزڵتەوە بە پیادە کردنی دکتاتۆریەت لە وڵات , پێیان وایە رەگا گرتن لە راپرسی, رەگا گرتنە لە مافی رادەربڕین, هەرچەندە هەردوو حیزب شیوعی و سۆسیالستی یەکگرتو لە کاتالۆنیا لە بەیاننامەیەکی هاوبەشیاندا, سەبارەخەیی کاتالۆنیا رەتدەکەنەوە, ئەمەش دژ بە پرنسیبەکانی لینیزمە کە دان بە مافی چارەنوسی گەلاندا بە قەیدو شرت دەنێت.بەڵام بەڕای چەپ رایگەیاند, پەویستە رازی بن بە ئەنجامدانی راپرسی, لە ئەمە هانی کەس نادەین بە بەشداری لە ریفراندەمەکە, وەڵە رۆز لەوانەش دەگرین لە ریزەکانمانن بەشداری دەکەن و سزایان نادەین, بەم شێوەیە دەبینین پارتە چەپگەراکان تا کاتایی سەفەرەکە لە گەڵ کاتالۆنیەکان نابڕن, کە مەبەستی کاتایی هەرچی پارتی یەکێتی گەلە کە پارتەکی چەپی کاتالۆنیە و لەسەر بنچینەی دیموکراسی راستەوخۆ دامەزراوە, کە ریفراندەم پایەی سەرکی سستەمی دیموکراسی راستەوخۆیە,لە لایەن چەپەکانەوە تاوانبار کرا بەوەی کوپ بووە بە سەربازی حیزبە بەرژوازیەی کاتالۆنیەکان, کوپ هەرچەندە لە دەرەوەی حکومەتی خۆجێی کاتالۆنیایە و رەتی کردەوە بەشداری تێدا بکات, بەڵام زۆر بە تونڕی داکۆکی لە ریفراندەم دەکات و چالاکانە هەوڵ بە سەرخستنی دەدات, بەیەش یەکەم پارتی کاتالۆنی بوو کوتە بەر پۆلاماری ئیسپانیەکان, لە زۆر ویست و داخوازی خەی هاتۆتە خوارەوە لە خزمەت سەرخستنی ریفراندەمی سەربەخەیی کاتالۆنیا .

تاکتایی ریفراندەم

کاتالۆنیەکان پەیگیرانە بەرەو یەکشەمەی مەزن دەڵێن, گوێ بە

بەیاری دادگای ئیسپانی و یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ نادەن کە دژ بە ریفراندۆمەکەیان و سەربەخۆیی کاتالۆنیا هەڵوەستیان وەرگرتووە, لە دوا هەنگاودا ترامپیشی هاتۆ سەر کە لە گەڵ یەکێتی خاکی ئیسپانیای عەزیمدایە, ئەم هەڵوەستەی ترامپ دژ بە ڕەبازی سیاسی سەرکی ئەمەریکی ولسونە کە لە ساڵی 1918 خستیە بەردەم کاری وڵاتان .وەزیری دارایی ئیسپانیا رایگەیاند " کاتالۆنیا ئێتنۆمی بەرفراوانی هەیە, ئامادەشین سستەمی تەمویل بگۆڕین کە پێشتر ئەم داوایەی کاتالۆنیەکانیان ڕەتکردبووە " بەڵام کاتالۆنییەکان وەڵامی دەم چەورکردنەکەیان نەدایەوە, پارتیزانانە لە ناو شارەوە بەرەو ڕاپرسیەکەیان دەڕۆن, لیژنەی پارێزگاری لە ڕاپرسیان پێك هێناوەو زەریان لە پاڵ سندوقەکانی ڕاپرسی شۆیان بردە سەر بە پارێزگاری لەو 2315 سندوقەی دەنگدان, کە بەیار وایە 1ی ئۆکتۆبەری کارتی هیواو ئامانجی چەند سەدەی خەیانی تۆ فڕێ بدەن .

کاتالۆنیا خەی رادەگرێت ...

کاتالۆنیا وەاتەکی دەوڵەمەندو پێشکەوتووە , تەنانەت نیوەی داهاتی کاتالۆنیا بە ئیسپانیایە, بە تەنها 18,9%ی کەی بەرهەمی نەتەوەیی ئیسپانیا بەرهەم دەهێنێت, پیسەسازی بەهێزی هەیە ناسراوە (بە کارخانەی ئیسپانیا), کەرتی خزمەتگوزاری بەهێز, پێگەی بەهێزی لە بواری گەشت و گوزار هەیە, کەرتی پێشسازی کاتالۆنیا 16,7%ی ئابووری وەاتە, کەچی لە ئیسپانیا 13,4% یە, خاوەند ئابووریەکی بەهێزە زەدەی بودجەی بە ڕێژەی 11,5% ە, خاوەند ئابووری ژمارە 13 یە لە کەی 29 وەاتی یەکێتی ئەورووپا.
دیموکراسیەت خوونی گەلان ژێر دەست بەدی دەهێنێتئیسپانیا بەشکە لە یەکێتی ئەورووپا, پابەندە بە پرنسیبە ئەورووپییەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت, کەچی بووە بە بەلقانکی دی لە ڕۆژئاوای ئەورووپا بە گەلەکانی, زەرینەی وەاتانی دیکەی ڕۆژئاوایی هەمان کێشیان هەیە, وەلە وەك سکەتلەند و کیبك هەڵوەست وەرناگرن, وەاتانی دیکەی جیهان زەریان ماوە بگەن بەم کەمە دیموکراسییەی ڕۆژئاوا, بەیە ئەفسانەی دیموکراسیەت بە وەاتان و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی و ئایینی و مەزهەبی و ... لەو وەاتانە بەتاڵ دەبێتەوە, بە تایبەت لەو وەاتانەی دەسەڵات لەسەر بنچینەی پیرەزیەکان بونیادەنراوە دەچێت.هەرچەندە لیف لەفین پرۆفیسەری زانستی سیاسی سوویدی دەڵێت ساڵی 2119 ساڵی چەسپاندنی دیموکراسیەتە لە هەموو جیهان, ئەگەر پاش ئەم 102 ساڵە ئەم خوونە گەورەیە بێتە دی, دیموکراسیەتی ڕاستەقینەی سیاسی, کەمایەتی, ئابووری بەدی بێت, ئەوا لە ئێستاوە

با سەمای بۆ بکەین.دەنگدانی کۆتلۆنیەکان و بەیاریان بۆ سەربەخۆیی هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەهێزکردنی پێگەی دیموکراسیەت و بەرەو روبوونەوەی زۆم و زەرداری بۆتاتۆ کردنەوەی خوونی دیموکراسیەتی دژینە, با بزانین دوای ریفراندەم کۆتلۆنیەکان چۆن بەرەو سەربەخۆیی دژین بۆ دوایاندا مل بنین, گەلەکی هوشیارن رێگای بەردەمیان رۆشنە ناکوینە تۆوە.

بۆ زانیاری زیاتر سەیری بابەتی پێشوترمان بکەن لەسەر ریفراندەمی کۆتلۆنیا :
https://www.facebook.com/photo.php?fbid=1156733641095446&set=pb.100002764626499.-2207520000.1506755554.&type=3&theater

---

هەمـــا وەك ناســـنامەی دەق … سەروەر حەسەن محەمەد

دەقی: (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم) ی سەباح هەنجەر وەك نموونە (لێکۆینەوەیەکی شیکارییە) ……

ئاماژەی باس:…

چەمکی شیعری نوێ بریتییە لە گۆڕانکاری بنچینەیی لە ڕوانین و هزری داهێنەر و شێوازی مامەلەکردنی لەگەڵ: زمان، بەرجەستەکردنی میتۆدی ئێستێتیکا تەکنیك، دەربڕینی شیعری، زەمینەسازی هەڵوێست، بەکارخستنی ڕوانگە، هەهەند و جیهانبینی ئەزموونی هزری، سایکۆلۆژیای گۆڕاو. لە گرشەنیکای ئەم چەمکە و پێناسەیەوە شیعری نوێ پرسیارگەلێکی مەعریفییە، هەڵوەستە لەسەر: کێی ستراکتۆری ڕوانین و هەڵوێستی هزر و بیرکردنەوە و و ڕایەڵەی دەربڕین و سایکۆلۆژیای دەقی شیعری و شاعیر هاوسەنگ دەکات. سەرهەڵدانی چەمکی شیعری نوێش پەیوەست بووە بە یاخیبوون لە کێت و بەندی شێوازگەرایی، کە فەزای تۆوانینی شیعر و شاعیریان لە چوارچێوەیەکی ئاماژەی باس بەند دەکرد، بەبێ ئەوەی هەچاوی داهێنەرانەی شاعیر بۆ پرسسی هزری گۆڕان و گۆڕانکاری لە هەست و

دەروونی و هزری ئەم بوونەوەرەی کە پێی دەگوترێت شاعیر بکرێت، چونکە چەمکی گ ان وانین و هەوەستی یشەییە لە بنیادی شیعری بە پێوەری چەمکی شیعری نوێ.

هەبژاردنی ئەم ناونیشانە وەك بواری لکینەوەی هەخنەیی شیکاری، چەند پەیوەستە بە ئارەزوو و حەزی لکەرەوە، ئەوەندەش پەیوەندی بە هەکارگەلی کەهکەبووی تواینەوە هەیە بۆ هەخنە و شیکاری دەقی نوێ، چونکە ئەم گەانە شیکارییە پەیوەندی بە تەکنیکی شیعرییەوە هەیە، جووڵە و هێز دەخاتە سەر کاریگەری هەما لە خوێقاندنی ئێستێتیکای زمانی شیعری و وێنەی هەمایی و بەستنەوەی بە فەرهەنگ و کولتوور و هەست و دەروونی و زەمینەی مەعریفی زیندووکردنەوەی یادەوەری ئەم فەرهەنگە مێژوویییە، چونکە ئەم هەمایانە لە نەستی کی کەمەگادا بووە بە بەشێك لە وانینی چەسپاو ، کە دواجار لە سایەی ئەم چەمکە هونەریەی هەماکاندا ستراکتێری مێژوو و یادەوەری بابەتی دەردەبڕێ لە دەقێکی فرە هەهەندی ئاوێزانبوو بە ئەزموونی هەستی داهێنانی شاعیر، چونکە هەماش دیاریکراوێکە، یان ووداوێکی مێژووییی، یان نەتەوەییە... ئەوە بەشێکە لە هزری کێ و ئاوێتە بووە بە ئەزموونی هەستی و شێواز و ناوەرۆکی دەقەکەوە.

هەما لە دەقی: (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم)دا

زمان و دەربڕینی شیعری زمانێکی سرووشکارییە، دەوڵەمەندە بە وشەگەلی پڕ لە واتا و مەبەستی هەمەچەشن، هەکاری ئەمەش بۆ ئەوە ناگەتەوە وشەکان دەربڕینێکی تایبەبن و بۆ ئەوە شیاوبن لە پرسیسی شیعرییەتدا، چونکە لە سروشتی فەرهەنگی وشەدا، وشەگەلێك نین شیعری بن و ئەوانەی تر ناشیعری، بەکو ئەو بوییەرە لە گەی داهێنان و سروشتی ئەزموونی داهێنەردا بە دیدەکرێت، کە تا چ ادەیەك و ئاستێك بەکارهێنانێکی ئێستێتیکی تایبەتی بە وشەکان بەخشیوە، کە پێی دەگوترێت شیعرییەت، کە دەبێتە لەمپەر لە نێوان ئەگەری هەبژاردەی تاکەوی بابەت هەبەستنی خێنەکر، یان لە ئەگەری پێکهاتەییدا لە هەرەمی باو و ئاساییدا، بەکو پێویستە ئەم وشانە ئەو هەرەمانە جبهەن، لە ناوەند و پانتایی دەربڕیندا ئەم واتا و مانایانە لەسەر بە تاکردنەوەی واتا و مانا بەشەکی و گشتیدا وا بن ، چونکە زمانی و دەربڕینی شیعری دوور دەکەوێتەوە لە شێوازگەرایی و بابەتگەرایی باو و ئاسایی، ئامادەدەبێت بە تێپەاندنی ئاماژەیی بۆ هەچوونی دەربڕین بۆ ئەوەی جیهانی دەرەکی وەك وێنەیەکی بینراوی خێ وەربگرێ، لە جیهانی ناوەکیش هەهەندی

هەچوونی تەکەڵاو و ئاوێتە بێت ، کە تێیدا جیهانەکانی خەون و ڕاستەقینە و سوریالیستی ئاوێتە دەبن، هەوڵدەدا بۆ پێکهێنانی داهێنراوێکی ئاوێتەیی نوێ بە ڕێگای نوێ لە دەربڕیندا ، لێرەدا زمانی شیعری بە وێنەی شیعری پێنابڕێتەوە و تێر نابێ و کۆتایی پێنایەت ، بەکو وێنەی هونەری تێدەپەڕێنێ – لە گەڵان و لەگەڵیندا بە دوای سروشکاری و فرەوانی و گشتگیریدا – بۆ هێما (Symbol) ، بۆگومان سروشتی هێماش سروشتێکی دەوڵەمەند و کاریگەرە و دەخرێتە سەر سیاقە(Context) کە تێیدا فرەوانی و قووڵی بۆ دەگونجێتەوە( )، چوارچێوەکەشی، یان گۆڕەپانەکەی ((تاڕادەی تێگەیشتنی واتا دژبەیەك و پێچەوانەکانە))( )، زمانی شیعریش لە ڕێگای هێماوە وەڵامدەرەوەی ئارەزووی شاعیرە بۆ دڕزینەوە و داهێنانی شێوازێکی تایبەت بە خۆی، ئەو کەڵن و کەموکوڕیانەش پێ دەکاتەوە کە لەوانەیە لە ئەنجامی هەچوونی ئەزموونی هەستکردنی شاعیر و ئاڵۆزی ئەم ئەزموونە سەرهەڵبدات، لەبەر ئەوە ناچار دەبێت هانا بۆ پێکهاتەی زمانەوانی دژیەك و پێچەوانەکان و تەنانەت ئەو پێکهاتەمیەش ببات، کە دوورن لە پێکهاتەی باو و ئاسایی، بۆ ئەوەی بتوانێ هەستی تایبەتی و وردی ئەزموونی خۆی بگوازێتەوە کە پێیوە دەناڵێنێ، بۆگومان هێماش پشت دەبەستێ بە لێکچوونێکی سوسیەلۆژیانەی و نێوان شتگەلێك، ئەو لێکچوونە سوسیەلۆژیەش بەرێگای شاعیر لە ڕێگای هەستکردنی خەمەڕانراو لە پەیوەندییە قووڵ و شاراوەکانی نێوان دیاردە ماددییەکان و ئەو نهێنییانەی کە لە دیوی پشتەوەی ئەو دیاردانە شاردراونەتەوە دەیچنێتەوە و دەیهێنێتەوە، ئینجا وزەیەکی سروشکاری داهێنەرانە لە بەیەکگەیشتنی شتگەلەکان بەکاردەخا بۆ ئاشکراکردنی ئەو نهێنییانە، بەڵام ئەو ئەزموونە شعووریانەی کە شاعیر تێوانینەکانی بۆ گەردوون و بۆیەری ئەرێنییەکە(واقیع) لە بەرەکەیەوە هەڵدەچنێ کە کارامەیی و وشیاری دڕزەرەوەی سروشتی شتگەلەکانی پێدەبەخشێ و گەوهەری دیاردە ماددییەکانیش پەرش و بڵاو و ناڕێکن، لێکچوونی نێوانیان لە ڕێگای هێماوە بەیەکەوە گرێ دەدەن کە لەسەر ڕێشنایی تایبەت لە تایبەت، یان گشتی لە تایبەت، یان گەردوونییەکی گشتگیر لە گشتیدا : بەڵام لە سەرووی ئەمانەشەوە ئەوە ڕێشنی نەمرییە لە چرکەساتی هەنووکەییدا و ئەوەی پێیدا تێدەپەڕێ( ).

دەتوانین بڵێین: هێماکان شتگەلێکی ئامادەیی و هەنووکەیین، یان شتگەلێکی نا ئامادەیی و نەبوون، یان شتگەلێکن بوونیان بە مەحاڵ و گریمانە و خەمڵاندن دەکرێت، یان لەوانەیە بەکاربهێنرێن بۆ دڕزینەوەی شتگەلی نامۆ و نادیار و ون، بەو شێوەیەش هێماکان

میکانیزمی ئەبسەلۆژین لە پرسیسی یادەوەری و پێشبینی و ناساندن و هەستکردنی هەنووکەیی مۆژووی شتەکان و مۆژووی بەهاکان بۆ خزمەتی فەرهەنگ و کولتوور و ژیاری مرۆیی ، کە ڕابینی و پێشبینی تێیدا دەبێتە سروشتێك، کاتێك ئەگەر هەماکان ڕایەڵەی پەیوەندییەکان بگرێتەوە کە خاوەنی چوارچێوەیەکی یەقینین( ).
سەبارەت بە جیاوازی نێوان میتافۆر و هەماش ڕەخنەگرتێك دەڵێ: (دەوڵەمەندی میتافۆر پەیوەستە بە نیشانەیەکی خودی تایبەت ، بەڵام دەوڵەمەندی هەما چۆنایەتی و چەندایەتییە پەرش و بڵاویەك و پەرتەوازییەك لە تاکەکان و دۆخەکان دەگرێتەخۆ، ئەمە دەتوانین لە دوو پێگەدا جیایان بکەینەوە ، یەکێکیان ئەندێشە دەبەستێتەوە بە تێواننین و هەست پێکراو ، بە شێوەیەك هەست پێکراو وابەستەیە بە ڕوانینی بیرکردنەوە لەناو چوارچێوەیەك پشت دەبەستێ بە بەستەرێك لە نێوان دوو شتدا ، دووانەکەش لە بەرانبەرماندا خۆیان دەنوێنن، بەڵام هەما وێنەیەکی سەربەخۆیە ، بوونێکی خۆکردەییە ، جووڵانەوەشی ئازادانەیە ، خاوەنی ڕەسەناتییەکی نامۆیە و ناچێتە ژێرباری چەمکە دەرەکییەکان، لێرەدا دەتوانین بڵێین هەموو ئەوەی پەیوەستە بە پەخشنامە، یان ڕیپێرتی فیکرییەوە، یان وەسفکردنی جۆرێك لە داهێنان و خولقاندنی ناخەوە کە پێدەچێ نایابانەتربێ لەو وێنەیەی لەگەیدا چوارچێوەی گرتووە لە هەما دووریان بخەینەوە ، بەو شێوەیە هەما لووتکەیەکە ، یەکگەیشتنی لە کۆتایی پێدێت ؛ لە میتافۆردا هاوبەندییەکی، یان جووتکردنێکی نادیارە، لە هەمادا یەکەیەکی خودییە و سەربەخۆییەکی جێگیر و پتەوە کە وای لێدەکات سەروەرێکی باڵا بێت لە دەقی شیعرییدا و یاخی دەبێت لە دووکەوتەییەکی بەشکراو، یان بەشەکی دیاریکراو، لە پێکهاتەی بەشەکانیدا.
دواتر دەبینی کە چی سرووشکاری نابێتە جیاکارییەکی لەمپەرئاسا لە تێکەڵاوکردنی هەردووکیان؛ میتافۆر وێنەیەکی سرووشکاری گشتییە و ڕوانگەتێکی پوختکراوی ڕوونە؛ بەڵام ئەمە بە تەنیا میتافۆر ناگۆڕێ بۆ هەما.)( ).
لێرەدا گرینگە تیشك بخەینە سەر چەمکی هەما لای کارل گۆستاف یۆنگ کە دەڵێ : (هەما ئامرازی تێگەیشتنە لە شتێك کە ناتوانرێ دەربڕێ تەنیا لە ڕێگای هەماوە نەبێ ، هەما باشترین ڕێگایە بۆ دەربڕینی شتێك کە هاوکێشەیەکی زمانەوانی دەربڕینی نییە، هەما ئەڵتەرنەتیڤی شتێکە کە ئاستەنگیان مەحاڵە، تەنانەت لە خودی خۆشیدا دەربڕێ( )) . لێرەدا دەتوانین بڵێین کە هەما میکانیزمێکی هەستی بایەخدار و گرینگە وەك ئاماژەیەك بۆ شتێکی واتایی کە ناکەوتە ژێر هەستەوەرەکان ، ئەو بایەخ و گرینگییەش لەسەر ڕووەکانی لێکچواندنی

دووشت، یان بەها، یان نرخ وەستاوە کە ئەندێشەی هێماگەر هەست پێکردووە، یان هەستی پێکردووە( ). ئەمەش لەسەر توانای شاعیر دەوەستێ لەسەر دۆزینەوەی خودیی بەهاوتا و چەسپاو لەسەر ڕێسا ناوەکییەکانی ئەم لێکچوونە، بێ ئەوەی هێماکان توانا و کاریگەری و توانای سرووتکاری لە واتاکانی لە دەست نەدا. بێگومان ئەو پێشەکییە تیۆرییە گرینگە بێ خوێندنەوەیەکی شیکاری پراکتیکی دەقەکانی: (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم).

سەرەتای کارەکە بە دەقی (بانگەوازی گوڵەهێکەن) دەست پێدەکا، وشەی (گوڵەهێکەن) مانا و واتاییەکی فەرهەنگی سنووردارە هەیە ، بەڵام هەندێ و ماوەیی ئاراستەکردنی بانگەواز و پەیام و هەواڵی شاعیر ئەم وشەییەی کردووە بە هێمایەك کە بەشێکە لە پرۆسەی جیگۆکێ و لە دنیادەرچوون، بانگەوازێك کە پێکهاتەکەی سرووتکارانەیە وەك پەیامێکی پیرۆزی و باڵایی داهێنەرانەی کەسایەتییەکی ئەفسانەیی کە پیشەکەی بریتییە لە جگۆکێ پێکردن لە دارێکی سەرزەمینی بێ لە دنیادەرچوون، یان ئاوەڕکردنی جەستە لە ژیانەوە بێ دارێی مردن. واتە: (گوڵەهێکەن) ئامرازی یەکەمی جگۆکێ کردنە، سەرەڕای ئەوەی ئەم دەقە ژمارەی (0 = سفر = هیچ)ی بێ دانراوە لە کۆتیکستی (حەز دەکەم ئەوەندە بژیم)، ژمارە (0) یش هێمایەکی نەوەندگیرییە لە نێوان ژمارە نەگەتییڤەکان و پۆزەتییڤەکان و خاڵی وەرچەرخانە بێ هەردوو بوارەکە و خەسڵەتی گونجاندن و جووڵە و کێشی هەیە( ). بە واتایەکی تر ناونیشانی ئەم دەقە پێنتی گونجاندنی لەگەڵ مەودای جووڵەی دیاریکراوی دەقە، کە تێیدا شاعیر و دەقەکە یەك تەنی هاوکێش و هاوشێوەن و هیچ جیاوازییەك لە نێواندا بەدیناکرێت.
(هەواڵی جگۆکێی سەباح سابیر حەسەن
18/11/2045 – 11/11/1965
شادییەکان دەبیستێتەوە
هەشتا ساڵ دەزووی بە درزی وەکردنێکە
بە سەر ئاوەشاندنی پێ خەمەوە( )).

ناوەرۆکی پەیامەکە بریتییە لە هەواڵی جگۆکێی خودی (سەباح سابیر حەسەن)ە، بێگومان بەکارهێنانی ناو لێرەدا هێمایەکی خودییە و بریتییە لە هاوەڵی تاهەتایی شاعیر و هەندێ ئاستەقینەی کەسایەتی ئەبەدی. واتە: ناو وابەستەی ناولێنراوە و مەودای یەکگرتنی کەسایەتی شاعیرە، هەردوو مژووەکە 18/11/1965 مژووی هاتنە دنیا و ژیان. واتە: لە دایکبوون، کە بە گۆڕ و مانگ و ساڵ دیاریکراوە، مژووی دووەمیان جەهشتنی دنیا و ژیان. واتە: مژووی

کچی دوایی و مردن له: 18/11/2045 مژوویەك كە حەز و ئارەزووی و ویستی شاعیر بۆ ژیان و ماوەی نێوان ئەم دوو مژووە هەشتا ساڵە. واتە: هەشت دەیە، كە ژمارە (0 = سفر) بەشێكە لەم پێكهاتە هێمایی ژمارەییە. شاعیر لەبارەی ئەم دوو مژووە دەڵێ: (لە نێوان ئەم دوو مژووەدا 18/11/1965 – 18/11/2045 ، كە دراو و داواكراون مژوویەكی تر نییە، یان هەوڵدان بۆ دروستكردن و قەوارەپێدانی مژوویەكی لەم بارەییەوە نییە. بگرە وەهمێكی جوان و ناوەندێكی چالاك هەیە، بەوای بە خۆشبەختی و خەڵاتی خودایی هەیە، دەشیەوێت ئاگر لە خوداوەند بدزێت، پاشان لە پەرجوویەكدا بمێنێتەوە، پەجووی حەزی ژیان و داهێنان و مانا و بوونی كەسایەتی خۆی تێدا بپارێزێت.)( ). واتە: ئەم دوو مژووە هێمان بۆ ویستی ژیان و حەزی داهێنان، مەودای مژوویی هەهەندی كەسایەتی و گونجاندن و كێش و جووڵەی (سەباح سابیر حەسەن)ە، كە چەق و پێنتی نێوان ژیان و مردنە، ئەم پێنتەی نێوان ژیان و مردن كە داهێنان و حەزی ژیان بە یەكیان دەبەستێتەوە و جاوییدانیەك دەبەخشێتە هایەڵەی نێوانیان، (هەواڵی جەنگ)ی) هێمای پەیامی دژنادژنی لە دنیا دەرچوونە، وەك ویستی شاعیر و حەزی ژیان كە ویستێكی پەرجووە لە ئێستای شاعیردا كە پێشبینی مژووی بەر لە دنیادەرچوونە كە لە ساتی هاتنە دنیاوە تا لە دنیادەرچوون (هەشتا ساڵ)ە، ئەمەش حەزی ژیانە و ویستی داهێنانە و هیچیتر، لە لایەكی تر ئەوەی (جەگەی سەرنجە ئەو خودبوونەوەی ئەم دەقە كە لە ژیانی شاعیرەوە وەكو لەو پارچەیەی سەرەوەدا دەیبینین كە شاعیر ناوی تەواوی خۆی خستێتە نێو دەقەكەوە. هاوكات ئەمە پێداگری تەواوەتی شاعیرە لەوەی ئەگەر لە دەقەكانی تردا دووری لە نێوان خۆی و دەقەكەدا مەودایەكی دیاریكراو بێت، ئەوا لەم دەقەكەدا تاڵەموویەكە و هیچی دیكە، هەر بۆیە هەست بە توانەوەی خودی شاعیر دەكەین لە نێو خودە شیعرییەكەدا..)( ). واتە: ئەم پەیامە موناجاتێكە ، كە تێیدا هێما و مەودای دیاریكراو لە دەقەكەدا هاوسەنگ و جێگیرە لە نێوان ناو و مژوو و حەزی ژیان و پەرشی بە دیهێنانی ئارەزووی داهێنان بەم شێوەیە:

هەشتا ساڵ دەزوو بە دەرزی وەكردنێكە
بە سەر ئاوەشاندنی پێ خەمەوە

لە بەردەوامی دەقەكەدا شاعیر چەند هێمایەكی سروشتی بە كاردەهێنێ كە مایەی هەڵوەستە لەسەر كردنە:

(مەڵكی كۆچەری لەسەر لكی درەختێك نیشتەوە
خۆنی لەسەر لكەكەوە جێما
چووم تەواوی درەختەكە و خۆنەكەم ماچ كرد
وەرە خەونم با ڕووگەنمام

خۆشی پێی باڵندەبێ و لە ئاگر ڕابمێنم
لە ئاگر ئامان ئاشق وەك میوە پێدەگەیەنێ
بستە خاکە ماندووەکەش یەکپارچە دەبێتەوە
مۆسیقا و گۆزەی پێ
لە ئاکامدا هەر دەگەم بە باڵی باڵندەی بریندار و دڵی خۆم
ئێستا چاوەڕێی فەرمانم بفەرمووی
بۆ تاهەتایە سەرگەردان بە
ئا ئەوەتا من ئامادەم)( ).
لەم نواندنە هێما ئامێز کەناڵێك دەکاتەوە لە نێوان هەست و نەست، لەگەڵ یەك ئاوێتە و تێکەڵیان دەکا ، چونکە پشکەی ڕووگەکانی فیکر و هەست لەنێو جێشی بێسەیەکدا نقووم دەبێت، (باڵندە و درەخت) لە (مەڵکی کۆچەری لەسەر لکی درەختێك نیشتەوە) هێماگەلێکن لە هەڕەمی هەستەوە لە دایکبوون (مەل) هێمای ئازادی و دڵنەوایی و ئارامبەخشی ، ئامانجی ژگاربوون لە کەوتن و ڕووخان دەگەینێ ، (لکی درەخت) کە پەلوپۆی مەعریفەییە، چونکە درەخت هێمایە بۆ مەعریفە و ئەپستەمۆلۆژیای گەشەکردن لە ڕێگای پشکەوتنی ژیاری و شارستانی، (خۆنیش) لەسەر لکە جێماوەکە، هێمای قوربانیدان و کۆشش دەبەخشێ، بێگومان هەر سێ هێما لە پروسەسی پیرۆزی پەیامی داهێنان بەشدارن (چووم تەواوی درەختەکە و خۆنەکەم ماچ کرد).
(وەرە خەونم با ڕووگەنمام
خۆشی پێی باڵندە بێ و لە ئاگر ڕابمێنم
لە ئاگر ئامان ئاشق وەك میوە پێدەگەینێ
بستە حاکە ماندووەکەش یەکپارچە دەبێتە
مۆسیقا و گۆزەی پێ
لە ئاکامدا هەردەگەم بە باڵی باڵندەی بریندارێ دڵی خۆم)( ).
لێرەدا هێما پەیوەندی نییە لەگەڵ جیهانی خەونی و ئەوانەی لە بازنەی خەوندا خولدەخۆنەوە، وەك وێنە و قسە لەبەرخۆکردن، بەڵکو هێمای کۆکەرەوەی نێوان هەست و نەست و نهێنییە قووڵ و نادیارەکانە، وەك دیارە هەندێك جار ئاماژ و دژیەکن، بەڵام هیچ دەرفەتێك نییە لەم ململانێیەدا تەنیا گەیانەوە نەبێت بۆ ئەو کەشەی کێدەقەکە (خۆشی پێی باڵندە) هێمای قوربانیدانە) ، (وەرە خەونم با ڕووگەنمام) خەون و ڕووگەنما (قیبلەنما) هێمان بۆ هیوا و حەزی ژیان کە شاعیر وەك سەیرکەرێك دەچێتەوە ناخی خۆی و بە ئاگایییەوە حەزی ژیان، دەنەخشێنێ، ئەوەی جێگای سەرنجە شاعیر کارامەیی خۆی دەنوێنێ لە بەکارهێنانی هێمای ئاگر وەك هێمای جێشدان و جووڵەندن و پێکهاتەییەکی گرینگی بوون و ژیان (لە ئاگر ئامان ئاشق وەك میوە پێدەگەینێ). واتە: ئامان لە ئاگر ئاشق و میوە جێشدەدات و پێی

دەگەینێ، لەو وێنە لێکچوونەیەدا (لە ئاگر ئامان) وەك هێمای گەشەسەندنی حەزی ژیان دەردەکەوێ و بە هۆکاری لێکچواندنی بە (ئاشق) بە (میوە) و هاوبەشی کردنیان لە گەیێندا و بە بەکارهێنانی ئامرازی (وەك)، دوای جێشدان و گەیینی حەزی ژیان و لە دایکبوون دەبێتە کەنەقال (مۆسیقا و گۆزەی پێ) و ویستی شاعیر وەك پەیامێك سەر هەڵدەداتەوە و بە سووربوون و بەکارهێنانی کاری (هەر دەگەم) لەسەر حەزی ژیان، بەڵام ئەو حەز و ویستە دەبێتە ڕێسا و پێنتی پیرۆزییەکی مەعریفی، کە ئەنجامی تێکوشینێکی مەعریفی بووە و بە قوربانی خودی شاعیر هاتووەتە دی (لە ئاکامدا هەردەگەم بە باڵی باڵندەی بریندار و دڵی خۆم). شاعیر وشەی بە هێما کێشمداوە و دەروازەکانی بە ڤیگەری ئیسنێتیکی شیعری لێککردووە و قفڵی داون. ئەم دەروزە کێشمدراوەش بە کلیلی ڕێشنی و سروتکاری واڵا دەبێت، وەك چۆن (حەکیم مەلا ساڵح) لە شیکاری کێشیعری: (خەون وا خۆی گێڕایەوە دەڵێ: (شیعرەکان بە قوفڵی هێما و ئاماژە داخراون و کلیلی تایبەتی خۆیان دەوێت بۆ دەرگا لەسەر واڵاکردنیان، ئەمەش مەرجی شیعری تێکمە و چەند چین و قووڵە.)( )..
وەك چۆن ئەو کێشمەکێشانەی کە ڕەنجدەر لە نێوان ڕەهەندەکانی بنیادی هێماگەرایی و هێماکان داینـاوە و دایمەزراندووە بە زاڵبوونی ڕێشنی و بریقەداری بیرکردنەوە دەناسرێت کە لە فەزا و ڕەهەندی هەستییەوە دەدرەوشێتەوە ، بەڵام بە هەمان شێوە مەودا و قووڵی نەستیشی بەسەردا دەژێ لە شێوازی چەند دەستەواژەییەك کە قووڵی ناخ و خودیی شاعیر فراوانتر دەکا : (وەرە خەونم با ڕووگەنمام ، مۆسیقا و گۆزەی پێ).
(هەتاو بۆم دوا
نابێ هیچ ڕازێك لە تاریکیدا بمێنێتەوە
شوێنەواری هەموو ڕێگاکانیش دەربکەون
تەرمەکەم لەبەر هەیوانێك داندراوە
پووڕەی شیعر دەوری گرتووم و ناوی شیعرم لەسەر لێوە
شیعر لە دڵەوە نوێژم بۆ دەکات( )).
لەم دەقە و لە کەشوهەوایەکی سۆفیانەدا شاعیر کارامەییەکی تر دەنوێنێ ئەویش بەکارخستنی تەکنیکی هێمایە و ئاویتەکردنیەتی بە چەند ئامراز و و تەکنیکێکی تری زمانی شیعری وەك گیان بەبەرداخستنی هێما و میتافۆری (هەتاو بۆم دوا) و دژییەکی تاریکی و ڕووناکی و گەڕانەوە بۆ باکگراوندی ئەبستمۆلۆژیای مۆژوو بە ڕەهەندی دێنادێنی و مەودای سۆفیگەرایی پیرۆزکراو و نواندنی ئەم تەرمە دیرکییە لە دووتوێی وێنەی شیعری ئاڵ و واڵا بە شێوەیەکی ئیستێتیکی مەعریفی خودییەوە . (هەتاو بۆ دوا) مایەی هەڵوەستە

لەسەر کردنە هەتاو، یان خۆر و ڕۆشنایی لە بیروباوەڕە کۆنەکان و ئەوانەی پەیوەستن بە باوەڕی ڕۆژهەڵاتییەوە، بەشێکە لە ئەدەبیاتی پیرۆزکراوی ئەو پنتە جوگرافیایە ، هەمایە بۆ ڕۆشنایی و ڕووناکی ژیان و هەنگی درەوشانەوەی فریشتەکانی خوداوەندە و زۆر جاریش سیمای دەرکەوتنی ڕووی خولقێنەری ئاسمانەکان و زەوی مرۆڤ و سەرجەم بوونەوەرەکانە، سەرەتا و سەرهەڵدانی بوونە، ئەم هەتاوەی هەنجدەر، دەرکەوتنی خۆری مەعریفەیە و حەز و ویستی ژیانە. هیچ ڕازێك لە لایەی و تاریکی ناهەقیقەتەوە و بە ڕۆشنایی مەعریفەی تیشکی هەتاو شۆنەواری سەرجەم تولە ڕۆگاکانی ژیان دەردەکەون. بە واتایەکی تر، تاریکی ڕادەماڵێ و ڕۆشنایی بە حەز و ویستی ژیاندۆستی شاعیر دەبەخشێ و هیواکانی بەم ڕۆشناییە دڵتەدی، ئەم هەتاوە هەتاوی پاکی و بڵگەردییە و ڕۆشناییەکی سۆفیگەرانەیە، لێرەدا هەمای هەتاو کە واتای پیرۆزی ڕۆشنایی مەعریفە و بڵگەردی دەگەینێ بەکەس کراوە بە تەکنیکی Personification و خەسڵەتی دواندن و ئاخافتنی خراوەتە پاڵ. لە هەمان کاتدا میتافۆرە ، ئەگەر لە ڕووی شێوازگەریشەوە سەرنج بدەین دەبینین کاری (نابێ ، دەربکەون) :

نابێ هیچ ڕازێك لە تاریکیدا بمێنێتەوە

شۆنەواری هەموو ڕۆگاکانیش دەربکەون

دوو کاری و دەلالەتی سووربوون و جەخت کردنەوە دەگەینن بۆ بەدیهێنانی حەز و ویستی ژیان بۆ گەیشتن بە هیوا و ئاوات و ئارەزووی و دەیەوێ پێمان بڵێ : ئەوە ڕۆشنایی هیوایە کە ڕووناکی مەعریفەی حەزی ژیان و ژیاندۆستی بە شاعیر دەبەخشێ و ڕازەکانی لە تاریکیدا سەر دەردێنن، شۆنەواری تاریکی ڕۆگاکانیش لە ژێر چەپۆکی تاریکیدا بە ڕۆشنایی هەتاوی مەعریفە بە دیاردەکەون. ئەمەش لە دووتۆی نزایەکدا سەرچاوە دەگرێ نزایەك لە ناخی شاعیرەوە ئاراستەی (خودای سەد و یەك ناو) دەکرێ کە هەمایە بۆ خودای خولقێنەر ی مرۆڤ و خاوەنداری باڵایی و مەزنایەتی و هێزی لە ڕادەبەر، بۆ ئەوەی ئارامی بە تەرمی شاعیر ببەخشێ کە بە پووڕەی شیعر دەوردراوە. هەمایە بۆ پاکی داهێنان و بڵگەردی و جاویدانی و بیپارێزێ لە خراپەکاری :

(خودای سەد و یەك ناو

حیکمەتی وشەم تێدا بخرۆشێنە و لە شاعیرە

مەنگڵی و

دڵەڕەش و

بەدگۆ و

دەروونکلێرەکان بمانپارێزە( )).

لە لایەکی تر گرینگە هەڵوەستە لە سەر هەمای مردن بکەین:

(تەرمەکەم لەبەر هەیوانێك
پووڕەی شیعر دەوری گرتووم و ناوی شیعرم لەسەر لێوە
شیعر لە دڵەوە نوێژم لەسەر دەکات)
مردن لێرەدا پێوەرێکی میتافزیکی نییە بۆ دابڕان لە ژیان، بەڵکو پێوەرێکی سۆفیانەی ئیستێتیکییە بۆ حەزی ژیان، چونکە ئەو ساتە سۆفیگەرایییەی مردن، جیهانبینی شاعیر لەگەڵ شیعرە و شیعر دەوری شاعیر دەگرێ و ئەویش پیرۆزترین وشەی لەسەر لێوە کە (شیعرە) ، شیعر لێرەدا هەمای باوەڕە لە ناخی شاعیرەوە دەبڕێتە بەڵگەی ئیمان و پیرۆزی و ... تاد، بڵگومان نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ شیعر لای سەباح هەنجدەر : (لە شیکلی جیهانێکدایە ، کە نە سەرەتای دیارە و نە کۆتایی، بەڵکو لە پەڕەی جوانیی، لە دەنگی نامۆ، لە بزاوتێك، لە ئاماژەیەك، لە ساتمەیەك، لە بیرەوەرییەك پێکهاتووە؛ لە کۆتاییدا ؛ هەموو شتێك لای شاعیر دەبڕێتە ماددە و مایەی شیعر. هەنگە باسی لە سەرەتایەك بکات، بەڵام سەرەتایەکی زەمەنی نییە، بەڵکو ئێستایەك پێکدێت کە زەحمەتیشە دەستی بەسەردا بگرین.)( ).

ئەوەی مایەی ئاماژە پێکردنە بنیادی هەما لە لای شاعیر لەسەر پەیوەندی تایبەت بنیاتنراوە لە نێوان هەندێك واقیعەت و دیاردەی هەست پێکراو و تەوژمی بیر و وانینی خودی لە دواوییەتی و لە دەرەوەی چوارچێوەی دەقەکەدا دەووخێ و دادەمێ، چونکە شاعیر بە هۆزی خەماندن دەگاتە دامەزراندنی ئەم ستراکتێرە هەماییە لە دووتوێی هەوڵستێکی دیاریکراوی شعوریدا، لەبەر ئەوەی هەستپێکراوە دیاریکراوەکانی واتا و کاریگەرییەکانیان لە دەستدەدەن، ئەگەر خاڵی بکرێتەوە لەم هەوڵستە شعوورییەی کە سرووتکاری لێ بە دەستهاتووە . لە وانەیە شاعیرێك جگە لە هەنجدەر هەمایێکی دیاریکراوە دابهێنێ، دواتر شاعیرێکی تر بە کاریبهێنێ بۆ مانا و واتایەکی تر و واتای هەنجدەری پێنەبەخشێ، لەو کاتەدا گرینگترین بنەماکانی خێی لە دەستدەدا، کە بریتییە لە سرووشی هەوڵستە نوێکراوەکە. (هەتاو) هەماییەکە هەنجدەر بۆ ناسینایی ئەبستمۆلۆژیای هیوا و سەرەتا و دەستپێکی حەزی ژیان بەکاریهێناوە ، لەوانەیە شاعیرێکی تر وەك هەما بۆ زەنگی شادش و بەرخودان و هەمای ئاپەیین بەکاریبهێنێ. هەنجدەر بە ناوەوە پێچاوپێچەکانی مردن هەنگاودەنێ تا چارەنووسی خێی بە پێی ئیسا و بەها مەعریفییەکانی خێی دیاری بکات. مەرگدەستی بەشکە لە ژیاندەستی و ئێستێتیکی ئەزموونی هەستی و هەهەندیی باڵای دەق کادی باڵا دەست نیشان دەکات (کتێبی ئاسمانی) هەمای چارەنووسی رەنجدەرە بەهای بەنێنی حەزی ژیانی تێدا شیکراوەتەوە و خودی شاعیر یاسای لۆژیکی ئەم ژیانە دەنەخشێنێ.

(دانانی ئەم سنووره خودیەی ھەنجدەر بۆ ئەوەیە ئەو سنووره باو و ئیلاھییە بشکێنێت کە بەسەر ھەموو بوونەوەرێکدا دەسەپێنرێت ئەویش دانانی خاڵی کۆتایی بوونە، شاعیر لەم دەقەدا دەیەوێت لە بری ئەو خاڵی نەبوو، بەڵام دەیەوێت دەرچوونی لە دنیای بە خواستی خۆی بێت و خۆی( )). خۆی ڕەسا و یاسا و مردنی دیاری بکات بۆ ئەمەش ھەمای شۆن و کات و ھەھەندی مردنەکەی دیاریکردووە.

(من پەوەری ھەستەکاتی زەویم
بە پێ ێگایەکی دوور و درێژم بڕیوە
میوانداری ئەوانە دەکەم پێیان گەیشتووم
ەگی میوەی مەی چەترمە و ھەوێمداوە
بە تاو وەرن ئەستێرە شەوقدار و برای گیانی ھەستەکانم( )).

(من) ھەمایە بۆ باڵایی و بەرزی خود، لە دیدی ڕەمانسیزمدا (من) چەقی ھەڕوەستەکردنە و گەڕانەوەیە بۆ ناخ و جیھانبینی مرۆڤ بۆ سروشت و کۆی پێکھاتەکان، (من) ڕوانینە و ڕانانی جیھانی شاراوەی ناخە، سایکۆلۆژیای یاریکەری داڕشتنەوەی جیھانە بەپێی پێوەری خودگەرایی، ھەر بۆیە شاعیر ئاشنایە بە باڵانسی ھەستی خۆی بەرانبەر زەوی و سروشت و بە پێچەوانەکەشی، (من) ی ھەنجدەر ئامادەیی خودە بۆ گەیاندنی پەیام و بانگەوازی گەڕانەوە بۆ ناخ و ئەندێشە و ڕوانین بەرزکردنەوەی ھەوتی تاکگەرایی دەگەینێ و ڕۆژدە لەسەر جیاوازی بە ڕەگای ئەزموون و بە کەسایەتی کردنی زمانی شیعری، (من) پنتێکی موتەعالی سۆفیگرانەی عیرفانەیە کە لە یەکێتیدایە لەگەڵ بوون و سروشت ھەستەکانی زەوی دەپێوێ، کە زەوی پڕسۆنا کراوە و سیمایەکی مرۆڤاییەتی وەرگرتووە ، بەو گۆڕەی سۆزە بە تینە و شەیداییەوە ھاتووە تا میوانداری ئەوانە بکات، کە بەشێکن لە ڕوانین و یادەوەری، بە تینەوە ھاتووە بۆ حەزی ژیان و ویستی ژیانکردن، کە ھیچ دەرفەتێك ناھێڵتەوە لە نێوان ژیان و مردن.

(ەگی میوەی مەی چەترمە ھەمداوە).

(ەگ) ھەمایە بۆ قوبوونەوە و یەکێتیی ناخ و ھەست و ھەوەستەکردنە لەسەر ناحی شاعیر بەرانبەر ژیان/مردن ، (مەی) ھەماییەکی عیرفانی دەبەخشێت و ھەمای باڵایی ڕەحە، ھەدانی چەتری ەگی مەی ئاماژەیە بۆ بەرگری لەو باڵییە کە لە ئاسمانی دڕەوشانەوە و جیھانی بەرزی بووندا لەنگەریان گرتووە و نزاکار و بە دیھێنەری حەزی ژیانی ھەنجدەرن و لە کەشوھەوای ڕێشتن و گەڕانەوە (مردن/ژیان و ئاسمانی/زەمینی) دەبن بە ئامرازی پیرۆزی حەزی ژیان و ویستی بوون لە چوارچێوەی شەیدایی سۆفیگەرانەی مانەوەدا.

(به تاو وەرن ئەستێرەی شەوقداری و برای گیانی هەستەکانم
ئاسمانی ڤوون قووڵ و بڵدەنگ و گوڵایەڵ ماوەتەوە
تایبەت دیدارمان دەبێت
دەبین بە خاوەنی چاوەکانی
وەك چاوی ئەو و دڵی خۆمان
بە ڕۆگادا یاری ڕۆیشتن و گەڕانەوە دەکەین
ماسوولکەکانی ڕۆگا تونددەبنەوە
کەپری پشوودان لەمبەر و ئەو بەری دەبەستێ
هەر کاتێك تەماشای ڕۆگا بکەین
هەموو شتێکمان بە بیر دێتەوە و بە ناو کاتێکی خۆشدا ڕۆ دەکەین( )
).
ەنجدەر لە ناو تین و تاوی ڕۆیشتن و گەڕانەوە بەردەوام دەبێ و هەماکانی ژدتر دەکاتەوە، لە قووڵایی ناخیەوە بنیادی پێکهاتەیی ئەو هەمایانە دادەڕژێ و داخوازی هاتنی (ئەستێرەی برای گیانی هەستەکان) دەکات ، کە هەمای بەرزی و مەزناییەتی داهێنان و داهێنەرانە و هاوسەفەری حەزی ژیانی ئەون. (ئاسمانی ڤوون و قووڵ) هەمای باڵایی و فراوانی دەگەینێ. دوو ەفتاری مرۆڤیان پێ بەخشراوە و بە میتافۆرێك بەکەس کراوە. پەیامەکەشی، یان بانگەوازە هەستیەکەی ئاراستەی ئەستێرەی ڕۆشتن و بریقەدارەکانی داهێنان و برای گیانی هەستەکانی دەکات ، چونکە ئەو پێوەری ژیاندۆستی هەستەکانی و هاوڕێی هەمیشەیی هەستی ئەستێرە، یان داهێنەرەکانی جوانی ژیانن ، ئەوەی مایەی سەرنجە کە هێز و جووڵە لەم دەقەدا هەمیشە پاڵنەر و خوڵقێنەری هەمای مەعریفی و عیرفانی مەزنن کە دواجار سات و کاتی حەز و ویستی شاعیر دەگەیێنن وەك چۆن لەم دەستەواژانە بە دیاردەکەون (بە تاو وەرن – تایبەت دیدارمان دەبێت – دەبین بە خاوەنی چاوەکانی – ماسوولکەکانی ڕۆگا تونددەبنەوە).
"تایبەت" هەمای هێزێکی پیرۆز و خولقێنەرە و جووڵێنەرە، خاوەندارییەتی ڤوانینە بۆ پێکهاتەکانی ژیاندۆستی و داهێنەری ئاسوودیی و بەختەوەرێکی مەزنی پەیوەست بە ڕۆسای جوانیناسی و ئاکارناسیە لە چوارچێوەیکی عیرفانیدا کە هەماکانی بەم وێنانە ڕاڤەکراون، ڕۆەوی دیدارەکە شاعیر و ئەستێرەکان (کەپری پشوودان لەمبەر و ئەو بەری دەبەستێ – هەر کاتێك تەماشای ڕۆگا بکەین / هەموو شتێکمان بە بیر دێتەوە و بە ناو کاتێکی خۆشدا ڕۆ دەکەین).
واتە: ئەو هەمای(تایبەت)ە. بنیادی هەمایەکی سۆفیگەرانە شیتەڵ دەکات، کە بریتییە لە شیکردنەوەی مردن وەك کۆچکی ەمزی ڕۆح لە مەجەڵاتی کەونییدا، هاوتای گەڕانەوەیەکی وەجد ئامێزی سۆفییەکە بە تەعالییەوە بە پێی بنەما و ڕۆسا بچێتەوە ئاسمانی دیداری هەما بۆ

کراوەکە کە هەما هەزی مەزن و پاك و بڵگەرد دەگەینێ، کە خولقێنەر نهێنی هەز و جووڵەیە.

لە زەمینەی ئەزموونی شیعریدا، کە تێیدا ڕەگەزەکانی بنیادی هەمایی یەکدەگرن و دەچنەپاڵ یەك، یان پشتگیری یەکتردەکەن. هەزکی سرووشکاری مەزن لە دایك دەبێت ، وەرگر/خوێنەر هەست بەوە دەکات لە پشت کۆتەی، یان پەیکەری هەستدا جیهانکی شاراوە هەیە، لەبەر ئەوە دەست دەکات بە هەوڵی شیکردنەوەی نهێنییە پەردەدراو و نادیارەکان، بەهام ئەم مانایانە بە سایە و سێبەر و سرووشە شاراوەکان و ئەوەی لە ئەندێشەی شاعیر تێدەپەڕێ و دەبەزێنرێت بۆ شتگەلێك، کە ڕێکدەکەوێ لەگەڵ ئەو ڕەهەندە سایکۆلۆژیانەی وەرگر/خوێنەر ئاوێتەیان بووە و کەڵەکە دەبێت ، لێرەشەوە توانای جێراجێری ئاستەکانی تێگەیشتن و شیکاری و ڕاڤەکردنی بۆ هەمای شیعری چەکەرە دەکات، لە ڕێگای نقوومکردنی هەماکە لەناو ژینگەی کەڵەکەبووی فەرهەنگی کولتووری و ژیاری وەرگر، چونکە هەستپێکراوە سنووردارەکان بەند ناکرێن. لەبەر ئەوە قەوارەیەك، یان ڕەنگێك، یان خودێکی باڵای نابێت، چونکە خەڵك جیاوازیەکی هەست پێکراو بەدی دەکەن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم هەمایانە جیاوازییەك کە هەندێك کات دەگاتە ئاستێك کە چاوەڕوان نەکراوە. شاعیر لەبارەی ئەو چاوەڕوانییە دەڵێ : (لە سەرەتاوە تا وەکو کۆتایی و هەڵ و هەمایدا ، شیعر ئاراستە و پرسیارێکی زمانەوانییە، خوێنەر لە سەرسوڕمان و سەرسامییاندا نیشتەجێ و سەرگەردانە، کە زمان وەك فۆرمێك لە خانەی باڵادا دابینی دەکات، یان وەك ڕووداوێك ئەنجامی دەدەات و دەیهێنێتە بەر زەین و هەستەکانەوە. لەم بارەدا زمان بە پێی وێنە لە جووڵە و کاری خۆیدا دەبێت و وریایی و ئەمەکداری خۆی ڕادەگەینێت. ئەم ڕاگەیاندنەش پەیوەستە بە دۆزینەوەی هێزی وشە لە ئەزموونی زمانەوانیدا ، یان ناسینەوەی تراژیدیای ڕەگەزەکانی ژیان لە فۆرمی زماندا)( ) . ئەمەش تایبەتمەندییەکە لە ستراکتۆری هەماکانی ڕەنجدەردا هەیە، کە کارامەیی ئەزموونی هەستی لێ بەکارهێناوە.

(خودای سەد و یەك ناو ڕێشتن و گەڕانەوە
لەم ڕێگا و بانە بێنخشەدا تا بڕۆی بۆ دەڕاوکێیە
فریشتەکانی فریاکەوتن ناهێڵن گورگ نزیکی ببنەوە
گۆرانی تێیدا دێتە سەر دەم و لە بیر ناچێتەوە
شاعیری گەڕاوەی شەی گورگیش
دوو دڵی خامۆش دەبێ و گوێ بێ گۆرانی هەگری ڕادەدێرێ
یادەوەرییە بەخشندەکانی و بەهرە و سرووش و شیعر دێتە فریای

بەهرە و
سرووش و
شیعرم
ماندووم ماندووم)( ).
کاروانی گەشتی جاویدانی ژیاندەستی شاعیر دەکات، لە دەستپێکی ئەم دەقە موناجاتێك(soliloquy) دەبێتە میکانیزم و پێکهاتەی ڕاقەکاری خودی. ئەم نزایە بە هەمایەك خۆی پەخش دەکات. (خودای سەد و یەك ناو) کە هەماییەکی ئایینی/سۆفیگەرییە، (خودا) خاوەنی هێزی باڵای و مەزنایەتی دەگەینێ، بەڵام لە چوارچێوەیەکی کولتووری داڕژراوە کە لە ئامرازی مامەڵکردنی ئیمان و باوەڕی ناوچەیی وەرگیراوە (تەسبیحی سەد و یەك دەنکەڵەش هەیە) ، هەڵبەت لە دەقەکەدا و بە تایبەتی لە دەستەواژەی ژمارە (سەد و یەك = 101) بە ناونیشانی ژمارەیی دەقەکەشەوە ژمارە (0) سفر (خودای سەد و یەك ناو) سێجار دووبارەکراوەتەوە، جاری یەکەم: بۆ خروشاندنی دانایی و حیکمەتی شیعر و وشە لە ناخی شاعیر و پاراستنی لە شاعیرە مەنگۆلی و دڵەڕاوکێ و بەدگۆکان، کە ئەمانەش بە شێوەیەکی گشتی هەمای بەشەکین بۆ وێناکردنی دژە حیکمەت و نادانایی. جاری دووەم: بۆ بەدیهێنانی جێگیری و هێز و کۆش و حەزی ژیان و ئارامی و ئاسوودیی لە گەشتی (ڕێشتن و گەیانەوە)، کە گەشتی ئاسوودەیی دوور لە دڵەڕاوکێ و ترس، (فریشتەکانی فریاکەوتن) هەمایە بۆ بوونەوەرێکی خودایی پاك و بێگەرد، کە ململانێکاری خراپەکارین و هێزی شاراوە و فریادڕەسی شاعیرن لە بەرانبەر ناپاکی و تاریکی کە بە (شەی گورگ) هەمای بۆ کراوە. جاری یەکەم: ئەو هێزە ئەهریمەنییە خۆی لە شاعیرە (مەنگۆلی و بەدگۆ و دەروونکلێرەکان) ئاماژەی پێکرابوو. جاری دووەم: تەکنیکی دووبارە بوونەوەی وێنەکان و هەماکان ڕێ خۆشکەرن بۆ چەکەرەکردنی هەمای گشتی و چەمکی ژیاندۆستی و ململانێی خراپەکاری. جاری سێیەم: ئەنجام و سەلمێنراوی داوا و داواکراوە . ئەگەر بە ڕەهەندی هەمای ژمارەیی (خودای سەد و یەك ناو) ڕاقە بکەین (101) کە تێیدا (0) ناوەند و ناوەڕاستی دوو ژمارەیە ، کە بریتییە لە هێز و کۆش و گونجاندن وەك ئەو ئارامییەی کە باوەڕدارێك لە هەمان ژمارەی دەنکەڵەکانی تەسبیحێك دەیبینێ لە زەمینەی ماتماتیکی باوەڕ و باوەڕداریدا.

(خودای سەد و یەك ناو ڕێشتن و گەیانەوە
لەم ڕێگا و بانە بۆ نخۆشەدا تا بڕێی بۆ دڵەڕاوکێیە
فریشتەکانی فریاکەوتن ناهێڵن گورگ نزیك ببنەوە).
ئەم شیکارییە سەرەڕای جیاوازی ڕاقەکردنیان لە نێوان داهێنانی

خودی و ئەزموونی شیعری هەنجدەر و سایکۆلۆژیای هەستی لە لایەك و سنووردارى ڕەشنبیری و فەرهەنگی سۆفیگەرییانە لە لایەکی تر دەژینە نێو وەستگەیەکی یەکگرتوو ، کە چارەسەری پێکهاتە و ستراکتۆری هەمای شیعرین ، سەرەڕای گەڕان بە دوای سەبەری شوێنەواری دەلالەت و ماناکان لە گۆشەنیگای جێراوجێری فەرهەنگی و ئایینی، سنووردارى ڕەشنبیری شاعیر سەبارەت بە هەما سۆفیگەرییەکان، بەڵام بە وردەکارییە ماددییەکان و ئەزموونی خودی تەریبیان دەکات ، لەم تەریب کردنەشدا پرسسی سەرهەدانی سزی هەچوو و ئەزموونی شیعری لەناو هەما بۆ کراوەکان فەراهەم دەبن ، هەماکانیش دەبنە هەوێنی ئاوێتەبوونی جێرایەتی ڕەشنبیری و کولتووریی و سایکۆلۆژیای ئەزموونی خودی و دەرفەتێك ناهێتەوە بۆ شەقڵی مەعریفی لە ئەزموونی شیعریدا، ژیاندستی و حەزی ژیان ئەنجامن و هەما گشتییە کە لە دووبارەکردنەوەی هەما (خودای سەد و یەك ناو)دا بۆ جاری سێیەم دەردەکەوێ .

(ئەی خودای سەد و یەك ناو ڕەبوارێکی ڕەشنی
بەهرە و
سرووش و
شیعرم
ماندووم ماندووم
دەستم بگرە با بچمە ماڵی ڕەشن( )).

(ماڵی ڕەشن) هەمایە بۆ ماڵی ئەبەدی و ژیاندستی شاعیر و فەلسەفەی و ئەنجامی ئەو کۆچەیە کە شاعیر دەستی پێکردووە بە پێی فەرهەنگی خودی پیرۆزکراو و ڕەساکانی ژیاندستی شاعیر، گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە تیشك بخەینە سەر جێرەکانی هەما و پەیوەندی نێوانیان، بەگومان هەماکان دوو جۆرن، جۆری یەکەم : هەمای بەشەکی (The Partial Symbols) : شێوازێکی هونەرییەکە تێیدا تاکە وشەیەك، یان وێنەیەکی هونەری بەشەکی بەهایەکی هونەری و ئستێتیکی دەنوێنێ لە ڕەگای ئاوێتەبوونی لەگەڵ هەما بۆکراو بە دەستی دەهێنێ، ئەمەش دەبێتە هۆکاری سرووشکاری و هەژانی زەرك لە واتا شاراوەکان. ئەم وێنە و وشانەش دەبریسکێنەوە، یان دەدرەوشێنەوە بە هۆکاری پەیوەندییان، یان کۆنتاکتیان بە ووداوێکی مێژوویی، یان ئەزموونێکی سۆزداری ، یان بە هۆکاری هەوێستە کۆمەڵایەتییەکان و دیاردە سروشتییەکان ، یان شوێنگەلێك کە چەمکێکی هەستی تایبەتیان هەیە، یان ئاماژەگەلێکی ئەفسانەیی دیاریکراو، یان کولتووری گشتییان هەیە ، شاعیر لە مامەڵەکردن لەگەڵ وشە و وێنەی بەشەکی بەو مانا و ناوەڕکە بچووکە بەرز و بڵند دەبێتەوە بۆ مانا و مەبەست و ناوەڕکی هەمایەکەی.

هەر یەکە لە هێما بەشەکییەکان کاری ئێستێتیکی خۆیان جێبەجێ دەکەن بێ ئەوەی هەوێستی تەواوکاری هێمایی وێنا بکەن، کە ئامادەیە بێ گواستنەوەی ئەزموونی خودی بە هاوڕێیەتیی هەستەکان ، وەك چۆن ئەو هێمایانە دەبن بە پاڵپشتی دوانەیی هونەری بە هێکاری گەشەکردن و پێگەیاندنی پێکهاتە و ستراکتۆری ئەزموونەکە . سروشتی خەون و مۆتەکەش کە بەسەر خەوبین زاڵ دەبێ بە سەر وێنەی هێمایدا ، ئەگەر چی لێرەدا خەون ئاراستەکراوە.

جۆر دووەمیش: هێمای گشتییە (The General Symbol) : بریتییە لە واتای میحوەری تەنك و بەرجەستە لە یەکێك لە ڕواڵەت و دیاردە ماددییەکانە، لە زەمینەی هێمای گشتیدا سەرجەم وێنە بەشەکییەکان کێدەبنەوە. واتە: هێمای گشتی چەقی ئەنجام و لێژیکی ڕاقەکاری دەقەکە و سەرجەم وشە و وێنە هێماییەکانە، وێنە بەشەکییەکان لە دەوری ئەم پنتەدا خولدەخۆنەوە کە سەرچاوەی دابەشکردنی کاری شیعرییە و بەرەو ئەنجامی ئێستێتیکی بینراو ئاراستە دەکرێ( ) . بگومان لە دەقە سەرەکییەکەی ڕەنجدەریشدا هێما و وێنە بەشەکییەکان لە تاکە وشەیەکەوە تا واتا و دەستەواژەی هێمایی و وێنەی بەشەکی هێمایی ئاماژەیان پێکراوە ئامرازن بێ پرسێسکی میحوەری چەقگرتووی مەعریفی، یان هێمایەکی گشتین، یان بیرکەی سەرەکین بێ ژیاندۆستی بە پێی ڕێسا و یاسا خوداییەکانی شاعیر لە چوارچیوەی ململانێی لێژیکی نێوان چاکەکاری و خراپەکاریدا.

(ماڵم لە سێبەری باڵندەیەك دانا
گوتی لەبەر خاتری تۆ بە ماوەیەك فڕین دوادەخەم
تا پشوو دەدەیت و تۆر خەو دەبیت و خەونێك دەبینیت
خەونی
تەورات
ئینجیل
قورئان
ئەی شادی بێهوودە خەونەکانم چی لێ بکەم( )).

ئەم دەقە بە قەبارە و شێوازی دەربڕینی هاوسەنگ و ئەزموونی شعوری لە پێنج شوێنی تری ئەو بەرهەمە شیعریدا دووبارە دەبێتەوە ، لە دەقی ژمارە (0) و دەقەکانی تریش ئەم کتێبە ئاسمانییانە (تەورات ، ئینجیل ، قورئان) سەرچاوەی هێمایین بێ کولتوورێکی ئایینی، ئەم کولتوورە ئاینییەش وەك بەشێك لە نەستی کۆ، بگومان ئەو هێمایانە پێکهاتەی تین و تاوی باوەڕن، لێرەدا شاعیر لە سایەی باڵی هێمای مەعریفە و جیهانبینی زەینەوە، کە بە باڵی باڵندە هێمای بێ کردووە، ماڵی ژیاندۆستی دادەنێ و حەزی ژیانی چێدەکا، باڵندەیەك،

یان مەعریفەیەك تین و توانا بە شاعیر دەبەخشێ. (گوتی لەبەر خاتری تۆ بۆ ماوەیەك فڕین دوادەخەم) تا لە سێبەر و سایەی باڵی ئەم باڵندەیە مەعریفەی باوەڕ و هیوای بۆ دەگەڕێتەوە (تا پشوو دەدەیت و تۆر خەو دەبیت و خەونێك دەبینیت)، بەڵام خەونێکی ئاگایی زەینی ئاراستەکراو، ئەویش خەونی باوەڕێکی ئاسمانی (خەونی/تەورات/ئینجیل/قورئان)، چونکە لەم کتێبە ئاسمانییانە مەعریفەی ئیمان گەڵەدەبێت و ژیاندۆستی و حەزی ژیان پیرۆز دەبێت ، دواجار پرسیارێکی مەعریفی دێتە ئارا کە ئاراستەی کەساییەتی، یان دۆخێکی مەعریفی دەکرێ (شادی بەهوودە) سەبارەت بە خەونی مەزنی ئیمان و ژیاندۆستی بە پێی ڕەسای شاعیر خۆی.
(ئەڕێ شادی بەهوودە خەونەکانم چی لێ بکەم).

هەنجدەر لە دەقە سەرەکییەکەی پەیوەست نەبوو بە ڕەساکانی خاڵبەندی و یاساکانی دیسپلینکردنی دەقی نووسین، بەڵکو وەك سوریالیستێك یاخی دەبێ لەم یاسا و ڕێسایانەی نووسین و دەربڕینی شیعری، بەڵام وێنە خەونییەکانی، چونکە بەشێکن لە ئاگایی و ئەزموونی هەستی و هەمای بەشەکی لە لاژیك و هەمای میحوەری و چەقگەرایی و گشتی پێکدەهێنن، بۆیە سەرجەم وشە و وێنە هەماییەکان و خەونییەکان لە دەوری پنتی هەما گشتی و سەرەکییەکە دەسووڕێنەوە. ئەوەی مایەی ئاماژە پێکردنە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەم دەقە دووبارەبوونەوەیە بە تایبەتی دووبارەبوونەوەی هەماکان، کە وەك تەکنیکی شیعری مەغزادار و بە مەبەستی جوانیناسی و خولقاندنی وێنەی هەستی بەکارهاتوون، ئەم دیاردەیە، یان تەکنیکە مۆدێرنەی شیعری نوێ بەشێکە لە ئەندازەی دەق و پێکهاتەی ئەزموونی دەربڕینی شیعری ، هەر بۆیە هەنجدەر سەبارەت بەم دیاردەیە دەڵێ: (لە بنەڕەتدا ئەم ئەزموونە، حەزدەکەم ئەوەندە بژیم، هەشت دەقی ئاستدارە، هەر دەقەی دە جار خۆی دووبارە دەکاتەوە. واتە: بە شاقووڵی دێتە خوارەوە و بە ئاسێیی باوەدەبێتەوە، خۆنەر دەتوانێت هەشت دەقە بنەڕەتییەکان بدۆزێتەوە و ئەوانی تر بە چێژی دووبارەبوونەوە، یان بە هونەری دووبارەبوونەوە، بخوێنێتەوە ئەم دیاردەی دووبارەبوونەوەیە دەبێتە شوێنی تێبینی لە دایکبوونەوەی چێژ و هونەر و بیرکەکان.

دەقە دووبارەبووەکانم بە دوای یەکدا ڕەزبەندەی نەکردوون. وەك ئامانج و مەبەست و تَکەکاو سەرەو ژێرم ڕێکخستوون و بەتەواویی ووبەری کتێبەکەدا پەرتم کردوون. لە دووبارەبوونەوەشیاندا لە مانای ڕاستەقینەی پێشوویاندا نامێننەوە)( ) ، بە واتایکی تر

شاعیر ئامانجی لە دووبارە بەکارهێنانەوەی هێماکان بریتییە لە چێژ بەخشین و هونەری بەرز و خستنەڕووی بیرکەی گشتی واتا بە گوێرەی پانتایی دەقەکە و هاوسەنگکردنی ئەم بوارانە و ئاوێتەکردنیان بە تیۆری ئەندازەی ئیستێتیکای ئەزموون و هەڵوەستە و وانین و بوونی فیکری قووڵ لە لایەك و تێڕامانی تەکتیکی هێمایی واتا و دەلالەتی هێمایی وێنە و دەربڕینی شیعری و سایکۆلۆژیا و هاوسەنگی لە لایەکی تر، چونکە دواجار دووبارەبوونەوە هونەرێکی سایکۆلۆژی سەنگینە بۆ خستنەڕووی ئەزموونی هەستی شاعیر. لە بوارێکی تریش (دووبارەبوونەوە ژێر باری ئەو یاسا شاراوانەیە کە دەستەواژەیەك جەو دەکەن، یەکێك لەو یاسایانەش یاسای هاوسەنگییە، لە سروشتی هەر دەستەواژەیەك جۆرێك لە وردەکاری شاراوەی هاوسەنگی هەیە کە پێویستە شاعیر لە سەرجەم بارودۆخەکان بیپارێزێ ... تاد، دەستەواژەی کێشکراو سەربەخۆیی و چەقی سەنگایی و لایەکانە و دەچێتە ژێر باری جۆرێك لە ئەندازەی وشە و وردەکاری کە پێویستە شاعیر گرینگی پێ بدات کاتێك دەچێتە نێو تەکنیکی دووبارەکردنەوە.. ( ) ، ئەگەر نا بارودۆخی دەستەواژە و وێنەی شیعری لاسەنگ و نامۆ دەبێت و هیچ بەهایەکی ئیستێتیکی نانوێنێ، بۆیە دووبارەکردنەوە هاوسەنگی بوونی دەقی شیعری دەپارێزێ و ئامرازی جوانیناسی و دەربڕینی ئەزموونی شیعریشە، هەنجەر لە پێشەکی کۆ شیعری: (سەد و یەکشەوە) دەڵێ : (ئەفراندن لە دووبارەکردنەوی جوانییەکاندا پەیوەستە بە فرەیی کولتوور و پاراوی ئەزموونی دووبارەکەرەوە. دووبارە کردنەوە جیاوازە لە جووینەوە، چونکە جووینەوە و لاساییکردنەوە هیچ داهێنانێکی تێدا بەرهەم نایەت، بەڵام دووبارەکردنەوە جیاکاری و داهێنانی لێوە بەرهەم دێت.

( ) بۆگومان جووینەوە و کاوێژکردنی هەها و بێبەرابەری و دەقی شیعری دەشێوێنێ و لاسەنگی دەکات، چونکە ئەم جۆرە جووینەوە و لاساییە دووبارەبوونەوەیەکی ئەبستراکتە و دوورە لە هەهەندی ئەفراندن و داهێنان و جوانیناسی دەق و دەربڕینی شیعری ، لە بەرانبەردا دووبارە کردنەوە بۆ هاوسەنگی تەکنیکی شیعری و دەربڕین داهێنان و ئەفراندن و جوانیناسی مەعریفی ئەزموونی هەست دەخولقێنێ بە تایبەتی ئەگەر دووبارە کردنەوی هێما و وێنە بەشەکییەکان و وشەکان لە جووڵە و خولانەوەدا بێت بە دەوری هێما گشتییەکە، کە میحوەری دەقەکەیە. شاعیر لە وتەکانی بەردەوام دەبێ دەڵێ : (دووبارە کردنەوە هەمیشە جوانیی شێوەی نوێ دەژێنیتە ناو واقیعی نووسین و جوانبەخشی ... لە دووبارەکردنەوەی جوانیەکاندا دووبارەکەرەوە وانینێکی تراژیدی لەبارەی ژیان لاپەیدا نابێت بۆ

کارکردن، چونکە بە تەنیا چاوگەی جوانییەکان مشتوماڕ دەکاتەوە و کاری بەرهەمهێنانەوەی کولتووری جوانی لەناو کولتووری جوانی بەجێدەهێنێ، هەروەها دووبارەکردنەوەی وشەش هێزێکی دیکە دەبەخشێت ، بە جۆرێك لە ناخۆا پێ دەگاتەوە و دەردەپەڕێتەوە، وا دەزانی ئەم وشەیە سەرسوڕمانێکی دیکە ئاشکرا دەکات و دەیهێنێتە بوون و پانتایی کارتێکردن.

وشە لە شیعردا وزەی دەبینرێت نەك قەوارە ( )، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە دووبارەکردنەوەی هێما، یان وشەی هێما بۆ کراو لای شاعیر وزەیەکی ڕاستەقینەی هەیە و بزوێنەری پەیوەندی هێمای وێنە و ناوەرۆکی شیعرییە و بەرهەمهێنەری بەش و پێکهاتەی سەرەکی کولتوور و فەرهەنگە، هەروەها بەشێکە لە سەلمێنەری ئەندازیی هاوکێشەی دەق بۆ هاوسەنگی شێوازی دەربڕینی هێما و وێنە بەشەکییەکان. سەرەڕای داڕشتنی لۆژیکی ئەزموونی هەست و سایکۆلۆژیای ئەزموون، زەمینەیەکی شیکاری دەخولقێنی و توانستی فیزیکی و جووڵەیی واتا و مانای شیعری و جوانیناسیەکی مشتوماڕ و پوخت بەرهەمدەهێنێتەوە.
ئەوەی جێگای سەرنجە شاعیر بە لێزانی و کارامەیی تەکنیکی دووبارەکردنەوەی وشە و وێنە و هێمای بەکارهێناوە و لە دەقە شیعرییەکانی بەکاری خستووە وەك بەشێك لە ئێستێتیکای دەربڕین، نووسین کاریگەری ئەزموونی هەستی سایکۆلۆژیای خودی دەربڕ جا ئەم دووبارەکردنەوە هەر شێوەیەك بێت لە شێوەکانی دووبارەکردنەوە ، چونکە (دووبارەکاری شیعری بنەماییەکی سەرەکی بنیادی هێنراوەکانی سەباح ڕەنجدەرە و کەوا بە هێنیار – شاعیرێکی نوێخواز لە بواری زمانی شیعریدا ناسراوە( )). ئەوەش تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی ڕاست و دروستە بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی هونەری دووبارەکردنەوە لە دەقەکانی ڕەنجدەردا، دەقەکانی ڕەنجدەر بنادێکی ئەندازەیی و فەزایەکی نەرم و پەلکەزێڕینەییان هەیە.

پوختەی باس:

1- هێما میکانیزمێکی هەستیی سەنگین و بەهادارە، وەك ئاماژەیەك بۆ شتگەلێکی مانایی، کە ناچێتە ژێر هەستەوەرەکان، ئەو سەنگ و بەهایەشی بەندە بە ڕووگەکانی لێکچواندنی دووشەی هێماگەر هەست پێکردووە. دووەم: هەست پێکردووە.
2- شاعیر لە نواندنە هێماگەرییەکەیدا کەناڵێك دەکاتەوە لە نێوان هەست و نەستدا. لەگەڵ یەك ئاوێتە و تێکەڵیان دەکات، چونکە پشکێی ڕووگەکانی فیکر و هەست لەنێو جێشی بڕسەیەکدا نقووم دەبن، لێرەدا هێما پەیوەندی لەگەڵ جیهانی خەونی نائاگایی و ئەوانەی لە بازنەی

خەوندا خولدەخۆنەوە. وەك وێنە و هەلوەسە، بەکو هەمای کەکەرەوەی نێوان هەست و نەست و نهێنییە قووڵ و نادیارەکانە، وەك دیارە هەندێك جار ئاماژ و دژیەکن.
3- ئەو کێشمەکێشانەی شاعیر لە نێوان هەهندەکانی ستراکتۆری هەماگەرایی و هەماکان داینراوە و دایمەزراندووە بە زاڵبوونی هێشنی و بریقەداری بیرکردنەوە دەناسرێت، کە لە فەزا و هەهندی هەستیەوە دەدرەوشێتەوە، بەڵام بە هەمان شێوە مەودا و قووڵی نەستیشی بەسەردا دەژێ، لە شێوازی چەند دەستەواژەییەکدا قووڵی ناخ و خودیی شاعیر فرەوانتر دەکات.
4- ستراکتۆری هەما لە لای شاعیر لەسەر پەیوەندی تایبەت بنیاتنراوە. لە نێوان هەندێك واڵەت و دیاردەی هەست پێکراو و تەوژمی بیر و وانینی خودی لە دواوییەتی و لە دەرەوەی چوارچێوەی دەقەکەدا دەووخێ و دادەمێ. چونکە شاعیر بە هێزی خەماندن دەگاتە دامەزراندنی ئەم ستراکتۆرە هەماییە لە دووتێی هەوستێکی دیاریکراوی هەستیدا.
5- لە دەقەکەدا، هەما و وێنە بەشەکییەکان لە تاکە وشەیەکەوە تا واتا و دەستەواژەی هەمایی و وێنەی بەشەکی هەمایی کە ئاماژەیان پێکراوە ئامرازن بۆ پرسێکی میحوەری چەقگرتووی مەعریفی، یان هەمایەکی گشتین، یان بیرکەی سەرەکین بۆ ژیاندستی بە پێی ئاسا و یاسا خودییەکانی شاعیر، لە چوارچیوەی ململانێی لێژیکی نَوان چاکەکاری و خراپەکاریدا.
6- شاعیر ئامانجی لە دووبارە بەکارهێنانەوەی هەماکان بریتییە لە چڕ بەخشین و هونەری بەرز و خستنەووی بیرکەی گران. واتا: بە گوڕەی پانتایی دەقەکە و هاوسەنگکردنی ئەم بوارانە و ئاوێتەکردنیان بە تیری ئەندازەی ئستێتیکای ئەزموون و هەوەستە و وانین و وجودی فیکری قووڵ لە لایەك و تامانی تەکتیکی هەمایی واتا و دەلالەتی هەمایی وێنە و دەربڕینی شیعری و سایکۆلێژیای هاوسەنگی لە لایەکی تر.

ئەیلوولی 2017 هەولێر

سەرچاوەکان:

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:
1- خالدە سعید ، حرکیه الإبداع دار العوده – بیروت ، لبنان ، الگبعه الپانیه ، 1982.
2- روز غریب ، تمهید فی النقد الحدیپ ، دار المکشوف – بیروت ، لبنان ، الگبعه اڵاولی – 1971.
3- عاگف جوده نصر (الدکتور) ، الرمز الشعری عند الصوفیه ، دار

ا ندلس – بيروت ، لبنان ، الگبعه الپالپه – .1983
4- عدنان حسين قاسم (الدكتور) ، التصوير الشعرى ، ر يه نقديه لبلاغتنا العربيه ، الدار العربيه للنشر و التوزيع – مصر ،.2000
5- محمد على كندى ، الرمز و القناع فى الشعر العربى الحديپ (السياب و نازك و البياتى) ، دار الكتاب الجديد المتحده – بيروت ، لبنان ، الگبعه ا اولى – .2003
6- مصگفى ناصف (الدكتور) ، الصوره ا ادبيه ، دار ا ا ندلس – بيروت ، لبنان ، دون الإشاره إلى سنه الگبع.
7- نازك الملائكه ، قچايا الشعر المعاصر ، دار العلم للملايين – بيروت ، لبنان ، الگبعه الرابعه عشره ،2007.

سه رچاوه كانى به زمانى كوردى:

1- حه كيم مه لا سا ح، زمان و بيركردنه وه ى شيعرى، چاپخانه ى شنبيرى – هه ول ر، چاپى يه كه م، .2016
2- سه باح ه نجده ر، حه زده كه م ئه وه نده بژيم، چاپخانه ى شنبيرى _ هه ول ر، چاپى يه كه م، .2015
3- سه باح ه نجده ر، سه د و يه كشه وه، چاپخانه ى ده زگاى ئاراس – هه ول ر، چاپى يه كه م، 2008.

گ قاره كان به زمانى كوردى:

1- گ قارى 23، گ قار كى ئه ده بى. هزرى. ه خنه ييه، ژماره (8)، هاوينى – 2012، چاپخانه ژهه ات – هه ول ر .
2- گ قارى هه مه ت، گ قار كى تايبه ته به شيعر، ژماره (6)، به ب ديارىكردنى سا و شو نى چاپ.
3- گ قارى هه نار، گ قار كى ئه ده بيى، هونه رى، رووناكبيرييه، ژماره (77)، پووشپه – 2712 ، ي نيه – 2012، به وه به رت ى چاپ و ب اوكردنه وه ى سل مانى.

سه روه ر حه سه ن محه مه د
ماسته ر له ه خنه ى ئه ده بى عه ره بى هاوچه رخ
هه ول ر- ژماره ى م بيل : 07504613632
sarwarhassan09@gmail.com

-_____

– محمد علي الكندي ، الرمز و القناع في الشعر العربى الحديث ، ص:51.
– خالدة سعيد ، حركية الإبداع ، ص :125.
– عدنان حسين قاسم ، التصوير الشعري رؤية نقدية لبلاغتنا العربية ، ص:.167

4- روز غريب ، تمهيد في النقد الأدبى الحديث ، ص:228.
– مصطفى ناصف ، الصورة الأدبية ، ص:157.
– الدكتور عاطف جودة نصر ، الرمز الشعرى عند الصوفية ، ص:23.
– عدنان حسين قاسم ، التصوير الشعرى رؤية نقدية لبلاغتنا العربية ، ص:167.
– الدكتور عاطف جودة نصر ، الرمز الشعرى عند الصوفية ، ص: 391.
– سةباح رِةنجدةر ، حةزدةكةم ئةوةندة بذيم ، لا:11.
– هةمان سةرضاوة، لا:6.
– ئارام سديق ، لة طةمةى زمانةوة بؤ طةمةى تةكنيك خويَندنةوةيةك بؤ كتيَبى (حةزدةكةم ئةوةند بذيم) ى سةباح رِةنجدةر ، طؤظارى هةلَمةت ، ذمارة (6) ، بة بىَ سالَى ضاث ، لا: 45.
سةباح رِةنجدةر ، حةزدةكةم ئةوةندة بذيم ، لا: 12.
– سةباح رِةتجدةر ، حةزدةكةم ئةوةندة بذيم ، لا:12.
– حةكيم مةلا سالَح ، زمان و بيركردمةوةى شيعرى ، لا:8.
– سةباح رِةنجدةر ، حةزدةكةم ئةوةندة بذيم ، لا : 12 – 23.
– سةباح رِةنجدةر ، حةزدةكةم ئةوةندة بذيم ، لا:13.
– ئةحمةدى مةلا ، باجى جيا نووسين ، ئةزموونى سةباح رِةنجدةر ، طؤظارى 23 ، ذمارة (8) هاوينى (2012) ، لا : 7.
– ئارام سديق ، لة طةمةى زمانةوة بؤ كتيَبى (حةزدةكةم ئةوةندة بذيم) ى سةباح رِةنجدةر ، طؤظارى هةلَمةت ، ذمارة (6) ، لا : 47.
– سةباح رِةنجدةر ، حةزدةكةم ئةوةندة بذيم ، لا : 14.
– سةباح رِةنجدةر ، حةزدةكةم ئةوةندة بذيم ، لا : 14.
– سةباح رِةنجدةر ، حةزدةكةم ئةوةندة بذيم ، لا : 7-8 .
– هةمان سةرضاوة ، لا : 14- 15 .
– سةباح رِةنجدةر ، حةزدةكةم ئةوةندة بذيم ، لا : 15.
– عدنان حسين قاسم ، التصوير الشعرى ، رؤية نقدية لبلاغتنا العربية ، ص :192.
– سةباح رِةنجدةر ، حةزدةكةم ئةوةندة بذيم ، لا : 16.
– سةباح رِةنجدةر ، حةزدةكةم ئةوةند بذيم ، لا :8 – 9 .
– نازك الملائكة ، قضايا الشعر المعاصر ، ص: 277.
– سةباح رِةنجدةر ، سةد و يةكشةوة ، لا : 6 .
– هةمان سةرضاوة ، لا : 6-7 .
– د. عادل طةرميانى ، تةكنيكى دووبارةكردنةوة لة هؤنراوةكانى سةباح رِةنجدةر (ليَكؤلَينةوةيةكى شيكار رِةخنةيية)، بةشى دووةم ، طؤظارى هةنار ، ذمارة (77) ، سالَى حةوتةم ، يؤنيؤى 2012، لا : 29.

بیست و شەشەمین یاد و بۆنان لە تەکۆشانی یەکێک لە هونەرمەندانی کاروانی بەرەو جیهانێکی ناچینایەتی (کاروان عوسمان)

هەژن
٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٧...

بەرایی، ئەوەی کە لێرەدا من دەخوازم بیڵێم و دەریبڕم، بەس هەستی کەسیی خۆم و داکۆکیکردنە لە قوربانییەکی سیناریۆ ئامیاریەکانی دیکتاتۆریی و بەرهەڵستکارێ چەکدارەکانی، داکۆکیکردنە لە کاروان ئوسمان و هاوڕێکانی، بە دیاریکراوی کاروان ئوسمان چ وەک کەسێتی تایبەت و چ وەک هونەرمەند. دەکرێت من هەڵەبم و هەر کەس ئازادە ئەم هەوڵەی من چۆن دەخوێنێتەوە، بەڵام من ناتوانم خۆم گۆڵبکەم و گوێ لە هەست و هاوارەکانی ناخی خۆم نەگرم، کە کاروانەکان پێکرا من بە دەنگەوەبین بانگەوازدەکەن. پێویستە ئەوەش بڵێم، کە من کاروان ئوسمان وەک کەسێک لە نزیکەوە ناناسم و هیچ نزیکایەتییەکی خزانی لەنێوان من و ئەو نەبووە و تاکو ئێستاش هیچ پێوەندییەک لەنێوان من و ئێندامانی خزانەکەی ئەو نەبووە و نییە، ئەوەی بە کاروان و هاوڕێکانی ئێنجامیدەدەم، ئێرکەکی ویژدانی و مرۆڤایەتی سەر شانی منە بە هەر قوربانییەکی دیکەی دەستی بەعس و بزووتنەوەی چەکداری و جەنگ.

ئەی هاوئامانج و هاوچین و هاودەری منی بە زیندوویی هەڵاو بە زیاتر چەشتنی خەمی مەرگی ئازیزانی وەک تۆ و دیتنی زیاتری دیمەنی ورد و خاشبوونی ئەسک و پرووسکی نەداران و بەدەستهاتانی جیهان، ئەی ئەو کەسەی کە تاکو ئێستاش پاش بیست و شەش (٢٦) ساڵ، هەشتا خەت و ئێندامانی خزانەکەت و ئازیزان و هونەر و هەزری ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە و دادپەروەریخوازانە و خیاڵ و

خۆنبینت بە کەمەی ناچینایەتی، بەردەوام باجی تاوان و تەمەتەک دەدەن، کە هەژگارە هەشکان و دەستە شاردراوەکانی (ئەو دیوی چیا) زەمینەسازی بوون و ئامانجی ئاوا سیناریۆیەک بەس تەنیا دەست و پەنجەی هونەریی تە نەبوون، بەکو هەر ئاوا ئامانجی لەدان بوو لەو هەبازە هونەرییەش بوو؛ کە تە تازە خەریکبووی دەتهەنایە نەو کەمەی کوردان. ئاوا تاوان و تەمەتەک بە ناشیرینکردنی تەکەشان و جیهانەک بوون، کە تەی بەباوک؛ کە تەی هەژار؛ کە تەی کرێچی؛ کە تەی ئەویندار؛ کە تەی هونەرمەند؛ کە تەی ئازادیخواز؛ کە تەی خەمخۆری منداڵانی هووتەن و برسی جیهان؛ کە تەی شەیدای پیاسەی کاتی خەنیشتنی کەناری دەریا لەتەک دەدارەکەت؛ کە تەی هاندەر و بانگەوازکەری یاخیبوون و گەرانیگوتنی منداڵان بە ئازادی لەسەر شانەی شەقامی شارەکان و بەری هەوبار؛ کە تەی پەیامدەری دونیای ناچینایەتی؛ دونیایەک بەبە خاوەنکار و سەروەر؛ بەبە سەرەکی خەڵ و سەرەکی پارتیی و سەرەکی وڵات و بەبە جەنەڵا؛ دونیایەک کە هەمووان لەوەدا تەنیا مرۆڤن و بەس، بەبە ئاوەناوە ئایینی و ئەتنیی و هەگەزیی و نەژادی و شوناسە دەستکردە ئامیاریەکان، مرۆڤایەتی بەرەو لووتکەی هەشنبیری و کولتوورەکی بەرزی مرۆیی دەبات، تەنیا حەز و ئارەزوو و داخوازیە هاوبەشەکانیان کەیاندەکاتەوە و کەمە پەکهاتەیەکی ئارەزووماندانە دەبەت و "سەر سەریشمان تاکو چاوبەکا، بەجگە لە ئاسمان هیچی دیکە نیە".

ئەم هەژ و ئەم ساە وەک بیست و پەنج ساەی ئابوردوو لە هەر شوەنەکی دونیا بم و تاکو دەمەنم، بە ئامانجەکانی تە کەنووشدەبەم و سەری هەز و ستایش بە خەت و هونەر و هەوەستە ئازادیخوازیەکانی تە دادەنەوەم و بە هەموو ئەوانەش کە لە دەمەی دەسەڵات و قەرەباخیەوە بەیاردەدەن و ئەوانەی لەنەو بەیاری دادگە و لەکەڵرانی بەعسی بە ئاستیەکان دەگەڵەن، بە دەنگی بەرز دەڵەم خەرگە هاوەڵە کوژراوەکەی تە، ئازیز و قوربانی نەخشەی ئامیاران (موحەمەد خەرشید) برای من و باوکی من بووایە، تاکو بە هەموو دەمهەڵاشەکانی بازاری نەزمی چینایەتی بەڵەم و نیشانبدەم، سەرباری هەموو تەمەتەکان و هەموو گومانەکان و هەموو هەوەڵە ئامیاریەکان بە بەعسییانە دادگاییکردنەوەی هەر سات و هەر هەژە و هەر ساەی ئەوە (کاروان ئوسمان) و (ئیسماعیل سەکران)، لەڕەوە هاوارمدەکرد (کاروان ئوسمان) باجی بیرکردنەوە و هەوەست و هونەرە یاخیبەکەی خەی داوە و بەجگە لەوە هیچ شتەک نیە، مرۆڤەکی ئاوا بەرز بکاتە بکوژی یەکەک لە هاوەڵە و هاوبیر و هاوکار و خەشەویستترین هاوەڵەی خەی، کەسەک (موحەمەد خەرشید)، کە تەنیا کاروان ئوسمان و ئیسماعیل

سەکران و گیتار و هونەرە شەشگەییەکەی ئەوان دەکاتە هاوەل و هاودەمی خەی.

من نازانم، ئەو هەبەستەهەنراوەی خوارەوە هی چ نووسەرێکی بوەر و شەشگەە و بە ویژدان و خەهوشیارە، بەەام بە سروودکردن و چەینی ئەو هەبەستەە لەو ەەژگارەدا کە [نا]گوتنەک بەس بووە بە لەسەدارەدان و تاوانبارکردنی هەر عەراقییەک. ئەودەم بەپەچەوانەی ئەو هونەرمەندانەی کە دوا ئومەدی خەیان بە لووڵەی چەکی هەەهاتووەکان گرەدابوو بە (هە برای کاروانچی) و (هە کاکی پەشمەرگە) چەکدارە ئاشبەتاەکردووەکان بە بردن لەتەک خەیان بانگدەکەن. ەەک ئا لەو کاتەدا (کاروان ئوسمان) و هاوەەکانی (ئیسماعیل سەکران) و (موحەمەد خەرشید) و …تد کەمەەک سروود و گەرانی ئامادەدەکەن و سروودی (بەهەنە پەش چاو، سەر سەریشمان بەجگە لە ئاسمان هیچی دیکە نەبەت)، کە (ئەلف تاکو یا) دژایەتکردن و هاندانە بە بەرەنگاریکردنی کردەوەکانی بەعس و سیستەمی داگیرکاری و بانگدانە بە ماف و ئازادییە سرووشتییەکانی مرۆڤ و هەکردنی ئاەای ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی و خەشویستییە لە ەەژگارەکدا، کە کیمیاباران و ئەنفال جوتیاران و گوندنشینان قەدەکەن و بزووتنەوەی چەکداری وەک پەشینە مەژوویەکەی بەرەو باوان ەەودەکات و ئا لەو کاتەدا بەداخەوە بە سیناریۆیەک موزیکژەنی ئازادخواز (موحەمەد خەرشید) دەکوژرەت و هاوەە و هاوبیرەکانی (کاروان و ئیسماعیل) بە تەمەتی کوشتنی ئەو تاوانبارەدەکرەن و بە سەدارە سزاوادەکرەن، بکوژ وەک بەرزەکی بابان دەردەچەت و تاجی کورداییتی لەسەر دەنرەت و بە وجەرە "بە بەردەک چەلەکە ئازادیخوازەکان دەکوژرەن*"، بەداخەوە ئەو کات و ئێستاش هەر ئاوا، نەک هەر هەوەست و بیرکردنەوە و ئامانجی کاروان و ئیسماعل بەو تەمەتە لەبیربردرانەوە، بەکو ئامانج و هەوەست و بیرکردنەوەی ئازادیخوازانەی جوانەمەرگی قوربانیکراو (موحەمەد خەرشید) کەوتە ژەر تەپوتۆزی ئەو ەەژگارە تاریکە، کە ئەویش هاوبیر و هاوئامانج و هاوخەونی (کاروان ئوسمان) و (ئیسماعیل سەکران) بوو و بەشداری کارەکانی ئەوان بووە**.

لەردا ناچمە سەر وردەکاریی دیتن و بەچوون و هەستی من، بەداخەوە بەو جەرەی کە بە خەم و کاروان ئوسمان و موحەمەد خەرشید و ئیسماعیل سەکران و خوەنەران بەەنمدابوو، کە ئەم ساە بە ئەم ەەژە بابەتەکی شیکاریی ئامادەبکەم، نەمتوانی و لەبەرئەوە داخوازیی بەخشین دەکەم، چونکە گرفتاری دوو هەفتەی ەابوردوو و ئازاری دەست

و پەنجەکانم و هەندێک کاتگیریی چاوەڕوانێکراو لە ئەنجامدانی بەڕێنەکەم دوایخستم. بەڵام بەدڵنیاییەوە هەر ئەو بەڕێنە ئەنجامدەدەم و وەک ئەرکی سەرشانم و وەفاداریی خەمم بۆ کاروان ئوسمان و هاوڕێکانی کە پشتگوێ و تەنیا تیپی موزیکی و هونەرمەندانێکی شۆڕشگێڕی هەزر سۆشیالیستیی کوردی-زمانی ئەو بژگارە بوون و تەنیا کەسنێک بوون، کە ڕاخنەریان لە ئاشبەتاڵی بەرەی کوردایەتی هەبوو و گەرانی و سروودەکانی کاروان ئوسمان [نموونەیە ئەو سروودەی خوارەوە]، هەم ڕاخنەبوون لەوانەی پشتپاسدار دەکەون و هەڵبجە دەکەنەنە بەرەی جەنگی عیراق-ئێران و خەڵکی قەرەداخ و گەرمیان و دەشتی هەوێر و بادینان دەخەنە بەردەم تەڵەی ئەنفال و بەخۆشیان وەک بەرزەکی بانان و لە شۆڕەی ئاشبەتاڵەکەی ساڵی ١٩٧٥ بەرەو ئوردووگەکانی ئێران و تورکیە و سوریە هەڵدەن و خوێنی پێنج هەزار هەڵبجەیی و نزیکەی سەد و هەشتا (١٨٠) هەزار گوندنشین و جوتیاری ئەنفالکراو دەکەنە سەرمایەی ئامیاریی و ئامرازی کەکردنەوەی ملیۆنان دۆلار بەناوی کەمەک بە ئاوارەکانی هەڵبجە و گەرمیان و بادینان …تد

کاتێک هەڵبجە کیمابارانکرا، کاتێک گەرمیان و بادینان ئەنفالدەکرێن و سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەرەو هەندەران ڕەوانەدەکەن، کاتێک شۆڤامەکانی شاران دەبنە شانۆی نمایشی ئەنفالکرانی جوتیاران و گوندنشینان و چەکی نائومێدی گشت سەردەمە تاریکەکان لەسەر سنگی خەڵکی نەدار و بەدەستەات دەچەقێت، لەو کاتەدا کاروان و هاوڕێکانی خەڵک و هونەرمەندان بە بەرنگاریکردن و هەڵبژاردنی ئەڵتەرناتیڤی گونجاوتر و شۆڕشگێڕانەتر بانگەوازدەکەن:

خوێن لە چاوی ماتی شەوا [١]
لە شۆڤامی چەڵەی خەوا [٢]
خوێن لە لاشەی شەهیدەکان [٣]
خوێن لە پشتەی ڕەشباکان [٤]
مارتان نەکوشت [٥]
کاتێ بەردتان لە دەستا بوو
ماریش پەپەی لەسەر بەردی ئاشپەستێ بوو [٦]
بێ نەتانکوشت

* * * * *

لوولەی تفەنگی چەوساوان

ڕاستەقینەکیش هەڵناکا [٧]
ئەی ئەوانەی کە دەتان [٨]
ئەوەندە خەی خواردەوە
هەتاکو کرمی هەڵهەنا [٩]
هەر نەتاندی شەوی ڕەشی هەڵبجەمان
چ خەرشیدێکی داهەنا [١٠]

* * * * *

لە شارەکان، بەری بەبار
بەردی شانەی گەمارێ [١١]
هەموو منالانی برسی
فڕبوون کە گیانی بەڕن [١٢]
بەهام کوانە دەست و پەنجەی هونەریەتان [١٣]
لە کاتکا لوولەی تفەنگ ڕاستە ڕێکیش هەڵناکا [١٤]

-_____

* سیناریۆی کوشتنی جوانەمەرگ (موحەمەد خەرشید) و تاوانبارکردنی هاوڕێکانی خەی (کاروان ئوسمان) و (ئیسماعیل سەکران) لە هەمان سیناریۆی کوشتنی نووسەری تورکی-زمان (سەباحەدین عەلی) دەچێت، بە کەمێک دەستکاریکردن و دەشکرێت لەو سیناریۆیە کەڵکوەرگیرابێت؛ [نووسەری بەناوبانگ (سەباحەدین عەلی) کە بەرهەمەستکارێکی ئیمپراتۆریی ئوسمانییەکان بوو، بە فەرمان و تەماکە لەسەر سنووری بولگاریا لە کاتی هەڵهاتنی، ئەویان کوشت. ئەوەندە (سەباحەدین عەلی) خرایە ژێر فشاری دەروونی و فیزکی ئەوەندە، تاکو دوا جار ناچاربوو، کە بەرەو هەندەران ڕابکات و ئەو کات لەسەر سنووری تورکیە- بولگاریا بەدەستی یەکێک لە بەکرێگیراوانی دەوڵەت ئەو کوژرا و پیلانگێڕان، بەسەرهاتی کوشتنی (سەباحەدین عەلی) ئاوا نیشاندەدەن، کەسێک ئەوی کوشتووە، کە هاوڕێ و هاوگەشتی ئەو بووە و لەبەر چاوبینە پارێزکەی ئەوی کوشتووە!

[١] کوژرانی سەدان هەزار هەزاران کەس بە کیمیاران و ئەنفال

[٢] بەدەنگیی ناچارییانەی شەقامی شارەکان بە هەی سەرکەوتگەریی ئەو سەردەمە

[٣] کوشتنی خەڵک

[٤] کیمیاباران و ئەنفال وەک پەیامی بەعس بە خەڵکی ئازادیخواز

[٥] مار ئاماژەیە بە دەوڵەتی عیراق و فەرمانداریی بەعس

[٦] گیرەدەبوون و تێکشکانی فەرمانداریی بەعس لە ساڵ و ماڵگەکانی کەتایی جەنگی عیراق ئێران

[٧] ئاماژەیە بە بەرەنگاری ڕزگاریخوازانەی خەڵک لە شەوی بزووتنەوەی چەکداری و بە شەوازێکی تێکشکاو و نیگەتیڤی دەبینێت و هیچ ئومێدێک لە ئەو بەدیناکرێت

[٨] ئاماژەیە بە کەسانی ئازادیخواز

[٩] نائومێدی و کوژران و زیندەبەچاڵ بوون لە بیابان

[١٠] دەنگدانەوەی کیمیابارانی هەڵەبجە و دەرکەوتنی فاشیزمی دەوڵەت و دیکتاتۆریی بەعس و سەدام حوسەین

[١١] تێپەڕبوونی کاروانی ئینفالکراوان بەنەو شاری کەرکووک

[١٢] منداڵانی برسی هوشیاربوونەوە و هوشیاریی چینایەتی سەریهەڵداوە

[١٣] ڕەخنە لە بەدەنگی هونەرمەندان و نووسەران و بانگەواز بە شەوازێکی دیکەی تێکۆشان لەنەوەندی شارەکان

[١٤] تێکشکانی بەرەنگاریی گوندەکان و ئاشبەتاڵی بزووتنەوەی چەکداری و زیانبەخشیی بزووتنەوەی چەکداری

** زانستکاران بە ئاوا سەرەنجامێک گەیشتوون، کە دەنگ لەنەو چینەکانی هەوا دەمێنێتەوە و هەرگیز وننابێت، خەزگە کاتی کوشتنی ئازیز و جوانەمەرگ (موحەمەد خەرشید) و لەسەدارەکانی (کاروان ئوسمان) و (ئیسماعیل سەکران) و ئێستا مرۆڤایەتی بەو تێکنەلەجی و توانایە بگەشتایە، کە دەنگەکانی ئەو ڕوداوانە بگەڕێنەوە و بکرێنە بەڵگەی شکارکردنی تاوانەکە، تاکو ڕاستی و دڕیی زڕبەی تاوانە بە ئەژمارەکانی ئێم سەردەمە پێ دەندایەتییە دەربکەوتایە.

بە گوێاگرتن لەو سروودەی سەروە بە دەنگی هونەرمەندی جوانەمەرگ (کاروان عوسمان)، لەسەر ئەو لینکەی خوارەوە کرتبکە
http://www.dengekan.com/karwan/gorani/xor_le_chawi_mati_shewa.mp3

دیدێکی ڕەخنەیی بۆ کتێبی_ کورد لە دیدی سۆسیۆلۆژیەکانەوە … سەدیق سەعید ڕواندزی

زۆرجار ڕێککەوتووە، ناونیشانی وتارێك یاخود کتێبێك، سەرنجمان ڕادەکێشێتو لەو ڕوانگەیەشەوە، دەچینە ناوکتێبەکەو دەیخوێنینەوە. لە هەندێ کاتدا، ناونیشانەکان جوانو واتادارنو لە هەندێ کاتیشدا، ناونیشانێکی سادەو ئاسایین.بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە ناویشان، کلیلی کردنەوەی هەر دەقێکەوسەرەتاو دەسپێکی گرنگو سەرنج ڕاکێشە، بۆ ئەوەی خوێنەر کتێبەکە بخوێنێتەوە. زۆرجار ڕووبەڕووی ناونیشانی وادەبینەوە، کە خوێنەر سەرسام دەکاتو حەزدەکات لە زووترین کات کتێبەکە بخوێنێتەوە. کاتێکیش دەست بە خوێنەوە دەکەین، دەبینین کتێبەکە لە ئاست ئەو ناونیشانە گەورەیە نییە کە بۆی دانراوە. ناوەڕۆکێکی سادەو ساکاری هەیە. کورد لە دیدی سۆسیۆلۆژیەکانەوە، ناونیشانی کتێبێکە، کە کاوە ئەمین ئامادەی کردووەو ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی لەوماوانەی ڕابردوودا،چاپی کردووە. خوێنەر کەئەوناونیشانە دەبینێت، بیری بۆ ئەوە دەچێت کە ئەو کتێبە، ڕەخنەیینەوەیەکی سیاسیو سۆسیۆلۆژیو فەرهەنگییە، کە تیایدا سۆسیۆلۆژەکان لە بارەی کوردەوە نووسیویانە. یاخود دیدی فیکریو ڕەخنەییو کلتووری سۆسیۆلۆژەکانە بۆ جالیەی کوردوئاوێتەبوونی تاکی کوردییە، وەك تاکێکی ڕۆژهەڵاتی لە گەڵ کلتووری وڵاتێکی خۆرئاوادا.

کەچی کە کتَێبەکە دەخوێنینەوە، دەبینین بە پێچەوانەوەیە. ناوەڕۆکی ئەو کتێبە، زنجیرە چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی سیاسیو ئەکادیمیو حزبیوئایینی، کە دەستی کوردنو نووسەر لە میانەی چاوپێکەوتنیاندا، لەو کتێبەدا کێی کردوونەتەوە. ئەوەی جێگەی سەرەنجە،بە شێکی زۆری وەڵامی ئەو کەسایەتییانەو هەڵسەنگاندیان بۆ نەتەوەی کورد، وەك گەلێکی بێ دەوڵەت، هیچ پەیوەندییان بە ئێستای ئەزموونی کوردیو دۆخی سیاسیو کارگێڕیو ئابووریانەی هەرێمی کوردستانەوە نییە. بەکو زۆربەیان پەیوەندییان بە ڕووداوەکانی ساڵانی شەستو شەشی ئەیلولو

کارەساتەکانی گەلی کوردەوە هەیە، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە.

نازانم ئەو وەڵامو پرسیارانە، چ پەیوەندییان بەخوێنەری کوردو تاکی کوردەوە هەیە لە ئێستادا؟ ئەگەر خوێنەرێکی کورد مەبەستی بێت لە بارەی شێوەشی ئەیلولەوە زانیاریی هەبێت، پێویست بەوە ناکات لە دەمی بەساڵاچووێکی سوێدییەوە بیزانێت.چونکە ئەوەندە سەرچاوە هەیە، لە بارەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە، کە خوێنەری کورد بە ئاسانی دەتوانێ لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکات. هەر بۆنموونە:دووبەرگ لە کتێبەکەی مام جەلال، گۆڤانەوەی مێژووی نزیکەی هەفتا ساڵی سەدەی ڕابردووە. خۆشی وەك سیاسییەك لە نێو ڕووداوەکان دابووە. لەلایەکی تردەوە،ئامادەکاری کتێبەکە، هەندێك پرسیاری ئاراستەی ئەو کەسایەتییانە کردووە، کە هیچ پەیوەندییان بەکوردو دیدی سوێدییەکانەوە بێ کورد نییە.بۆنموونە پرسیاری ئەوەیان لێدەکات، ژنەکەت ناوی چی بوو؟ کەی یەکترتان ناسی؟ بە خۆشەویستی بوو ؟ زەماوەندەکەتان چۆن بوو؟ یاخود پرسیاری کۆشەی فەلەستینو ئسرائیلیان لێدەکات.

یاخود باسی قۆکردنی جووەکان دەکات لە سەر دەستی نازییەکانەوە.نازانم ئەو پرسیارو سادەو نابابەتییانە چ پەیوەندییان بە کوردو خوێنەری کوردەوە هەیە؟ ئەو دیدەسادەو ساکارانە، هیچ بایەخێکیان لە ڕووی سیاسیو کلتووریییەوە بێ کورد نییە. وەڵامەکانی ئەو کەسایەتییانە بۆوانین، دەبینین هەندێکیان زانیارییەکی ئەو تۆیان لە بارەی کوردەوە نییە. بۆنموونە: لە ڕاپەڕە 119دا، ئامادەکاری کتێبەکە دەربارەی ئێلف پاڵمە پرسیار لە یەکێکیان دەکات، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت:(من خۆم هیچ کاتێك دەربارەی کوردەکان قسەم لەگەڵ پاڵمە نەکردووە). بەهەمان شێوە لەڕاپەڕە 174دا پرسیار لە بارەی ئێجەلانەوە دەکات. ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت:(زۆرشت لەبارەی ئێجەلانەوە نازانم!). دیسانەوە لە ڕاپەڕە 184دا پرسیار لە بارەی تۆمەت بارکردنی کورد لە کوشتنی ئێلف پاڵمە دەکات،ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: (نازانم بۆچی کوردییان تۆمەتبارکرد).ئەگەر کەسێك ئاگاداری کۆشەی کورد بێت، دەبێ بزانی بێ ئەو تۆمەتەیان بۆداپاڵ کورد.

لە شوێنێکی دیکەش پرسیار لە یەکێکیان دەکات، ئەویش دەڵێت:(تا ئێستا سەردانی کوردستانم نەکردووە). بێگومان ناونیشانی ئەو کتێبە، زۆر لە ناوەڕۆکەکەی گەورەترە. دیدی سوێدییەکان، مەبەست هەموو گەلی سوێدە. بۆیە دەبوو ئامادەکاری کتێبەکە ناونیشانی(

کورد لە دیدی چەند کەسایەتییەکی سۆدییەوە) بۆ کتێبەکەی دانابا. یاخود نووسەر لە بۆی پرسیارکردن لە بارەی هەندێك بابەتی لاوەکیو سادە، دەیتوانی پرسیاری ئەزموونی حوکمرانیەتی کوردیودیموکراسیەتو دیدی سۆدییەکان بۆ حوکمڕانی کورد بکات. دەیتوانی پرسیاری ئاوێتە بوونی مرۆڤی کورد لە گەڵی سۆدی بکات. پرسیار لە بارەی بەریەککەوتنی کلتوورەکان بکات. یاخود بەبەشێکی زۆری مرۆڤی کورد کە دەچنەخزمەر ئاوا، ناتوانن ئەو ئەقڵیەتە ڕووژهەڵاتییە لە خۆیان دابماڵن، کەلە ڕووژهەڵاتەوە پێی گەشکراون.

دەبوو لە بارەی کلتوور، زمان، ناسنامە،ئێپێزسیۆنو حوکمڕانیەتی کوردیو چەندین بابەتی دیکەی مۆژوویو کلتووری فەرهەنگی، دیدی سۆدییەکانی بۆ کورد شیبکردایەتەوە. نەك پرسیاری ووداوێکی ساڵانی شەستییان لێبکات. کە بۆ خوێنەری کورد لە ئێستادا کێنبوونو بوونەتە بە شێك لە مۆژوو، بایەخیان نەماوە.منی خوێنەر کارم بە ژیانی تایبەتیو کەسی ئەو کەسایەتییانە چییە. وەرای هەموو ئەو سەرنجانەش، کتێبەکە لە ووی زمانەوانیو ڕێنووسو هەڵەی چاپ، چەندین کەمو کورتیو هەڵەی تێدایە. وشە هەیە بەچوارجێری زمانەوانی جیاواز نووسراوە. وەك:(حکومڕانی_حوکومڕانی_حووکومڕانی_حوکومڕانی).

هاوکات چەندین هەڵەی زمانەوانی دیکەش هەن، کە ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین.ل52 نووسراوە(مەسحین)ل55نووسراوە(بوخوادی)ل استکردنەوە(بەخوای)ل68نووسراوە(شەقاوا)ل استکردنەوە(شەقاوە)ل72نووسراوە(داکۆکی)ل استکردنەوە(داکۆکی)ل78نووسراوە(حەمدید)ل استکردنەوە(حەمید)ل80نووسراوە(وگت)ل استکردنەوە(گوت)ل121نوسراوە(بەکارلیس)ل استکردنەوە(بەکالریس)ل129نووسراوە(سەفر)ل استکردنەوە(سەفەر)ل148نووسراوە(تەماشی) ل استکردنەوە (تەماشای) ل189نووسراوە(تەموز)ل استکردنەوە(تەممووز). کە ئەگەر خوێنەران کتێبەکە بخوێننەوە ەنگە درك بە زۆر هەڵەی دیکەش بکەن.

پەراوێز/ کورد لە دیدی سۆدییەکانەوە/ ئامادەکردنی کاوە ئەمین_باوکراوەی ناوەندی توێژینەوەی مۆژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی/ ساڵی 2017.

تەتوان بۆنی وەنەوشە دەکات … دەق: ئیمان ئەلخەتابی

دەق: ئیمان ئەلخەتابی **/ مەغریب
وەرگێڕان: ئەمین بۆتانی/کوردستان…

نۆستالژیا

-1-

دەچمەوە خزمەت دەرەختی منداڵیی
هەست بە رووشانی قەدەکانی دەکەم
بریندارچکەی چۆ وچڕکانی دەبینم،
ئای لە رۆح چەند بە سەبرە
بەرگەی ئەو هەموو بایە دەگرێ؛
جۆلانەی منداڵیمان
هەردوو شانەکانتی خوێناوی کردووە ئەی دەرەخت
دارهەنجیر و زەیتوونیش لەمەدا قوتاریان نەبوو.
بەردبارانی با و میوەکانمان کرد
ئازاری زەیزەفوونمان دا،
هیچمان لە
حیکمەتی رووناکی و سێبەر نەدەزانی،
ئێمە ئەوسا
خەریکی لێکردنەوەی منداڵێتی خۆمان بووین؛
کەچی کات لە نێو لەپماندا سیس هەڵگەڕا و
تەمەنمان
لە چرچ و لۆچەکانی قەدەر
ترسی لێ نیشتووە.

-2-

دەچمەوە خزمەت رووباری منداڵیی،
خۆم بە
یادەوەریە دڕینەکان تەڵ و وەڵ دەکەم و
ڕۆحی خۆم لە شادومانیی ئاودا هەڵدەکێشم،

ئای لە دەنگی ئاو.. ئای لە سەمای ئاو
ئای لە جوانیی ئاو
هۆشتا دڵم بۆ مەرگ دەچێ بە تەڵیی و
حەزم لە جیواربوونە
لە ئامێزی پڕ میهری ئاو.
سووتان؟ تینوێتی؟
وشکهەگەڵانی رۆح یان گەرمەسێری دڵ؟
بەرەو لێوارم دەبا
پڕی دەڵێم: من وشك بووم
لەسەر ڕێگای خۆت
بمگەیەنە لای ئاو.

-3-
دەچمەوە خزمەت هەیقی منداڵیی
بۆ ژماردنی
خانەکانی جوانیی سەر گۆنای ئاسمان.
لە دوای هەر چیڕۆكێك
گورگی دارستان ڕاومدەنێ،
بەئاگا دێمەوە
کاتێك ئەسپی میرزادە دەمخاتە خوارەوە و
خۆم لەناو نوێندا دەبینمەوە،
بکڕەوە ئەی دەرگای ئاسمان
بەر لەوەی فڕی گوناە بم؛
خەونە پڕچراوەکانی خۆم
بە کاغەزی دیاری
بۆ فریشتەکان دەنێرم و
پڕیان دەڵێم: بێزار بووم
بەرزم کەنەوە تاوەکو بفڕم.

-4-
دەچمەوە خزمەت بای منداڵیی،
کۆلارە هەڵدەدەم و
کەشتییە بچووکەکانم دەخەمە نێو ئاو،
مشتی خۆم توند
لە چەپکە لاسارەکانی ڕۆشنایی وەردێنم و
گلەیی لەو هەورانە دەکەم
ڕەنگی ڕۆژەکەمیان هەبزێکاند،

ده ساڕۆژبنەوە ئەی زامەکانی ئاسمان
بۆ ئەوەی
خۆم و بینا ییم ساماڵ بینەوە،
هێشتا دەستەکانم
بەردیان پێ ماوە بۆ ڕووبار
ئەژنۆکانیشم با بۆ ڕاکردن،
ئێستاش کراس و کەوا
بۆ بووکەڵە قامیشەکەم دەدڕووم و
خەون و خۆزگەکانم
دەخەمە نێو دەغیلەی
تڵۆقە هەناوەکانی زستانەوە.

لەجەنگدا

زەوی
درەختەکانی خۆی ڕیز کرد و
جەنگیش
بۆردومانی دەستپێکرد.
لە کۆتا جەنگدا
کەس قوتاری نەبوو.
ئەوانەی لە خوێنی خۆیاندا نەخنکان
لە دەریادا بەسەریان هات.
لە جەنگدا
بکوژان لە شێوەی دارودرەخت
خۆیان شاردبۆوە و
نشتیمانیان مینۆژ کردبوو.
چۆلەکەکان لەم زستانەدا
پەناگەیان دەست نەکەوت
گشت دارستانەکان خوێنیان لێ دەچۆڕا.
لەبەر هەڵات هەڵاتی جەنگ
هەر بە ڕێگاوە
بوخچەی خەونەکان و
کلیلەکانی نشتیمانمان لەدەست کەوتە خوارەوە.
لە جەنگدا
گشتمان لەسەرەدا ڕیز بووین و
وەک هەر تیترواسکێک
لەو چۆلەوانییە ڕۆژمان کردەوە.

پۆلیسەکانی سنوور
سەرگوزشتەی پەنابەرانیان نەخوێندەوە و
لە راز و نیازی ئەوانیان نەوانی،
ئەو ئاپۆرایە گشتی بەرد و چەون
بۆ داخستنی رێەوی رووبار بەکەك دۆن.
جەنگ نشتیمانێکی سەوزی هاێی و
تووڕەکەیەکی پڕ لە خێەمێشی دایە دەستمان.
لە جەنگدا زانیمان
دۆوەکە لەگەماندایە و
لە نۆو چیێکەکاندا نەبووە.
لە رۆگادا بەرەو ئەو سەرزەمینەی
گۆی بەرنەکەوتبۆ،
پۆلیسی سنوور ئاگربارانی کردین.
لە رۆگادا بەرەو نشتیمانێکی نوێ
بە تەمەتی ئەوەی پارچەی تەقینەوەین
ریگایان نەدابن بچینە ژوورەوە.
چ لە جەنگ و چ لە ئاشتیدا
ئەوانەی دزەیان کرد و
خۆیان گەیاندە وڵاتی بیانی،
لەو بۆوایەدان
کە لە دیوی دواوەی نشتیمان دەژین.

کەوتمە داوی گەردوونەوە

بوڵێی نوتەك
منیش وەك تۆ؛
بوونەوەرەکان لەسەر دەنکە رۆشناییەك
لەگەما نایبۆنەوە و نایبۆنەوە.
ئەی دەریا
منیش وەك تۆ
لە هەەتی تەوژما
شەپۆل ناپاکیی لەگەدا کردم.
ئەی خەمباریی
منیش وەك تۆ
بۆ ناسینی رۆح
هەور دەکەمە پۆوانە.
ئەی شەو

هاوشێوەتم؛
منیش وەک تۆ
خەم دەسپێرمە خیوەتی چڕەوانیی.
ئەی پەپوولە
منیش ڕەک وەک تۆ وام؛
دوورایی پەیڕەوەکەم
لە نێوان قۆزاخە تا ڕووناکییە.
ئەی پایز
منیش وەک تۆ
ڕەشەباکان دەوروژێنم و
ڕەنگەکان دەشارمەوە.
منیش وەک تۆ
ئەی داربەڕوو
حەزم لەوەیە باڵا بکەم
بەڵام شۆڕنم دەستناکەوێ.
ئەی خەون
منیش وەک تۆ
سەرم دەخەمە
سەر سەرینێکی نەرموشل.
ئای دڕەخت
منیش وەک تۆ سەوزم و
ناتوانم ڕۆ بکەم.
ئەی شادومانی
منیش وەک تۆ
تاوێ پێدەکەنم و
تاوێکیش چاوم لەسەر ڕێگایە.
ئەی مەل
منیش وەک تۆ
کەوتمە داوی گەردوونەوە.

پەپوولە

هەر قۆزاخەیە و
ڕادەستی قۆزاخەیەکی دیم دەکا،
منیش هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە
باخەکان گریەوزاریم نەبینن.
کۆ بۆوا دەکا

ئەو شادیەی لە باڵەکانمدایە
تەنیا ڕەنگێکە و هیچی تر،
ئەو ئاوریشمەش کە منداڵێتیمی هێنییەوە
ژانێکە و بەس.
هەرچی شێکە و پێکەی ماومە
کۆیاندەکەمەوە و دەڕۆم،
هیچ تەما و تروسکایییەك بەدی ناکەم؛
لەوانەیە هەموو ماناکانم بەکاربردبێ
لەوانەیە کاتەکەی من بەشی مانای نەکردبێ،
یان لەوانەیە ئەو مانایەی لە خەونمدا بوو
لە ئاڵتوون بووبێ.
من زۆر قەشەنگ و ئێسك سووکم؛
من بە وریاییەوە
هەر هەمووی دەهاوێژمە
نێو تووندی ڕۆشنایی و
ڕۆژگارە گەندەڵەکان دەکەمە سووتماك،
با ئەو گوڵە مێخەکەش لێم ببووڕێ
کە زۆر لێم پاڕایەوە:
سێبەرەکەم..سێبەرەکەم.. سێبەرەکەم…

نەبوونیی

ئەمڕۆ بەئاگا هاتم و
نیازی فڕینم لە دڵدا بوو،
بەڵام کە سەیری شتەکانی خۆم کرد
ئازادی پێویستی تێدا نەبوو
بەشی ئەوەی بکردایە.

بووکەڵە

زارۆیەك
بە بووکەڵەکەی خۆی
ڕووخساری دیوار دەڕازێنێتەوە،
زارۆیەك
بە بووکەڵەکەی خۆی
ساتەکانی ڕۆژ شادومان دەکات،
زارۆیەك
لە ژێر داروپەردووی کاولکاریدا

بەدوای بووکەکەیدا دەگەڕ.

ریسایکل

بەدەم ڕێگاوە بەرەو ژیان
هەر شتێکم لێ بکەوێ
هەڵیدەگرمەوە و
دەرخواردی پەیڤەکانی دەدەم.

نەزۆکیی

ژیان
شادیێکی بچووکی بێ نەخستمەوە
بێ ئەوەی
هەرچی سێزە پێی ببەخشم،
ناچار
خەم و خەفەتی زۆم گرتە خۆ و
خستمنە سەر ناوی خۆم.

دۆخ

هێشتا لەوێم
بە قەدی ئازارەوە بەستراومەتەوە،
ئای ڕووخساری پەشیمانیی
پێم بڵێ
دوو بەیانی چارەنووسم چی دەبێ
ئەگەر دەستەکانم بێ خۆشەویستی ڕانەگرم و
داوای سێز و بەزەیی لێ نەکەم!.

هاوشێوە

بێ باوك
وەك عیسا وام،
بەڵام
هیچ سرووشێك چاوەڕێم ناکات.

دۆقیی

باوکم وەك با وایە،
تەمەنی منیش

دره‌ختی چ‌ه‌وانیی،
ده‌سته‌کانی ئه‌و منیان پیتاند و
ب‌ بیابانه‌کان جی‌یان هی‌شتم.

ک‌‌دان

یه‌ك له‌دوای یه‌ك
خه‌ونه‌کان له‌ده‌ست ده‌ده‌م و
له خ‌م ده‌پرسم:
دوای ئه‌وه چیم ب‌ ده‌م‌نت‌ه‌وه؛
ئه‌گه‌ر ناوله‌پی خ‌م ب‌ تاریکی راخه‌م و
ئه‌و تاقه ئه‌ست‌ره‌یه‌ش رااده‌ست بکه‌م
که ده‌سته‌کانمی ر‌شن کرده‌وه!.

ک‌شش

من که شه‌وگار ز‌رم ب‌ د‌نی و
به‌دیار "ساته بریندارکه‌ره‌کان"مه‌وه
ده‌بمه په‌رستار،
ل‌ی ده‌پا‌‌مه‌وه: تو خوا دووبه‌یانی وه‌ره‌وه؛
تاوه‌کو خه‌ون‌کی نو‌ ئاماده ده‌که‌م
له جیاتی ئه‌و خه‌ونه‌ی دو‌نی وردوخاشت کرد.!

سه‌رسو‌مان

ده‌سته‌کانم تووشی حه‌په‌سانیان کردم
کات‌ك خه‌ریکی
کردنه‌وه‌ی دوگمه‌ی ژان‌کی ک‌ن بوون؛
شو‌نی گولله‌یه‌کی شاراوه‌یان
به نه‌شته‌رگه‌ره‌که پیشاندا.

راسپاردن

ئه‌ی که‌ناریه‌که
ها‌ن ئه‌وه ستراته‌که‌مه ل‌می وه‌رگره،
چ‌ینه‌که‌ی من سو‌ره و
گه‌رووشم پ‌یه‌تی له زام.

شایان

ئەستێرەیەك سەروزیادە
بۆ ئەوەی كاپتنی دەریاوان
ناوی خوای لێ بێنێ،
هەبەت تاقە ئاسمانێكیش
كە سێبەرەكەی خۆی دەبەخشێ
بەشی شینهەگەانی دەریا دەكات.

سنوور

لای دەروازەی دەرگاكەوە
دەستێك ناوبڕێكی دانا و ئەم ئاماژەیەی نەخشاند:
لێرەوە جیهان كۆتایی دێ و
دارستان دەستپێدەكات.

Eau de parfum

باخەكان گوێ گوێ دەنێنەوە
هەوری گوێستانەكان دڕپ دڕپ دەپارزنن،
دەیانپاڕێون و
لەناو شووشەكان بەندیان دەكەن،
دواجار دەیانفرۆشنە ژنێكی بێتام.

ڕێگاوبانەكان

خۆشەویستیی
ئەوە تۆی جارێكی دی!
ئێمە تازە
گەنجینەكانی ئەڤینمان گەسكدا و
هەرگیز ریگا نادەین هەمدیس
دڵەكان زەرەر و زیانیان بەركەوێ!.

.....

ئیمان ئەلخەتابی

– هەبەستڤانی مەغریبی/ تەتوان 1974.
– دكتۆرا لە زمان و ئەدەبی عەرەبی/ زانكۆی عەبدالمالك ئەلسەعدی لە شاری تەتوانی مەغریب.

– ئەندامی یەکێتی نووسەرانی مەغریب.
– ئەندامی ماڵی شیعری مەغریبی.
– لە ساڵی 1992 هێنراوە و چیڕۆکەکانی خۆی بۆتاوکردۆتەوە و هەڵبەستەکانی لە گۆڤار و بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی مەغریب و نێودەوڵەتی بڵاوبوونەتەوە.
– لە زۆر کۆڕی هەڵبەستخوێندنەوە و دیدار و فێستیڤاڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییدا بەشداریی کردووە.
– دوو دیوانی چاپکراوی هەیە:
* دەریا لە سەرەتای شەپۆلچووندا/مەغریب 2001
* کۆبەری جەستە/مەغریب 2014.
– هەڵبەستەکانی بۆ زمانەکانی ئەسپانی و فەرەنسی و ئینگلیزی و کوردی وەرگێڕدراون و بە هاوبەشی لە نێو کتێب و نامیلکە و ئەنتەلۆژیای شیعریدا بڵاوبوونەتەوە.
– لەبارەی ئەزموونی شیعریی ئیمان ئەلخەتابی؛ گوتراوە:
عبدالرحمن مجید ربیعی: ئیمان ئەلخەتابی خانمە شاعیرێکی ڕاستەقینەیە.
هەموو هەڵبەستەکانی پڕن لە ئاگاییەکی زیرەکانەی لۆوانلۆو لە سەیریی و نامۆیی و تەمەکی ڕۆشن و مانادار، یان چڕبوونەوەیەکی دەوڵەمەند بە داشتنێکی رند و زیندوو. بەدوورن لە درێژدادڕیی و ئەم ڕستانەی بە ئاسانی نەئافرێندراون، خەمێکی قووڵ لە پشتەوەی ئەو ئەندێشانەوە ڕادەوەستن، تەنانەت تاقە وشەیەکیش لەختوخۆڵایی نەهاتووە.
نجیب العوفی: هەر کە یەکەم دیوانی ئیمانم خوێندەوە، زۆر بەخۆشحاڵییەوە گوتم؛ لێرە خانمە هەڵبەستقانێك هەیە لە هەناویدا مژدە و بروسکەی شیعر دەگرمێنێ…”.
یاسین عدنان: ئیمان ئەلخەتابی یەکێکە لە دەنگە هەرە زوڵاڵە شیعریەکانی خانمە هەڵبەستقانانی مەغریب و دەنگی هەرە بەهێزیان بۆ ئافراندنی تێکستێکی ئینسانی کاریگەریی لەسەر خوێنەر بەجێ بێڵێ…”.

چاپکراوەکانی ساڵی 2017 …

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

کتێبی (جەوهەری زمان و فەلسەفەی تەئویل) لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی و پەراوێزی بۆ داناوە و چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی چاپی کردووە

ئەو کتێبە (دکتۆر سەعید تۆفیق) نووسیویەتی، نووسەر لە پێشەکیدا دەڵێت ئەو کتێبە لە سێ توێژینەوەی بە یەکەوە گونجاو پێکهاتووە، کە پانتاییەکی بە پیتی فیکری فەرەنسی هاوچەرخ تێیدا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام ئەو پانتاییە لە ڕێشنبیریی فەلسەفی ئێستای ئێمەدا فەرامێش کراوە.
لەو کتێبەدا توێژینەوەی یەکەم ناونیشانی "زمان و بیرکردنەوەی شیعریی لای هایدگەر"ی لەخۆگرتووە، ئەو بوارە لە فیکر و فەلسەفە نەك هەر پشتگوێ خراوە، بەڵکو دووچاری بەدحاڵی بوون و بەد نیازیش بۆتەوە. لە بیرکردنەوەی توێژەرانی فەلسەفی زانکۆکانماندا (فەلسەفەی زمان) تەنها لەو لێکۆڵینەوە فەلسەفییە هاوچەرخە باوانەدا خۆی دەبینێتەوە، کە نوێنەرایەتی زمان لە دنیای ئەنگلۆساکسۆنی و بە تایبەتی لە فەلسەفەی شیکارخوازیدا دەکات. ئەو شێوە بیرکردنەوە باوەش بۆ مامۆستا پێشەنگەکانی زانکۆکانمان دەگەڕێتەوە، ئەوانەی گرنگی بە فەلسەفەی زمان دەدەن، هەر ئەوانیشن کە بیرکردنەوەیان بەو ئاراستەیەدا بردووە، پاشان قوتابیەکانیشیان بەرەو ئەو ئاراستە پاڵ ناوە.

بەڵام لە دەرەوەی ئەو ئاراستە و ئەو بایەخە، پانتاییەکی بە پیت و بەرفرەوان لە فەلسەفەی زمانەوانی بەجێ ماوە، وەك: لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە فەلسەفەی دیاردەگەراییدا، فەلسەفەی تەئویل، فەلسەفەی مارتن هایدگەر بە شێوەیەکی تایبەتی. بۆیە کاتێك مامۆستایەك لە مامۆستا بەرزەکانمان-ئەویش خوالێخۆش بوو دکتۆر عوسمان ئەمین- بوو، هەوێدا لە ڕێگای تەرجەمەکردن و نووسینی پێشەکیەك بۆ لێچەرێکی هایدگەر لە بارەی (هیلدرین و جەوهەری شیعر، یان ماهیەتی شیعر) لەو پانتاییە نزیك بۆتەوە، هەبەتە ئەو هەوڵە یەکەمین هەوڵکە کە خۆی لە دووتوێی کتێبێك بە ناونیشانی "لە بارەی فەلسەفە و شیعر" بەرجەستە کردووە، ئەو هەوڵەی دکتۆر عوسمان ئەمین سەرکەوتوو بوو، سەرەڕای ئەوەی پەیڕەوی لە ڕێبازێکی جیاواز لە ڕێبازی ئەنگلۆساکسۆنی دەکرد، کەچی سەرکەوتنی تەواوی بە دەست هێنا، بەڵام هەڵکاری سەرەکی پەردەپۆشکردنی ئەو هەوڵە سەرەتاییە، ئەوە بوو کە باسمان کرد، ئەوە بوو کە پانتاییەکە تەواو خاڵی بوو،

لە لێکۆڵینەوەیەکی بە پێت و جێدی، یان پانتاییەکی نوێ بۆ فەلسەفەی زمان بوونی نەبوو، تاکو زەوییەکی پتەو بۆ ئەو بواره پێکبهێنی و بشێ لێکۆڵینەوەی دیکەی لەسەر دابمەزرێنرێت. بۆ گەواهیدانی پەردەپۆشکردنی ئەو هەوڵە، ئەوە بەسە کە دکتۆر عوسمان ئەمین فیکری هایدگەر بەو شێوەیە وەسف دەکات و دەڵێ "چیا دەهەژێنی و وەك مشك دەزێ" بە دڵنیاییەوە ئەوە وەسفێکە هێزی دەرککردن دەردەخات و دکتۆر عوسمان ئەمین خۆی دانی پێدادەنێت.

لەو رووەوە وتاری "زمان و بیرکردنەوەی شیعریی لای هایدگەر" هەوڵێکە بۆ نزیکبوونەوە لە فیکری هایدگەری دواکەوتوو -واتە کە ئێمە درەنگ پێی ئاشنای بووین- لە بارەی زمان و ئەرکی فیکر و بوون. ئەوەی بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاراستەی کردم و پاڵی پێوەنام، هەر تەنها راستکردنەوەی تێگەیشتنی هەڵەئامێز و پێنەگەیشتوو و بەشداریکردن نەبوو لە فیکری هایدگەر، بەڵکو پاڵنەری بەهێز و گرنگ، بە راستی خۆشەویستی من بوو بۆ ئەو فیکرە، کە بشێ لە میانی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ڕێگای بۆ خۆش بکرێ و گومانی لە سەر کەم بکرێتەوە و لەسەرەخۆ دروست ببێ، بۆیە من لەو لێکۆڵینەوەیە هیچ ناخوازم، تەنها ئەوە نەبێ، کە بمانخاتە سەر ڕێگایەك بشێ لە فیکری هایدگەر (کە لەو دواییە بە ئێمە گەیشتووە) نزیکمان بکاتەوە و لە ڕێگای جۆرێك لە تێگەیشتنی نزیك و سۆزئامێزانە، کە ئێمە بۆ هایدگەر بەدوایدا دەگەڕین، بەرەو ئەو فیکرەمان بەرێت و لەو فیکرە ئاگادارمان بکاتەوە.

بۆگومان هەوڵی هایدگەر بۆ تێگەیشتن لە ماهیەتی زمان دەکەوێتە بواری هیرمینۆتیکای فینۆمینۆلۆجییەوە، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە ماهیەتی زمان وەك ئەوەی کە دیاردەیەکی هاوژیانییە، دوور لە میتۆدی توێژینەوەی باو، کە وەك بابەتێك لە زمان دەکۆڵێتەوە وەك ئەوەی بکەوێتە دەرەوەی ژیانی ئێمەوە، وەك ئەوەی بابەتێك بێت، هەر تەنها لە نێوان بابەتەکاندا بشێ کردەی توێکاری و شیکاری و هەوەشانەوەی بۆ بە ئەنجام بگەیەنین -نەك لە نێو ژیان-. ئەو هەوڵەی هایدگەر کاریگەرییەکی زۆری لە ناوەوەی فیکری فەلسەفی هاوچەرخ و دەرەوەی ئەو فیکرە هەبوو: لەلایەك دەکرێ بڵێن هەوڵی هایدگەر ناشێ هەر تەنها وەك تێرەیەك لە تێرەکان چاوی لێبکەین، کە لە چوارچێوەی فەلسەفەی زماندا دەخولێتەوە، بەڵکو بۆخۆی فەلسەفەیە، یان ڕێبازێکی فەلسەفییە و هەوڵدەدات ماهیەتی زمان لەسەر بنەمای (فیکر و بوون) دابمەزرێنێ، بۆیە کار بۆ تێکشاندنی دیدی تەقلیدییانەمان بۆ زمان و ئەرکی بیرکردنەوە و سروشتی گوتاری

فەلسەفی دەکات. ئیتر لێرەدا کاریگەری هایدگەر بۆ ڕێبازە سەرەکیەکان لە فیکری فەلسەفی هەنووکەدا درۆژ دەبێتەوە و کۆمەڵێك فەیلەسوفی بەناوبانگی وەك: هانز جۆرج گادامێر، پۆل ریکۆر، جاك دریدا.. ئەوانیدیکە نوێنەرایەتی ئەو ڕێبازە دەکەن. بەڵام لە دەرەوەی فەلسەفەدا کاریگەری هایدگەر دەکەوێتە سەر کۆمەڵێك ڕێبازی پەیوەست بە تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبییەوە.

ڕەنگە ڕێبازی هیرمینۆتیکای فەلسەفی (یان تەئویلی فەلسەفی) کە گادامێر نوێنەرایەتی دەکات، یەکێك لە ڕێبازە فەلسەفییە هەرە هاوچەرخەکان بێت، کە بە فەلسەفەی هایدگەر کاریگەرە. لێرەوە بایەخی وتاری دووەمی ئەو کتێبە دەردەکەوێت، کە ناونیشانی "بنەماکان و ئاسۆی هیرمینۆتیکای فەلسەفی لای گادامێر" لەخۆ دەگرێ، ئەو وتارە وێنەیەکی سادەکراوە و کورتەیەك لە پرۆسەی تەئویلی فەلسەفی لای ئەو فەیلەسوفە پێشکەش دەکات، کە ئەمڕۆ بە پیری فەیلەسوفانی هاوچەرخ دەژمێردرێت، چونکە یەك سەدەی لە زەمەن دیووە و بەشداری لە پێکهێنانی ڕووخساری نیوەی دووەمی زەمەنی ناوبراو کردووە. ئەمڕۆ فەلسەفەی تەئویل نوێنەرایەتی ڕێبازێکی بنەڕەتی و بەرفراوان لە فەلسەفەی هاوچەرخ دەکات، کە هەر تەنها لە گادامێر کورت ناکرێتەوە، بەڵکو کۆمەڵێك فەیلەسوفی بە ناوبانگی دیکەش بەشداری تێدا دەکەن. لە ڕاستیدا ئەو ڕێبازە بە پلەی یەکەم بە تەئویلکردنی دەقەوە بەندە: دەقی فەلسەفی و ئایینی و ئەدەبی... هتد، بەڵام لەگەڵ ئەوەش درۆژ دەبێتەوە بۆ تەئویلکردنی هەموو ئەو شتانەی کە قابیلی تێگەیشتن و بیرلێکردنەوەن: وەك ڕەمز و ئەفسانە و دیاردە هونەرییەکان. لەبەر هەندێ تەئویل لە فەلسەفەی هاوچەرخدا بۆتە "مێدە" وەك گادامێر دەڵێت هەموو ڕێبازەکان دەیانەوێ چەشنی (هیرمینۆتیکا) خۆیان وەسف بکەن.

بۆگومان هیرمینۆتیکا بۆتە داواکارییەکی پۆویست لە ژیانی فیکری و مەعریفیمان، کە بە هۆی پەیوەستبوون و پارچە پارچەبوونی مەعریفە تێیدا و دوور کەوتنەوەی نۆوان ڕۆشنبیریی ئەمڕۆ و دوێنێ، ململانێی نۆوان ڕۆشنبیرییەکان و بیروباوەڕە شەعبییەکان، ئەوە و سەرەڕای ئەو شتانەی لە بارەی سوودەکانی جیهانگیری و هۆکارە تەکنەلۆژییەکانەوە دەیڵێن کە کار بۆ لەیەکنزیککردنەوەی کلتورەکان دەکات، وڵێ کۆمەڵێك پەیمانی ساختە یان داپۆشراوی ژێر پەردەی ئایدیەلۆجی یان سیاسی، کەچی هیرمینۆتیکا بۆتە خۆوتێك لەیەك دوورەکان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە. هەروەها ئامرازەکانی هیرمینۆتیکا لە ناو ڕۆشنبیریی ئیسلامی سەدەی ناوەڕاستدا نەناسراو نەبووە و

هەتا ئەمڕۆش کەسانێک بەکاریان دەهێنن، ئەو ئامرازانەش ئامرازی دیاریکراون کەم فروفێڵ لەخۆ دەگرن، ئەوانەن کە بە لێکدانەوەی دیاردەکانی ژیانی هاوچەرخمانەوە بەندن. بۆیە ئەوەی کە ئێستا بە ئەرکی لێکدانەوە رادەبێتەوە پێویستە سەرەڕای فەلسەفە، خۆی بە مەعریفەیەکی بەرفرەوانی بواری زانستە مرۆییە هاوچەرخەکانی وەک: زانستەکانی زمان و مێژوو و ئەنترۆپۆلۆجیا و سۆسیۆلۆجیا و سایکۆلۆجیا، پێ چەک بکات.

لەبەر بایەخی ئەو ڕێبازە لە فیکری فەلسەفی هاوچەرخدا، دەبینین بۆ ئەو کتێبە وتاری سێیەمم ئیزافە کردووە، کە پارادیمێک لە چەمکی هیرمینۆتیکا لە بوارەکان، کە ئەویش بواری دەقی ئەدەبییە پشکەش دەکات. ئەو وتارە کە ناونیشانی "هیرمینۆتیکای دەقی ئەدەبی لە نێوان هایدیگەر و گادامەر"ی لە خۆداهەڵگرتووە، تەرجەمەکردنە لەگەڵ هەندێک لە دەستکاری بۆ وتاری بەاوکراوەی ساڵی 1998 "هۆسەرلیانە" (کتێبی ساڵانەی هۆسەرلی لە بارەی فینۆمینۆلۆجیاوە) لە ژێر ناونیشانی (The Phenomenological Motives of Heideggers and Gadamers Hermeneutics of the Literary Text Husserliana, vol, L11)
وەک دەبینن وەرگرتنی ئەو پارادیمە بۆ تێگەیشتن لە تەئویل لەو شێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە، کە هایدگەر و گادامەر نوێنەرایەتی دەکەن، چونکە ئەوە بەرەو تەواو کردنی هەر دوو وتاری بەیەکەوە گونجاوی پێشوومان دەکەنەوە، لە هەمان کاتتدا بەرەو ئەوەمان دەبەن، کە هاوپەیوەستبوونێکی پتەو لە نێوان فەلسەفەی زمان و فەلسەفەی تەئویل بوونی هەیە، وەک ئەوەی ئەو دوو فەیلەسوفە نوێنەرایەتی دەکەن.

*** دکتۆر سەعید تۆفیق**

دکتۆر سەعید تۆفیق ساڵی 1954 لە قاهیرە لە دایکبووە، لە زۆربەی نووسینەکانیدا لە ژێر ئاراستەی فینۆمینۆلۆجیاوە و درێژە بە فەلسەفەی تەئویل دەدا، بە تایبەتی لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی هونەریدا. لە ساڵی 1982 تێزی ماجیستێرەکەی لە بارەی (میتافیزیکای هونەر لای شوبنهاوەر) پێشکەش بە زانکۆی قاهیرە کردووە، بەڵام تێزی دکتۆراکەی لە بارەی (ئاستەی فینۆمینۆلۆجی لە ڕاڤەکردنی شارەزایی ئیستێتیکیدا) لە ساڵی 1987 پلەی یەکەمی باڵای لە کۆلێژی ئاداب- زانکۆی قاهیرە لە فەلسەفە بە دەست هێناوە.
بۆ زۆتر پێشخستنی فینۆمینۆلۆجیا لە بواری فەلسەفەدا بایەخی خۆی بۆ فەیلەسوفی بە ناوبانگ گادامەر و دواتر پۆل ریکۆر گواستۆتەوە و

لەوەشەوە بەرەو فەلسەفەی تەئویل و رەنگدانەوەی لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لای هایدگەر و بە تایبەتی گادامەر… هەموو ساڵێك لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی فینۆمینۆلۆجیاوە پێشکەش بە (کتێبی ساڵانەی هێسرەل، لە بارەی فینۆمینۆلۆجیاوە) دەکات. دواتر ئەو کتێبە زۆر بە نرخەکەی (هانز جۆرج گادامەر) بە ناوی (تەجەلی ئەلجەمیل) تەرجەمەی زمانی عەرەبی کردووە و ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ کردووە، لە ساڵی 1997 چاپ و باڵاو بۆتەوە، هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە سەرنووسەری گۆڤاری (الفکر المعاصر) بووە، جگە لەوە دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی لەو بوارەدا پێشکەش کردووە.

دوو ڕۆگاچارێ بۆ سەربەرخۆیی کوردستان! … وەستا سابیر

یەکەم / ڕۆگە چارەی شۆشگێڕانەی مارکسیستانە

تێکۆشەرانی مارکسیستە ئینتەرناسیۆنالیستەکان و خودی خەڵکی کرێکار لەو باوەڕەدان کە پەویستە کوردستان لە دەسەڵاتداریەتی بۆرژوازی دەسەڵاتداری کوردی سەرمایەدارێ چاوچنۆکەکان پاکبکرێتەوە ، وە ئەم ناوچەیە ببێتە سەنگەری تێکۆشەرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ گشت ناوچەکە و بۆ پشت ئەستووری بۆ بزووتنەوەی شۆشگێڕانەی سۆسیالیستی لە ناوچەکەدا .
بۆدیهێنانی ئەم ڕۆگاچارەیە بۆ درێژدانی خەباتی سۆسیالیستی و تێکۆشەرانەی ناڕازایەتیکانی خەڵک کە بەدرێژایی ٢٧ ساڵ لە بەرامبەر سەرمایەداران و دەسەڵاتداریەتی بۆرژوازیانەی حیزبە کوردیەکان دەستیانداوەتە و هاتونەتە سەرپە لە پەناو بە قووڵکردنەوەو ڕۆکخراوکردنی ئەم خەباتە .
ئەوکاتە کرێکاران و زەحمەتکێشان لە سایەی دەسەڵاتداریەتی شۆشگێڕانەی خۆیان توانای ئەوەیان هەیە کە بەرینترین زەمینەکانی دیموکراتیەت فەراهەم بکەن ، بەرینترین ئازادیەکان فەراهەم بکەن ، هەلومەرجی گونجاوو لەبار بۆ بردنە پێشەوەی خەباتی سۆسیالیستانەی کرێکاران دژ بە سیستەمی سەرمایەداری و گۆیشتن بە زەمینەکانی

سۆسیالیزم شانبەشانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکە .

دووەم / هەڵگرتنی یەکڕەمیستانەی بەرژەوەندیانە ئەم هەڵگرتنەیە بە سەربەخۆیی کوردستان دەژمێردرێت دانێ بە هەمان مەژووی کۆنەپەرستانەی حیزبە قەومیە کوردیەکان کە بەدرێژایی نزیکەی سەت ساڵ لە ئارادایە و وەک بەشێک لەدەسەڵاتداریەتی ئاغاکان و ستەمکاران و بەرژەوەندیەکان بەسەر ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و هەنجدەرانی ئەم ناوچەیە هەبووەو خەیان بە زەبری چەک ڕابردوەیەکی درەزنانەی ئەم ئاوات و خواستەی خەڵکی کوردستانیان کردووە وە لە پێناو ئیمتیازات و بەرژەوەندی حیزبەکانی خەیان و چینە دەسەڵاتدارەکان و بەرژەوازی کوردیدا بەکاریان هێناوە و بازرگانیان پێوە کردووە.
هەڵگرتنەیکی کۆنەپەرستانە کە ئێستا ئاشتەرناتیڤی(یەکێتی) خستەتە بەردەم کەمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە هەر شێوەیەک کە بەیان بکرێت و بتوانن جەماوەر ناچار ئەکەن کە پشتیوانی ئەم ئاشتەرناتیڤە کۆنەپەرستانەیە بکەن وە بە (بەڵێ) هەژموونی دەسەڵاتداریەتی خەیان بەسەر جەماوەردا بسەپێنن .

ئەم پرۆسە نادیمۆکراتیکەی کەئێستا بە زەر ئەبە جەماوەر ملکەچی بێت ، سەرەتای بینینی فاشیزمێک بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا دێت و ئەچێت ئەبینرێت .
خۆگەلکردنی بەشێکی دیاریکراو لە چەپە یەکڕەمیستەکان ئیتر حیزب بن یان تاکەکەس لەم ڕاستیە کە پەیوەندی بە مەژووی کۆنەپەرستانەو سەرکوتگەرانەی دەسەڵاتداریەتی ئەم حیزبە قەومی و ئاینیانەی هەرێمی کوردستانە ، زەر ڕوون و ئاشکرایە کە کە بەرژەوەندی توژە ووردە بەرژوازیەکان کە بنبەستبوون لە خەباتی یەکڕەمیستانەی خەیان کە چەندین ساڵە بە نیازبوون لە هەگەی (فشار) ی جەماوەریەوە بە یەکڕەم و چاکسازی بیسەپێنن بەسەر بەرژوازی کۆنەپەرستی حیزبە قەومیە کوردی و عەرەبیەکاندا .

بەواهێنان و هاندانی جەماوەر بە هەشتن لە ژێر ئاڵای پارتی و یەکێتی و حیزبە قەومی و ئاینیەکانی کوردستان ، نیشاندان و تەبلیغات بۆ ئەوەی کە ئەم یەڕاندەمە بە قازانجی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ، نموونەی قێزەونترین و گەمژانەترین سیاسەتێکی گرگنانەی ووردەبەرژوازیە کە بە ناوی و بەدرێزنی باس لە مارکسیزم و کۆمۆنیزم ئەکات .

هەر جۆرە ئاشتەرناتیڤێک کە بەرژوازی ڕابردوی ئەکات بە ناوی (

دەوڵەتی عیلمانی) و (دەوڵەتی سەکولار) ، وە (دەوڵەتی مەدەرنی) دوور لە مەزهەب و لە هاوواردنی قەومی و ، وە دەوڵاتی دیمەکراییانە و ئازادی بەرفراوان بە ڕەگەز خۆشکردن و سازکردن بە خەباتی چینایەتی ، هیچی تر نییە تەنها کلکایەتی و بەهەزکردنی دەسەڵاتداریەتی بەرژوازی کوردی و عەرەبی لە ناوچەکەدا ، هیچی تر نییە تەنها قووکردنەوەو داسپاندنی هەژموونی دەسەڵاتداریەتی چەند ساڵەی ئەم دسەڵاتدارانەو ، درۆژە دانە بە برسیەتی و نەداری و چەوساندنەوە و بەماڤی و سەرکوت و بەکارکردنی زیاتر و کەڵکەڵەی سەرمایەی زیاتر وبەکرێگیراوی زیاتر بە بەرژوائیمپریالیستەکانی ناوچەکەو گەلەینی کوردستانە بە مەیدان و بنکەی ڕەسمی و جەنگیری کەمپانیا و دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی جیهان و دەرهەنانیەتی لەم هەلومەرجە ئاوڕیەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا ببێتە مەترسی بە سەر بەرژەوەندی بەرژوازی ناوچەکە و جیهان و تیایدا بزووتنەوە ناڕازایەتیەکان ڕەکخراوترو بەهێزتر بن و لە ژێر سایەی ئاسەی قەومی و چەپی ڕیفەرمیستانە و ئاینیەکان بنەدڕەوە کارکردی گەورەیان هەبێت بە بنیاتنانی ئاڵتەرناتیڤی یەکەم کە ئاڵتەرناتیڤی گەلەینی کوردستانە بە بنکەو قەڵای دژ بە سەرمایەدرای و بەرژوازی لە ناوچەکەدا و بە پشتیوانی کرێکارا ن و زەحمەتکێشانی تورکیا و ئێران و ناوچەکە بەڵکی دژ بەسەرمایەداری جیهانی پێکبهێنن و هەنگاو بنێن بەرەو کەمەگای سۆسیالیستی .

تا دونیە بوو ئەمە لە گەڵ دەسەڵاتداریەتێکی کۆنەپەرستانەو بەرژوازیەکی سەرکوتگەر ڕووبەڕو ئەبوینەوە ، ئەمڕۆ بە هەی قووبوونەوەی خەباتی سیاسی و جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ڕودانی دابەشبوونی قووڵتری چینایەتی تۆژ ووردە بەرژوازیەکان هەرچی زیاتر و بەرچاوتر چوونەتە سەنگەری بەرژواکانی کوردستان و لایەنگیری خۆیان بە ئاڵتەرناتیڤی کۆنەپەرستانەی (ڕیفەراندەم) نیشانداوەو ئەدەن .
نمایەندەو ڕەکخەری بەرژەوەندی چینە ووردە بەرژوازیەکانی کوردستان و عێراق دووجەر لە ڕیفەرمی سیاسی وحیزبی ئەنجامی ئەدەن ، یەکەکیان "ڕیفەرمیزمی میللی (شەعبەوی)" ح.ش.ع ، و ح. ش . ک ؛ و دووەمیان "ڕیفەرمیزمی کرێکاری" کە ڕەوتی (کەمۆنیزمی کرێکاری) ،
ئەنجامی ئەدەن ، وەڵای جیاوازی بەچونەکانیان سەبارەت بە ئاڵتەرناتیڤی کۆنەپەرستانەی بەرژوازی کوردی سەبارەت بە (ڕیفەراندەم) .

بەرپەکی تری بەرژوازی کوردی کە بە وەتامی (نەخێر) بە خودی ئاکتەرناتیڤی ڤیدراندەم نیشانیان داوە ، بەرپەکی نیە دژ بە بەرژوازی کوردی و دەسەلاتە کۆنەپەرستەکەی لە پێناو سۆسیالیزم و دەسەلاتداریەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ناوچەکە ، بەڵکە بەرپەکە بە دژایەتی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ڤیدراندەم ، نەک خودی بەرژوازی ودەسەلاتەکەی ، وەئەم ناڕازایەتیە ڤیدرامیستانەیە خەی لە لەبەالیزمی بەرژوازیانەدا ئەبینێتەوە کە خوازیاری ئازادکردنی سەرمایەی کوردستان و هەرەمە لە هەموو جۆگریە قانونیەکانی ، بە بەدیهێنانی بازاڕێکی یەکگرتوی ئازاد و چەوساندنەوەی هەرچی زیاتری کەمەانی خەڵکی چەوساوەی کوردستانە .

لای مارکسیستە ئینتەرناسیۆناڵکان ئەمە هەرکوام لەم باسانەی بەرژوای ڕەشنە و لەوە زیاتر کە خەبات بە تێکشکاندنی دەسەلاتەکیان هیچ پاساوێکی تر هەڵناگرێت .
بەنام بە توندی و ڕوحیەتێکی شۆشگێڕانەی مارکسیستیەوە دژ بە هەموو ئەو ڕەوت و لایەن و کەسایەتیانە ئەوەستێتەوە کە ئەیانەوێت مارکسیزم بکەن بە قوربانی سۆسیال دیمۆکراتی جیهانی و بە ناوی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانەوە ئەیانەوێت ببن بە شەریکە حوکمی بەرژوازی کوردی و خۆ بکەنە چاوی ئەوان لە پێناو پێکهێناکی ئاکتەرناتیڤێکی بەرژوازیانەی سۆسیالدیمۆکراتیانە بەناوی دەوڵەتی عیلمانی و سێکۆلاریستی .
سەرکەوتوبێت خەباتی درێژخایەنی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بە بنیاتنانی دەسەلاتداریەتی سەربەخۆ و شۆشگێڕانەی خەیان بەرەو سۆسیالیزم !

و.صابر
٢٠١٧ / ٩ / ١٧

حەلال و حەرامی ئیستیعمار سەلام ناوخۆش

زۆر ڕەوشی سیاسی هەیە ئاراستەی حەلال و حەرام دەگۆڕێ ! حەلال و

حەرام تەنیا لە خواردن و خواردنەوە نییە. لە ئیسلام حەلال و حەرام تەنیا لە دوو چەمکی (ئەر) و (نەر) کورت نەکرایتەوە ، بە واتای فلان شلە و ئاو بخ و بخوە ، فیسار مەخ و مەخوە . لە فەنەتیکی هەردوو وشەدا (گکردنی هەردوو وشەی حەلال و حەرام)دا دەردەکەو بەشی حەلال زر زیاترە لە پشکی حەرام! پش ئیسلام ، اهیب و ئەحبارەکان بە ئارەزووی خیان سنووریان ب حەلال و حەرام دەکشا ، بە جرك لای هەند پیاوی پەرستگا حەلال و حەرام پەیوەندی بە ئیقتیصادە هەبوو !

کوردەواری جوانی وتوە " دینی موحەمەدی بە ئاشکرا خشە" ، بیە ئەم دینی موحەمەدە بە ئاشکرا و اشکاوی دەک : ئەوەی ب ت حەلالە ، ب منیش حەلالە ، بە پچەوانەکەشی دروستە!
دوای ئەوەی ئیستعماری نوودەولەتی چەندەها ئیستعماری لکەلی بەرهەم هنا ، شەرمی لە ئیستعماربوونی خی کرد و بارگەی خی تکنایەوە ! ئیستعماری لکەلی وەك دەسەاتی تورکی و عەرەبی و فارسی نەوعی ئیستعماری نوودەوەتی نییە : ئەوە هەموو شتت داگیردەکات و لە واەتیش خی بە دیندار دەزانی !

لە 25ی ن زربەی کوردی باشوور لەگە پکهاتە ئایینی و نەتەوەی تر بە ژەی (92%) بیاریدا ماڵی لە عەرەبی عراق جیا بکاتەوە ، قیامەت قەوما! چن دەبی میللەتك خاوەن جیوگرافیەکەی داخراو بی ، داوای سەربەخیی بکات؟ لە مژە هەرس حوکمرانی هاوس ، کە بە نیسبەت کورد ئیستیعماری لکالین، تمەتی ئیسرائیلی دووەم ب کورد دادەتاشن ، ئەمجارە وتیان نەمانگوت : سەیرکەن کوردەکان لە دەرەوە و هەندەران ، ئای ئیسرائیل بەرز دەکەنەوە!! شەناوی ەحمەتی لە نوەدەکان دەیوت : الاکراد یتامی المسلمین ! بچی ژمارەیەکی کەمی کورد ئای ئیسرائیل بەرز دەکەنەوە؟! لەو هەموو دەولەتە موسامانشینە یەک وەك ئیسرائیل بە ئاشکرا وتی : من لایەنگیری کوردانم؟! ئوە سەننە و شیعە و سەلەفی و ئیخوانگی خونی یەك ف دەکەن ، ب لەمەدا بوونە یەك؟!

ئەم مامستایەکی زانکی جوولەکە لە ئیسرائیل لە دیدارك وتی : دونی ئەمیرکی سعودی لە ئیسرائیل بوو ؟! چی دەکرد؟ دەعوەی لەگا سرکی ئیسرائیل دەکرد! دەولەتەکەی سیسی هەتا پیکرا موسمانی گەنجی کوشت و ئەونیتری لە زیندان رزاندەوە ، دونە وتی : من لەگا عەبادیم ، ئامادەم ئابلوقەی فین لە سەر کوردستان پەسەند بکەم ! لەو واتەش نەك ئای ئیسرائیلی بەکو پیاوی ئیسرائیل تەاتن دەکەن!

ئەو هەموو دەوڵەتە ئیستعماریە زلهێزە لە ئایدیۆلۆژیا لە ستراتیژیەت ، لە بەرانبەر کەسی تر لە بەرانبەر دینی خودا ، لە ئیسرائیل خراپترن ! کام دەوڵەت لەو دەوڵەتانە بە ئاشکاوی دەڵێت : من لە سەر بەرنامەی قورئانم ؟ ئیسرائیل بە ئاشکاوی دەڵێ : من دەوڵەتێکی تەوراتیم!
بوونی ئەو هەموو دەوڵەتە ئیستعماریە بوونەتە بار بە سەر ئیسلامەوە و تەواو پێچەوانەی گوتاری قورئانەوەن ، بوونەتە ئاهیبی زەمانە هەر خۆیان حەلال و حەرام دیار دەکەن و دەڵێن : بۆ ئێمە ئاسایە چەندان دەوڵەتمان هەبێ ، بەڵام کورد بۆی نییە دەوڵەتکەیەکیشی هەبێ! نووسەری
The First Muslim
دەڵێت : موحەمەد زیندووبێتەوە ئەوەندەی شەڕی ئەوانە دەکات ، شەڕی کافران ناکات!!!

گۆمەڵی دوای یەفرانـــدەم . . . چالاکی ئـاغجەلەری

دواجار ئـەم گۆمەڵە یەکەم ئـامانجی سیاسی خۆی پێکا، پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لە یەکەم هەنگـاوی یـاریکەدا پـوشکی ئاستەوانەی بە ئـاراستەی نفوز و قـەڵەم ئـەوی هەرێمی کوردستان دا هاودەم هەڵەک بوو بە ئـەوینە و بیرچوونەوەی مێژوویەکی ناشیرین کە پێ بە باڵای ئـەم هەزە بوو بەڵای کەمـەوە بە ماوەیەک هەمنی و دوور لە توانج و ئـەخنەی پەدەبـەت، هەورەها بارزانی بە شـۆی دکتـاتۆرێکی نەفسی توانی زەربەی کابـرە سیاسیەکانی وەکو نەخشـکی سایکۆلۆژی هەیانسوونـەت بیانکات بە هاوکار و هاوهەوڵست لە پێیوەند بە پرۆژەیەی مەبەستێتی کە بەی مەیسەر بێت، دیارە ئـەم هەوڵانە هاوڕاو و پشتیوانی هەرێمیی لە پشتە لەسەروو هەمووپانەوە تورکیای بەووکـش توند و سعودیەی ئـەنتی شیعەگەرا.

بە خاوەنی هەڵگری عەقڵکی ژیرانە ، هەڵوەست وەرگرتن بەرامبەر بەم پرسە و تراسانی خەڵکانی بەرهەڵست بەرامبەر بە پرۆژەکەی پارتی هەندەی تر ئـاگەی دەربازبوونی ئـاسان کرد ، یەک لە نموونەکان

غیابی مام جلال و کاک نەشیروان وەکو دوو کاریزمای سیاسی پرژەکەی خستە سەرپە، دیارە کەسانی بە ئاگا و ژیر کەوتنە جوڵە بەهام بە حوکمی باکگراوندی سیاسی و نەبوونی ئەو کاریزمایەی لەم دوو کەسایەتیەدا هەبوو وەکو بەقی سەر ئاو وون بوون نەیتوانی ئەو شۆڵە پە جۆشە ناسیونالیستیە بوستنی کڵەسەر زریای سەز و عاتیفە بە نەتەوە تەوژمی ئەدا.
ئێستا بینیمان هەنگاوە سەرتاکان چەن بناغەکەی هەکەندو دروست بوونی ئەو هەیکەلە سیاسی و ئیدارییە بەکە دەبەت، ئەمە لە کاتێکدا تەواوی هەزە سیاسیەکان لەوپەی جۆشدامانی فیکری و روئیای سیاسیدا بەرامبەر بەم پلانە مەترسیدارە مەحکومن بە ترسنەکی و دەستبردن بە ئەو ئاگرەی پەش هەر کەسەک خیان پریشکیان بەردەکەوە و دەسوتەن ،کەتایهاتنی زەمانی سیاسیان وەک دوا وەهام بە ئەم هەیە هادگیرنرەت.

لە یەکەم گوتاری کاک مەسعود سەرەکی پارتی دەرکەوت لە نەرمی نواندن بەرامبەر بە عەراق، هەروەها بەغداش زیاتر مووی شۆڤنی هەق بووە ،چی بە هەگەی دەستور چی بە پشتیوانی دەولی ناچەتە ژەر باری ئەم ئەنجامەوە چونکە تا ئەم ساتەش یەک پارچەیی خاکی ووەات خەتی سورە و بەزاندنی بۆیە. ئەم گرژیانە تا دەت تووندتر دەبەت و دەگاتە بن بەست ، بەدوای ئەمەدا پلان دووی بارزانی دەست پەدەکات لەگەڵ تورکیا و بە هاوکاری سعودیە هەکدەکەون جەرەک لە پشتیوانی دەولیش مسگەر دەکەن، ئەمجارە کورد بە سەرەمی شەکی نوە دەسپەرن گرژی و ئاەزی بەرەکی ناوچەکە دەگرەت ئەنجامەکەشی تورکیا بە هاوکاری بارزانی دەتەوە ناو خاکی ویلایەتی موسڵ وەک هەنانە دی خوونی لە مەژینە دەکرەتە بەشەک لە خیان ئەوکات هەوشونی دروست بوونی قوبرسەکی تر دەتە سەر ئەرزی واقع.
پەلە پەلی هەژئاوا و ساەح موسلم لە پشتیوانی ئەم پلانە دەبەتە نەنگیەکی سیاسی بە هەمان هەکاری هەزەکانی یەکەتی، گەان و ئیسلامیەکان یەخسری بە سەز و عاتیفەی قەومیبوون بەرەووی نوشست و پەشیمانیان دەکاتەوە. هەروەها لە چوارچەوەی وەنەکەدا ئامانجی سەرەکی تورکیا بە هووی دیار دەکەوەت ئەوش بەلەدانی پەکەکە لەسەر دەستی ژەندرمە و هاوسەزەکانی ئاکپارتی قەندیلی سەربەرز خوناوی دەکرەت،قینی چەندین سالەی نەژادپەرستان و شۆڤنیەتی تورک بە پەکی سەرکەوتن کەتایی دەت ، کوردستانیش بە حیکمەتی ئەم کەمە دەماستە دەسپەرین بەهەمان قەدری نادیار.
ئەوش گەلی هاوخون و ئازیز لە گەمەی ەیفراندەم دا وەکو چەن سوانی سوکانەکەی نەوت بە دەستی مامە وکاکە بە پشتیوانی کاکە

نەوەی ڕەحمەتی پشکی شەر بەر تورکیا کەوت ، نەهامەتی و نەگبەتی بە ئــەوە بڕا، دەبینین سبەی ڕۆژ ئــەو پەنجەیەی کە شینتان کرد بە بڕێی دەپاکیتان سبەی ڕۆژ دەبەت بیگەزن و بەدەنگی هەبژێرن.

هــــەڤـــــەن ... شـــیعری ئــارام ساڵح

1

(هەڤەن)

یەکەیەکە لوولت دان و
لەناو بوخچەی بەباکی دا شەتەکت دان
تازە ئیتر
چی لەو گوڵی هەستە گەچاوانەم بکەم
باخچەی دڵمت هەڤەن کرد

2

(سینگار)

بەردەوام هەر لە مەشق دام
ئای لە هەورازە ڕەی عەشقت چەند کە
وام لە سینگاری دڵت دا!
مردن یەکە و نابێ بە دوو...
هەر دەبێ بگەم بە لووتکە

3

(ئیمتیحان)

نە یەك وشە، نە یەك پیتم
بێ نەنووسرا
لە ئیمتیحانی عەشقی دا
وەرەقەی سپیم تەسلیم کرد

4

(دیلانە)

من
نێتەکانی ئاوازی دێ دەنووسمەوە

تۆ تۆکستی نەغمەی بولبول
دەی دەوەرە
با دیلانەی عەشق بڕۆین بە یەکەوە
5
(گەورەترین گۆڕستان)
لەو جەنگە درژخانەی ئەوینت دا
ملیۆنەها حەسرەتم بوون بە قوربانی…
گەورەترین گۆڕستانی شەهیدانە
ئەو نیشتمانەی دڵی من!
6
(کەشکەبژێر)
چش لە کەشکەبژێری تەمەن
چش لە مەرگی ناوادەی خۆم
کە من ئێستا باخەوانی
باخەهەواسراوەکانی
نێو داستانی ئەوینی تۆم
7
(شین)
لەسەر سیلەی کۆانەی (با)
لەبەردەم ماڵی (پایز) دا
بەدیار تەرمی پەپولەیەك
گوڵ… پرچی خۆی دەنیەوە.
8
(دەنگدانەوە)
لە ئەشکەوتی دڵدڵنگیتا
بەردەوام دەنگ دەداتەوە
ناڵەی دڵم

کۆبۆ فر… مەولود ئیبراهیم

حەسەن

پەشکە شە بە روحی بە فر بە ستووی کێوە کانی سە ر سنوور

بە فرێکی زۆر باریو
بە فرێکی ئە ستوور
پێ ی سە رما
بە ژێر بە ستنی
کێوە ر دابە زیو
***
دە ڵێن :-
ئە وبە هارە
پاش ئە وە ی
بە فر دە تویتە وە
کێوە ر سە وز دە بن
لە و شاخانە .

***
وەنە یە کی سێڤیم
لە نێو بە فرا گرت
کە سە یری وەنە کە م کرد
لە جێی بە فر
پشتە وە م ..هە مووی کێوە ربوون .
***
هە رچی شارە بە فرینە دە کە م
لە نێو بە فردا
دواجار
دە بێت بە پە یکە ری ..کێوە ر .
***
وێستم..
لە نیو بە فردا
پیاسە یە ک بکە م
هە رچی پیم هە ڵدەنا
خرچە خرچی شکانی
ئەسکی کەلبە ر بوو .
***
منداڵان..

تەپە ەک بە فرۆکیان تێگرتم
سەیرم کرد
بە فر نە بوو
مشتی بە ستووی
کەبە ریک بوو.
***
********** ٣/٢/٢٠١٧- هەولێر

داماوم ..
****
دڵ ەژن ..
ژە وی لێ بڕن دە چێ
داماوم ..
چێ لێ م (کوردستان)ێ بکە م
کێ هەشتا
نە بووە بە دە وەت .
***
دڵ ەژن ..
ژە وی لێ بڕن دە چێ
داماوم ..
چی لێ م (کورد) ێ بکە م
کێ هەشتا
ئازادی نە دیوە .
***
دڵ ەژن ..
ژە وی لێ بڕن دە چێ
داماوم ..
چی لێ م (کتێب) انێ بکە م
کێ هەشتا
نە مخوێندوونێ تە وە .
********** مە ولود ئیبراهیم حە سە ن ٣/٧/٢٠١٧ – هەولێر
•

هوما ..
********* بۆ برای شاعیر مامۆستا (لە تیف هە ڵمە ت)
شە بقێ کە ی هە ڵمە ت
باڵندە ی (هوما) یە

بۆ (سەر) گۆ نجینە ی
پێ لە شێعرە وە هە ڵنیشتووە
بە سەزە وە
بە بە ختە وە ر ئەمە دە خوێنە .
***
چاویلکە کە ی هە ڵمە ت
بینینە کانی ژیان
ووترو
جوانتر دە کات
بە چاوی ئەمە .
***
پێاوە کانی هە ڵمە ت
تەزی هە موو
شێشە کانی لێنیشتووە
بە دوای بە هە شتەکدا
دە گە ڕێ
دە رگا ..
بە ووی ئەمە دا بکاتە وە .

********** مە ولــود ئیــبراهیم حە ســە ن /هــه ولێــر – ٢٠١٥/٣/١

1ە
حە سرە تی کتێب ..

چە ند بە حە سرە تی ئە وەژە م
کە بتوانم ..
هە رچی زووە
جارێکی تر
هە موو ئە و کتێبانە
بخوێنمە وە
کە تا ئیستا خوێندوومنە تە وە .
***
زۆر بە پە لە م
هە رچی زووە
بتوانم ..
هە موو ئە و کتێبانە
بخوێنمە وە

کە پیشتر کەیومن و
تا ئیستا
نە مخۆندوو نە تە وە .
***
چە ند تامە زرۆم
هە رچی زووە
بتوانم ..
هە موو ئە و کتیبانە
بکۆم
کە پیویستە بیانکۆم و
تا ئیستا نە مکەیون .
***
زۆر بە پە لە چاوە ڕێی
ئە و ڕۆژە م
هە رچی زووە
هە موو ئە و کتێبانە
چاپ بکرین
کە پیویستە چاپ بکرین و
تا ئیستا
چاپ نە کراون .
***
زۆر بە ع شقە وە
بە هیوای
ئە و ڕۆژە م
ئە و نووسە ر لە دایک ببە
کە تا ئیستا
لە دایک نە بووە .
بە ئە وە ی
ئە و کتیبە بنووسە
کە تا ئیستا نە نووسراوە .
***
زۆر دە ترسم
بمرم و
پڕا نە گە م
ئە و کتێبە بکۆم و
بیخوێنمە وە
چە ند بە حە سرە تە وە

تا مې زړم
زړ دې ترسم .

********** – هه ولـیر